# دیدگای ئیسلام له ڕووبەڕوو بونەوەی

## ئایدز

»ژمارەی کتێب: (٥)
» نـــاوی کتـــێب: دیدگای ئیسلام لە ڕووبەڕوو بونەوەی ئایدز
»ئـــامـــــــادەکردنی: دکتـــۆر عبــــدالحمید
»وەرگێـــــــــڕانـــی : هدایەت حسین هەورامی
»نـەخشەسازی ناوڕۆك: ئـــارام عـوسمان
»نـــــۆبەی چـــاپ: چـــاپی یـەکەم ـ ٢٠١٨

»ئەم کتێبە ( ئەبەخشرێت و نافرۆشرێت )

پرۆژەی پاراستنی لاوان

Youth Protection Project


پێکەوە بۆ
پاراستنی لاوانی
کوردستان

ڕێکخراوی خاوێن بۆ پەرەپێدانی تەندروستی

X.O.H.D

منظمة خاوين للتطوير الصحى

بسم الله الرحمن الرحيم

# (دیدو بۆچونو (تێڕوانینی) ئیسلام له ڕوبەڕووبونەوەو بەرەنگاربونەوەی ئایدزدا)

مشروع وقاية الشباب من الأمراض
المنقولة جنسيا والإيدز
الدكتور عبد الحميد القضاة
B.Sc,M.Sc,M.Phil,Dp.Bact,Ph.D (U.K)
خبير الأمراض المنقولة جنسيا والإيدز
الاتحاد العالمي للجمعيات الطبية الإسلامية

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وكفى، والصلاة والسلام على نبيه الذي اصطفى ،الذي ارسله بالهدى ودين الحق رحمة للعالمين ، وعلى آله وصحبه اجمعين وبعد:

الحمد لله الذي اعطانا العلم والتجربة والخبرة لإخراج كتب مشروع وقاية الشباب الى حيز الوجود،لتكون في متناول يد الجميع، ولنحتسبها عند الله صدقة جارية، وزكاة لما افاض الله به علينا من علمه وفضله .

ونحمده ايضا على أن يسر لنا الاخ الفاضل هدايت حسين هه ورامي،احد المدربين المعتمدين في مشروع وقاية الشباب ليترجم لنا كتاب "الرؤية الأسلامية في مواجهة الأيدز" الى اللغة الكردية ،ليصبح في متناول يد اخواننا واخواتنا في البلاد الكردية، علّهم يستفيدوا منه ويبتعدوا عن ما حرّم الله تبارك وتعالى ،وليفوزوا بالصحة والعافية في الدنيا ثم رضا الله تبارك وتعالى في الأخرة.

شاكرين للأخ الفاضل هدايت حسين على جهوده الكريمة،ومعلنيين موافقتنا على طلبه وتبرعه السخي بجهده الكريم لصالح المشروع، لأن هذا الكتاب يُهدى ولايُباع. آملا من الله العلي العظيم أن يتقبل هذا العمل خالصا لوجهه الكريم

الدكتور عبدالحميد القضـاة

المدير التنفيذي لمشروع وقاية الشباب

الاتحاد العالمي للجمعيات الطبية الاسلامية

٢- ٨ – ٢٠١٧م

# پێشەكی

سوپاس و ستایش ی بێپایان بۆ خوای جیهانیان، دروستكەری بونـــــەوەرو زەوی و ئاسمانـــــەكان، ڕۆزی دەری گشـــــت گیانلەبەران،هیدایەت دەری مرۆڤەكان، درود و سەلات و سـەلامی بێ شومار بۆ سـەر گیـانی پـاكی پـەیامهێنی ئـەكرەم ، سـەروەرو سـەردارو پێشـەنگ و پێشـەوای مرۆڤایـەتی، درودو سـەڵاوات بـۆ سـەرگیانی هـاوەڵ و هـاوڕێ و یـارو یـاوەرانی خـاو و خێزانـی تـا ڕۆژی دوایی.

هەمیشـــە ستایشـــی خواوەنـــدی خۆشەویســـتم ئەكـــەم ،كـــە ئەمجارەش دەرفەتی دام و تەوفیقی داین بۆ وەرگێڕانی كتێبێكی تـــری بـــەڕێز(دكتۆر/عبدالحمیـــد القضـــاة) خـــوا لـــەش ســـاغ و تەندروســـتی بكات،بەناونیشـــانی(الرؤیـــة الاســـلامیة في مواجهـــة الایدز) كەلای ئێمـە زنجیرەی ژمارە(٥)ی وەرگرتـوە، لـەم كتێبـەدا بـەڕێز(دكتۆر/عبدالحمیـد القضـاة)كـە یـەكێك بـوە لـە ئەنـدامانی لیژنە باڵای (ئەمینـداریێتی گشـتی ئەنجومـەنی ئیسلامی جیهـانی بـــۆ بانگـــەواز و فریاكەوتن(نوســـینگەی ڕێكخســـتن لـــە مصـــر) و دەســـتەی دامەزرێنـــەری ئەنجومـــەن)، بەدرێـــژی بـــاس لـــە بڕگـــەو بابەتـــەكانی كـــۆنگرەی بـــۆ گواســـتوینەتەوە و لـــە دوو تـــوێی نامێلكەیـەكی نـاوازەدا دایڕشتوە، ئێمـەش بـە باشمـان زانـی ئـەم نامێلكەیـــە وەرگێڕینـــە ســـەر زمـــانی شـــیرینی كـــوردی تـــاوەكو

خزمـەتێك بـە هاونیشـتمانیانی کـورد زبـانم بکـەم ، کتێبخانـەی کوردیش بەم جۆرە باس و بابەتانە دەوڵەمەند تر بکرێت.

هدایت حسێن هەورامی

سلێمانی

٢٠ /٨/ ٢٠١٧

## (بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان)

### (دەسپێك)

سوپاس‌و ستایش بۆ خوای پەروەردگارو درودو سەلات‌و سەلام لەسەر پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست بێت.

کۆمەڵێك لە زانایانی چاکەخوازو خاوەن پسپۆڕ لە زانستی شەرعی‌و پزیشکی، بینییان کە بڵاوکراوەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر سادەو ساکار بوو لە چارەسەری پینەو پەڕۆ بوون، قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِن جُوعٍ ۝٧ ﴾ الغاشية: ٧ (نە ئەوەیە گۆشتی پێ بگرن‌و پێی قەڵەو ببن، نە ئەوەشە پێی تێر ببن) بۆ لەناوبردن‌و نەهێشتنی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدز، لەگەڵ ئەوەش‌و سەرەڕای ئەو هەموو هاندەرو هەوڵ‌و تێکۆشانە ئەو هەموو ماڵ‌و پارەو پولە زۆرو زەبەندە کە لێرەو لەوێ خەرج ئەکرێ، کەچی نەخۆشیەکەش هەتا دێت لە زیادبون دایەو زیاد ئەکات‌و، ناوچەیتری نوێ ڕائەماڵێت لەجیهاندا بێ ئەوەی ئاوڕ بدرێتەوە لە ئامانج‌و مەبەستی دەستەو کۆمەڵێکی کاراو چالاك لە کۆمەڵگا کە ئەو کۆمەڵەش لاوانن!!.

ئەگەر سەر ژمێری نەخۆشیە تایبەتەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکامان زانی ئەوا سودی لێ وەرئەگرین چونکە لە (٥٨٪)ی توشبوان هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ (سێکسی نامۆو ناباوو نادروست‌و ناوازە) لە (٢٥٪)ی هۆکارەکەی مادە هۆشبەرەکانەو،

(٨٪)ی بـەهۆی زینـاو داوێـن پیسـی و بەدڕەوشـتی و لـە (١٪)ی تەنها بەهۆی گواستنەوەی خوێنـەوە روئـەدات، واتـە لـە (٩١٪)ی لە توشبوان بەهۆی ئەنجامدانی هەڵەکانـەوە کە لـە هـەموو کتێبـە ئاسمانیەکانـــدا یاســـاغو قەدەغـــە کـــراوە، هـــەمان ژمـــارە لـــە ســـەرژمێریەکانی ئایـــدزدا تایبـــەت بـــە وڵاتـــە یـــەکگرتوەکان (بەریتانیا)، ئەگەر ئەم راستیەمان زانی ئەوا چارەسەر زۆر رونە بـۆ هـــەموو مرۆڤێـــك، تیشـــكی خـــۆریش بـــە بێـــژنگ نـــاگیرێ.

شـەرەفێکی گـەورە بـوو بـۆ کەسـایەتی مـن (د/عبدالحمیـد) و بـۆ (یەکێتی جیهـانی کۆمەڵـەی پزیشـکانی ئیسـلامی) کە بەشـداری بکەمو بەشدار بم لە دانانی ئەم بۆچونو دیدو تێڕوانینە (دیدو تێڕوانینـــی ئیســـلام لـــە روبەڕووبونـــەوەو بەرەنگاربونـــەوەی ئایـدزدا)، ئـەوا ئێمـە دامـان نـاو خسـتمانە بـەر دەسـتان تـاوەکو سودی لیٚ ببیـنن لـە هۆشـیارکردنەوەو رۆشـنبیرکردنی خـەڵکانو کەسـانی تـر، پێویسـتە لەسـەرمان هـەموومان بەشـدار بین لـە دور خســـتنەوەی شـــەڕو خراپـــەی ئـــەم دەردو پەتایـــە لـــە لاوانو گـــەنجانمان، بەتایبـــەتی جگەرگۆشـــەکانمان، هـــیچ چـــارەو چارەسەرێك نیە مەگەر بە حوکمو شەرع نەبێت کە لە بنچینەو بنەڕەتتدا بۆ خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی و پاراستنو پارێزگاری مرۆڤایەتی هاتوەو ئەوەی بەسودو بە کەڵکە ئەوەی بۆ داناونو ئەوەشـی لێـی دورخسـتونەتەوە کـە زیـانو زەرەری هەیـە بۆیـان، قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾ ﴾ الملك: ١٤

خـواى پـەروەردگار زاڵـە بەسـەر كاروبـارو فەرمانـەكانى خۆيـدا بەڵام زۆربەى زۆرى خەڵك بەمە نازانن.

دكتۆر عبدالحميد القضاة

پسپۆرو شارەزاى نەخۆشيە گوازراوە سێكسيەكانو ئايدز

يەكێتى جيهانى كۆمەڵەى پزيشكانى ئيسلامى

## (سەرەتا)

سوپاس‌و ستایش بۆ خوای گەورەو مهرەبان کەوا لەئاینەکەیدا ڕێك‌و پێکیەکی لە ڕەفتارو ڕەوشتی مرۆڤایەتی مەردو ژیر بۆ ڕەوا بینیوەو بۆی داناوین‌و دیاری کردوە، هەروەها درودو سەلات‌و سەلام لەسەر کەسێك کە بناغەدانەری ئاشتی‌و سەلامەتی شەرەف‌و پاکداوێنی‌و پەیڕەو پرۆگرامی تێرو تەسەلە، گەورەو خۆشەویستمان (محمد کوڕی عبدالله) باشترین دروستکراوی خوا پەروەردگار. هەروەها سەلات‌و سەلام بۆ سەر یارو یاوەرانی بانگخوازو ڕێنمویی‌و ڕێ پیشاندەرانی، هەروەها ئەوانەش کە ڕێگەی ئەوان ئەگرنە بەرو شوێنکەوتوانی ئەون تا ڕۆژی دوایی‌و بە یەك گەیشتنەوەمان، ئەگەینەوە بەخوای مەزن‌و دلۆڤان.

بینا لەسەر داواو داواکاری ئەمینداریەتی گشتی (ئەنجومەنی ئیسلامی جیهانی بۆ بانگەوازو فریاکەوتن) (نوسینگەی ڕێکخستن لە قاهیرە)و، دەستەی دامەزرێنەری ئەنجومەن لە کۆبونەوەو دانیشتنەکانی کۆتایدا لە عەممان لە دەستەی زانایانی کۆمەڵەی شەرعی بۆ هاریکاری‌و هاوکاری کارگەرانی کتاب‌و سوننەی موحەمەدی لە میسر بە ئیعتباری ئەوەی کە ئەندامێکی دیارو دەرکەوتوی ئەم ئەنجومەنەیە.

کە دەرکردن‌و دەرچواندنی دیدو بۆچونی ئیسلامی متمانەو باوەڕپێکراو بگرێتە ئەستۆو کە پەیوەست بێت بە سەرچاوە

بنچـــینەیی و بنەڕەتیـــە ئیمانیەکـــەی و دەقـــە یاســـاییی و شەرعیەکانیەوەو، بە هاوکاری لەگەڵ (لیژنەی ئیسلامی جیهانی ژن و منـــداڵ) و (ئەنجومـــەنی ئیســـلامی جیهـــانی بانگـــەوازو فریاکەوتن).

لەپێناو گەیشتن بەم ئەرك و کارە گرنگ و هەنوکەییە، کۆبونەوەو دانیشـتنی کـاراو کـردە بەسـتراو سـازدراو لـە ریزیانـدا گـەورە شـارەزایان و هۆشمەنـدان لـەم بـوارو کاروفەرمانـەدا وەك یـەکێتی جیهـانی کۆمەڵـەی پزیشـکانی ئیسـلامی و هەنـدێ ئەنـدامی کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئیسلامی و، ئەنـدامانی لیژنـەی ئیسـلامی جیهانی ژن و منـاڵ بە تایبـەتی پسـپۆڕو شـارەزاکانیان لـە بـواری پـەروەردەو یاسـاو، یـەکێتی زانکۆ ئیسلامیەکان (کـە لـە کۆتـایی لاپەڕەکەدا ناوەکانیان ئەهێنین و بەیان ئەکەین).

دوا بـە دوای ئـەوە دەسـتە هەسـتا بـەدەرکردنی ئـەم بەیاننامـە ئاشکراو رونەی بەرنامـەو مەنهـەجی ئیسـلامە لـە روبەڕوبونـەوەی پەتاو دەردی نەخۆشی ئایدز، لـە بەرامبـەر فەلسـەفەو سیاسـەتی نەتـەوە یـەکگرتوەکان لــەم روبەڕوبونەوەیــەدا، وەك یــەکێك لــە گۆڕپانــە گرنگــەکانی ململانێــی نێــوان شـێوازە ژیـانی و ژیاریــە جۆراوجۆرەکانـداو، تێـڕوانین و سـەرنج و بۆچـونەکانی خۆرئـاوا سەبارەت بە ئازادی و سەربەستی لـە رێگـەکانی خۆڕزگارکردن و خاڵیکردنـەوەی هـەواو ئـارەزووەوە دور لـە یاسـاو رێسـا ئـاینی و بـەهاو رەوشـتەوە، کـە بەمـە خزمـەت ئـەکات بـە مەبەسـتەکانی

پرۆتوکۆلاتی زایۆنی کە لە بارەیەوە هاتوەو ئەڵێ (ئەبێ کار بکەین بۆ لەناوبردنی رەوشت بەها باڵاکان لە هەموو شوێنێکدا بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانین دەستی بەسەردا بگرین، فرۆید لە ئێمەیەو بە بەردەوامی پەیوەندییە سێکسییەکان نمایش ئەکرێت لە ژێر روناکی خوردا، بۆئەوەی لە دیدگای لاواندا هیچ شتێکی پیرۆز نەمێنێتەوە، تا گەورەترین خەمی ببێتە تێرکردنی رەمەکە سێکسییەکانی (الغریزە الجنسیە) ئیتر بەهاو رەوشتەکانی هەرەس دێنێت، هەروەها لیژنەی ئیسلامی جیهانی بۆ ژن‌و منداڵ زۆربەی زانیاریە باوەڕپێکراوەکانی پێ ڕاگەیاندین لەو بارەیەوە.

هەرچی بەیاننامەو رونکردنەوە هەیە لە ئاینی ئیسلام لە بەهاو رەوشت‌و بیروبڕواو یاساو شەریعەت، بەڵگەن لەسەر سەربەخۆیی‌و بەرزی‌و شکۆیەتیەکەی کە پێویستی مرۆڤایەتی بۆی‌و بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کەوا شانازی ئەکات بە شارستانیەتێکی ماددی بەهێز بەبێ ئەوەی بپرسێتەوەو بکۆڵێتەوە لە راستێتی ئەگەرچی لەگەڵ لاوازەکانیشدا بێت، کە بەڕاستی دەستەی زانایان ئەم لایەن‌و بوارەیان گرتۆتە ئەستۆ بە تەواوەتی، لەگەڵ فێرکردن‌و پەروەردەکردنی خووڕەوشتی جوان ئەوەی کە لە لایەنی یەکەمدا هاتووە.

خوای پەروەردگار مرۆڤایەتی موەفەق‌و سەرکەوتوو بکات تاوەکو بکەوێتە ژێر سایەو سێبەری هیدایەت‌و رێنمویی،

کەخوای بەندەکان نیگای پێکردوە بۆ پێغەبەرانی شکۆدارو سەربەرز، تەنها ئەوە پشتو پەناو سەرخەر، زاڵو بەتوانایە بەسەر هەمووشتێکدا.

**سەرۆکی دەستەی زانیانو سەرۆکی گشتی**

**کۆمەڵەی شەرعی لە کۆماری میسری عەرەبی**

**مامۆستای خوێندنە باڵاکان لە زانکۆی ئەزهەر**

**مامۆستا دکتۆر**

**محمد المختار محمد المهدی**

# پێشەکی

سوربون لەسەر دەرخستنی ئەوەی لە بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان هەیە سەبارەت بە روبەڕووبونەوەی ئەم نەخۆشیە ئەوەیش بڵاوبونەوەی ئەم بەرنامەیە ئەیگرێتەوە، لە باتی ئەوەی کە روبەڕووبونەوەکەی بە بەڵگەی زانستی بێت، دوابەدوای ئەوەش لەناوبردنو زاڵبون بەسەر ڕەوشتو بەهای گەلو نەتەوەی موسڵمان، پەلکێشکردنی بۆ لای سیستەمی شارستانیەتی خۆرئاوا بەهەموو ئەوشتانەی کە تێیدایەتی لە بەدڕەوشتیو داوێن پیسیو ئاژاوەو شێواوی بەدخوییو بێڕەوشتی،

ئەوە ئەهێنێت کە وریاییو (ئاگایی/ هۆشداری) بە خەرج بدرێت لە تەرح کردنو پیشانداناو خستنە ڕوی ئەم بەرنامانە لە کۆنگرە جیهانیەکاندا کە نەتەوەیەکگرتوەکان دەیانگرێتەخۆو تەبەنییان ئەکاتو بە بیانووی ناڕازییە بەوەی کە ئەو دەوڵەتانەی کە واژۆیان لەسەر بەڵگەنامەکەیان کردوەو پەیوەستن بە جێبەجێ کردنی بەرنامەکەیان، هەوڵ ئەدەن ئەم بەرنامانە بخەنە بزوتنەوەی رێکخراوە جیهانیەکان لەبەر ئەوەی لە مافەکانی مرۆڤە.

لەگەڵ ئەوەی کە لە گرنگترین رێبازو رێساکانی رێکخراوە، رێزگرتنە لە تایبەتمەندی گەلانو بیرو باوەڕو رێکخستنی کۆمەڵایەتیان.

لەبەر ئەوە پێشکەشکردنی دیدو بۆچون‌و دیدگای باوو بەربلاو لەم کۆنگرانەدا گرنگ‌و کاریگەر بوو لامان، پاشان پرۆگرامی ئیسلام بەدوایدا دێت لە خۆپاراستنی راستینەیی لەم نەخۆشیەو نمونەی ئەو نەخۆشیانەی تر، لە رێکخستنی ژیانی خێزانی‌و کۆمەڵگا لەسەر پرۆگرامی خوای دروستکەرو بەدیهێنەرو زاناو کە زامنی ئاسودەیی‌و خۆشبەختی‌و ئاسایش‌و دامەزراویە.

## هۆکارو ئامرازەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەگژا چونەوەو روبەروبونەوەی نەخۆشی ئایدزدا

### هۆکاری یەکەم:

سەپاندنی پرۆگرامەکانی (رۆشنبیری) رۆشنبیرکردنی سێکسی لە خوێندنگاکان.

پێناسەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ رۆشنبیری سێکسی بریتیە لە:/ نەتەوە یەکگرتوەکان رۆشنبیری سێکسی بەوە پێناسە ئەکات کەوا بریتیە لە: بوون‌و بەدەستخستن‌و ئامادەکردن‌و پەیداکردنی زانیاری تەواو ورد لەبارەی رەوشتی سێکسی پۆزەتیڤ‌و ئەرێنی‌و بێترس‌و بەرپرسیار[1]،یەك لەوانە

[1] پێناسەی سێکسی سەلامەت‌و دڵنیا: بریتیە لە بەکارهێنانی هەموو هۆکارەکان لەکاتی ئەنجامدانی کاری سێکسیدا بۆ رێگری کردن لە سکبون‌و سکپڕی‌و رێگە گرتن لە توشبون بە نەخۆشیە سێکسیەکان، بەلاّم هەرچی سێکسی بەرپرسیارێتی: بریتیە لە بەکارهێنانی حەزی خۆبەخشی بۆ ئەم هۆکارانە بەرێکەوتن لەگەڵ کەسی تر(بەرامبەر)، هەروەها لە رابەری مەشق‌و راهێنان ی هەرزەکاراندا هاتووە)، کەلەلایەن یەکێتی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی خاچی سورو مانگی سور) –عمان–

بەکارهێنانی (حەزی، هەوەسی) هۆکارەکانی پاراستنی نێرینەی گونجاوو کاریگەر بۆ بە دەستهێنانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی ئایدن))[٢].

لە بەشێك لە بەرنامەی فێربونی سێکس (Education sex) رۆشنبیری سێکسی) لە یەکێ لەخوێندگە ئامادەییەکانی بریتانیا، کە ئەم بەرنامەیە هەیە لە کتێبخانەکانی بریتانیادا بە ناونیشانی: بۆچی (اللواط/ هاوڕەگەزبازی) لە خوێندنگە ئامادەییەکان..؟

(هەر ئەبێت گەشە بدرێت بە سیاسەتی خوێندنگاو قوتابخانە لە فێرکردنی سێکسدا، هەروەها قسە لەسەرکردنو تاوتوێو گفتوگۆ لەبارەی (سێکسی جیاوازو نایەکسان (Heterosexuality)و ئەنجامدانی کاری ئاوهێنانەوە بەدەست چ کەسەکە بۆ خوی ئەنجامی بدات یا بۆ خەڵکانی تریش بێتو، پەراوێزخستنی سسێکسی ناوازەییو ناباو نامۆ (Homosexuality) ئەنجامدرا.

هەروەها لەسەر بەرنامەی فێرکردنی سێکسی پێویستە کەوا پشتگیریو یارمەتیو هاوکاری ئەوکەسانە بکات لە دیاری کردنی پێناسەی رەگەز تاوەکو بتوانن هەست بە بەهێزی خۆیان

---

الاتحاد ٢٠٠١ لاپەڕە ١١٢، بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر بەدورو درێژی لەسەر سێکسی سەلامەت، ئەوا سەیری بەشی یەکەم بکە: چۆن خۆت ئەپارێزی لە توشبون بە (HIV)؟

[٢] بەڵگەنامەی پەکین ١٩٩٥، بەندی ١٠٨ بڕگەی (ل).

بکەن کاتێ قیزەون و قێزیان لێ ئەکرێت و بە ناوازەو نامۆو ناباو ناو ئەبرێن، بەجۆرێك کە ناچار نەکرێن بۆ هەڵسوکەوت کردن و گرنگیدان بە ڕەگەزی تر بۆ گۆڕین و سڕینەوەو نەهێشتنی یان شاردنەوەی لە خەڵکان و کەسانی تر، بەڵکو یارمەتیدانیان لەسەر بەرهەڵستی و بەرگری (ترسی سێکسی ناوازەیی و نامۆو ناباو) ئەوەش کە ئەبێتە هۆی دروستکردنی ئەو ترسە بریتین:

لە چوار هۆکار:

١- رانەگەیاندنی هیچ ئەزمون و هەست و سۆزێکی ناوازەو نامۆ. (ئاگاداری و هۆشیاری نەدان لە سەر هیچ ئەزمون و هەست و سۆزێکی ناوازەو نامۆ).

٢- دروستکردنی سەرنج و بۆچونی نەرێنی لە جۆرەکانی رەوشتی سێکسی وەك سێکسی دەم یان سێکسی کۆم.

٣- پەیوەست بون و خۆنوساندن بە بیرو باوەڕە ئاینیە وشکەکانەوە کە سێکس و سێکسی ناسروشت و نامۆو ناباو رەد ئەکەنەوەو نایانەوێ.

٤- نەمان و لەدەستدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ مرۆڤە ڕیزپەڕو نائاسایی و نامۆو ناسروشتییەکان لە هەردوو رەگەز.

وە ئەم ترس و بیمەش وای کردوە کەوا خوێندگاکان شوێنی سەلامەت و ئەمین نەبن بۆ مرۆڤە ڕیزپەڕو نا ئاسایی و نامۆو نا سروشتیەکان لە هەردوو رەگەز. بەڵام ئەگەر یارمەتی ئەوانەماندا کەوا هەستن بەوەی کە پێی ئەوترێ کرداری (دەرچون/ لادان)

واته پۆلێن کردنی خود (خۆ) وەك ناوازەو نائاسایی لە هەردوو ڕەگەز، وە ئەم هەواڵەش بگات بەوانی ترو کەسانو خەڵکانی تر بەسود دەبێت.

لێرەدا سێ (٣) بابەتی سەرەکی پەیوەندیان هەیە بە کرداری (دەرچون/ لادان) کە پێویستە لەسەر خوێندنگاکان کەوا زانیارییان هەبێت لەسەری:

١- (دەرچون/ لادان) پێویستەو ئەزمونێکی ئەرێنیو پۆزەتیڤە بۆ زۆربەی زۆری منالانو بچوکەکان ئەوانەی کە نائاساییو ناسروشتین لە هەردوو ڕەگەز هەر لە سەرەتای لاوێتیاندا.

٢- زۆربەی زۆری شازەکان لە کاردانەوەی نەرێنی ئەترسن.

٣- پشتگیریو بیمەی سەلامەتی دووشتی پێویستو گرنگن بۆ (دەرچون/ لادان) منالانو بچوك.

دەستە بەرکردنو دڵنیایی ئەم گەیشتنە بە قۆناغی کۆتایی لە کرداری ((دەرچون/ لادان) کە بە واتای کرانەوە دێت وەك کەسێکی ناسروشتو ناوازە لە هەردوو ڕەگەز. منالو بچوکەکان هەست ئەکەن کە سێکسی ناباو ڕێگەیەکی ڕێگەپێدراوە بۆ ژیان، هەروەها زیاتر ڕۆئەچن لە ئەزمونی ئەنجامدانی خۆشەویستی، لەگەل هەست کردن بە متمانە بەخۆ بون بە توانایی لەسەر بەرگری هەستکردن بە لەکەداریو نەنگی وشورەیی، بەڵکو بە فەخرو شانازیەوە خۆی بە یەکێك لە ڕەوشت ناوازەو نامۆ دائەنێتو خۆی بەهێزێکی گەورە لەقەڵەم ئەدا لە ڕوبەڕوو

بونـەوەی لەکـەداریو نـەنگی وشـورەیی کـە پەیوەنـدی هەیـە بـە هاوڕەگەزبازو هاوشێوەکانیاندا دێتو دژ بەوان ئەبێتەوە. ئەبنە پێشەنگو رابەرێکی ئەرێنیو پۆزەتیڤ بۆ خەڵكو کەسانی تر کە کەمتر توانای خۆدەرخستنو دەرکەوتنیان هەیە وەك سێکسناباوێك.

## بەرنامەی رۆشنبیرکردنی سێکسی لە وڵاتی تەنزانیا[3]

## قۆناغەکانی تەمەنی (٦-١٣)

ئەمە یەکێکە لە بەرنامە رۆشنبیریە سێکسیەکانی خوێندنگاکان کە جێبەجێ ئەکرێت بەسەر خوێنکاری خوێندنگاکان لە تەنزانیا لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) زاینی، دوای ئەوەی لە پایتەختی (دار السلام) تاقی کرایەوەو داواکاری زۆر بوو ئەوانیش هەستان بە بڵاوکردنەو گشتاندی بەرنامەکە بەسەر هەموو ناوچەکانی تر:

## یەکەم: بۆ خوێندکاران

## أ- قۆناغەکانی تەمەنی (٦-٩) ساڵان:

**ئامانج (مەبەست):**

پێناسەی کۆئەندامی زاوزێی نێرو مێو کارو فەرمانی هەر ئەندامێك نێرو مێ، باسکردنی گۆڕانکاریە جیاوازەکانی جەستەو نەخۆشیەکانی کۆئەندامی زاوزێ بە تایبەتی ئایدز.

---

[3] هەر هەمان بەرنامە پیادە کرایەوە بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقیا لەلایەن یەکێتی نێودەوڵەتی کۆمەڵگەی خاچی سورو مانگی سور بەناونیشانی: (کارکردن لەگەڵ لاوانو گەنجاندا..ڕابەری مەشقو راهێنانی لاوان))، لە لایەن کتێبخانەی نیشتیمانو ە ژمارەی(١١٠١/٦/٢٠٠٤) پێ سپێررا. عمان/ الاتحاد ٢٠٠١.

**ڕێگەی وانە وتنەوە:**

*مامۆستا وێنەی ئەندامەکانی زاوزێی کوڕو کچ پیشان ئەدات بە بەر چاوی منداڵەکانو لە بەردەمیاندا پیشانیان ئەدات، دواتر پرسیاریان لێ ئەکات کە چییان بینیوەو بۆیان باس بکاتەوەو دواتر داوا ئەکات لە کوڕێك یان کچێك کە خۆی روت بکاتەوەو جلەکانی ژێرەوەی داکەنێت بەدیار چاوی هەموو خوێندکارەکانەوە.

* کاری تیم (کارکردن بەتیم)، کارکردن لەسەر ئیشەکانی کۆئەندامی زاوزێو، ئەو گۆڕانکاریانەی کە دێنە ڕێگەو توشی ئەندامی زاوزێ ئەبنو چۆنیەتی چاودێریو بایەخو گرنگی دان بە تەندروستی جەستە.

## ب- قۆناغەکانی تەمەنی (١٠-١٢) ساڵان:

**ئامانج:**

چاودێریو گرنگیدان بە جەستە، فێرکردنی پێشوەختەی پەیوەندیە سێکسیەکان.

**ڕێگەی وانە وتنەوە:**

* مامۆستایەکی (ژن) فەرمان ئەکات بە خوێندکارەکان بە داخستن (نوقان)ی چاویانو بیرکردنەوە لە ئەندامەکانی زاوزێی پیاوو ژن.

* مامۆستایەکی (ژن) فەرمان ئەکات بە خوێندکارێك کە وێنەی ئەندامی زاوزێی پیاو بکێشێت، خوێندکارێکی تریش وێنەی

ئەندامی زاوزێی ژنێك بكێشێت، لەگەڵ جیاكردنەوەی بەشەكانی ئەندامەكە لەسەر وێنەكە.

* رونكردنەوەو قسە لەسەركردنو تانە دان لەسەر وێنەكان (ئەندامەكانی زاوزێی پیاوو ژن)و، وەسف كردنی ئەندامەكانی زاوزێی پیاوو ژن،

دانانی وێنەكان بۆ بەراورد كردنیان بۆمناڵە (خوێندكارە) بچوكەكان لە هەردوو رەگەز، كوڕانو كچانی باڵق بوو، دواتر خوێندكارەكان پرسیاریان ئەكرد لە پێكهاتەو دروست بوونی هەر یەك لەو وێنانە (ئەندامەكانی زاوزێی پیاوو ژن).

* لەسەر مامۆستاكە پێویست كراوە كە باسی ماناو واتای پەیوەندی خۆشەویستی سێكسی پێش وەختەو سەرەتاو پێشەكیەكانی بكرێت بۆ خوێندكارەكانیو باسی دەرەنجامو بەرهەمو ئاكامەكانیش بكرێت وەك سك پڕبونو دوگیانیو گواستنەوەی نەخۆشیە زایەندیو (زاوزێیەكان)و چۆنیەتی دوركەوتنەوە لێیان، لەگەڵ باسكردنی ماناو واتای و (دووگیانبوونی كچانی كەم تەمەن (نابالغ) نەخۆشیە سێكسیەكان بە تایبەتی ئایدز.

ئەمەش لەم رێگایانەوە ئەنجام ئەدرێت (تەواو ئەبێت):

* مامۆستایەكی (ژن) گفتوگۆو وتوویژ ساز ئەدات لەبارەی ئەو شتانەی كە ئەبنە هۆی وروژاندنی لایەنی سێكسی منالأنو، چۆن(فریودان) سێكسی تەواو ئەبێتو دێتە ئەنجام.

* سازدانی وتووێژی کراوه سەبارەت بە چۆنیەتی دورکەوتنەوه لە سکپڕی (دوگیانی) پێش وەختە، هەروەها سازدانی وتووێژی کراوه لە بارەی ئایدزو باسکردنی نیشانەکانی، لەگەڵ ئامۆژگاری کردنی خوێندکارەکان لە کاتی دەرکەوتنی یەکێك لە نیشانەکان پێویستە لەسەریان کە ئەم دوو کارە بکەن:
* بەزوترین کات بچێت (بڕوات) سەردانی نزیکترین نەخۆشخانە بکات.
* بە راستگۆیانە دەرکەوتنی ئەم نیشانانە لای شەریكو هاوڕێ پەیوەندیە سێکسیەکەی باس بکاتو پێی بڵێت.

**<u>دووەم: بۆ مامۆستایان (وەرشەیەك) شوێنێك، دەزگایێك بۆ فێرکردنی مامۆستایانو چۆنیەتی وتنەوەی پرۆگرامەکە.</u>**

**<u>ئامانج:</u>**

پێناسەو باسکردنی کارو ئیشەکانی کۆئەندامی زاوزێی پیاوو ژن، زانینی گرنگی رۆشنبیری سێکسی فێرکردنی تەندروستی وەچە خستنەوە بۆ منالاَن.

**<u>رێگەی وانە وتنەوە:</u>**

**کۆبونەوە (دانیشتن)ی یەکەم:**

- پرسیاری مامۆستایان لەبارەی ناوەڕۆکی ئەو پرسیارانەی کە ئەیکەن لە منالاَن لە بارەی کۆئەندامی زاوزێوە؟ ئایا توانای وەلاَم دانەوەیان هەیە.

- دابەشـــكردنی (منـــالأن/ خوێنـــدكاران) بـــە چـــەند گـــروپ‌و كۆمەڵـەوە، داوا ئـەكرێت لـە هـەر كۆمـەڵ‌و گروپێـك كـە وێنـەی دەرەوەو ناوەوەی كۆئەندامی زاوزێی پیاوو ژن بكێشن، تاوەكو دڵنیابن لە گەیشتنی زانیاریەكان بە خوێندكارەكان‌و،پرسیاریان لێ ئەكرێت: ئایا ئەم كارە (باس‌و بابەتە) وا ئەزانن كە باش‌و گرنگ بێت بۆ منالأن تاوەكو وەریگرن لە تەمەنی پێش وەختدا.؟

**كۆبونەوە (دانیشتن)ی دووەم:**

(لـە بـارەی گواسـتنەوەی ئایـدزو سێكسـی سـەلامەت‌و دڵنیـا‌و سێكسی ناسەلامەت‌و نادڵنیا):

- هـــەموو مامۆســـتایەك باســـی خووڕەوشـــتێكی سێكســـی سـەلامەت‌و دڵنیـا‌و سێكسـی ناسـەلامەت‌و نادڵنیـا بكـات‌و دواتـر خووڕەوشـتە سێكسـەكان پـۆلێن بكـرێن‌و هـەموو رەوشـتەكان دابنرێن هەر یەكەو لەژێر (سەلامەت‌و ناسەلامەت)دا.

- راهێنـان‌و مەشـق لەسـەر چـۆنیەتی بـەكار هێنـانی نەگەیـەنی پزیشكی (كۆندۆم) بە كرداری.

## كۆبونەوە (دانیشتن)ی سێهەم:

- مامۆستا چۆن باسی ئیمكانیـەتی گفتوگۆ بۆ خوێنـدكارەكانی دەكـات لەگـەڵ شـەریك‌و هاوڕێكەیـدا لـە بـارەی بـەكارهێنانی (نەگەیەن/كۆندۆم)وە؟

**- پرسیار ئەكرێت لە مامۆستایان لە بارەی دانانی پەیوەندی سێكسی وەك گریمانەو نمونەیەك لە نێوان دوو لە خوێندكارەكانو، چۆنیەتی رەفتاركردن؟**

**دوای كەمێكی تر ئەزانینو ئاگادار ئەبین لە زاراوەكان :**

**سێكسی سەلامەت، نەگەیەنی پزیشكی، شەریك (بەشدار/ هاورێ)، تەندروستی وەچە خستنەوە، رۆشنبیری سێكسی، تێروانینو دیدو بۆچونی رۆژئاوا بۆ ئازادی سێكسی، كە ئەمەش هۆكارێكە بۆ زیاتر بڵاوبونەوەی نەخۆشی نەك چارەسەرو زاڵبون بەسەر نەخۆشیەكان.**

**هەروەها (د.فیكتور بلیر) بەرێوەبەری نوسینگەی یونسكۆی هەرێمی لە بەیروت دوپاتی دەكاتەوە كە رێگە دەدرێت بە بەرنامەكانی پەیوەست بە ئایدزو نەخۆشیە گوازراوە سێكسیەكانو هەلو فرسەت بۆ دەربرینو گفتوگۆو وتووێژكردنی بابەتیتر كە لاوانو گەنجان زۆر قسەیان لەسەر نەكردوە. وەك: سێكسو ژیانی سێكسی، ناكۆكی نێوان ئارەزوە كڵپە وبڵێسەییەكان و دابو نەریتە كۆمەلاّیەتیەكانو، ئارەزوی ئەنجامدانو كردنی خورەوشتی ترسناكو مەترسیدار.**

**ئا ئەمەیە رۆشنبیری سێكسی ئەیانەوێو مەبەستیانە بڵاوی بكەنەوە، جەخت ئەكەنەوە لەسەر هەوڵێ كەمكردنەوەی قەبارەی كێشەو گرفتەكان كە بەهۆی ئازادی رەهای سێكسیەوە پەیدائەبنو دێنە ئاراوە، لە رێگەی تەرخانكردن و بە**

چنگخستنی زانیاری سێکسی هەرزەو هەرزەکاران، لەگەڵ زیادو زۆر کردنی ئەو هۆکارانەی کەمتر ئەبنەهۆی نەخۆشی، یان سکبونو دوگیانی نەویستراو، یان حەتا خۆ رزگارکردن لێی، هەروەها تەندروستی وەچە خستنەوەو سێکسی کە دائەنرێت بە یەکێك لە گرنگترین بەڵگەنامەی نێو دەوڵەتی، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، ئەوەش دەروازەی سەرەکیە بۆ تەکنیك (هونەر)ی ئازادی یان ئاژاوەو بێسەرو بەری سێکسی، بڵاوکردنەوەی کەلتورو رۆشنبیری گەلو نەتەوەی تر، هاوکات لەگەڵ هاوردە کردنی هۆکارەکانی رێگری سك بونو دووگیانی بۆ وڵاتە تازە پێگیشتووەکان، بەڵکو گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا بۆئەم وڵاتانە تاوەکو بتوانن هۆکارەکانی رێگری سك بونو دووگیانی جۆری باشو کوالیتی بەرز بەرهەم بهێننو بۆ ناوخۆی خۆیان.

## (تعقیب)و بەدواداچوون لە سەر ئەوەی پێشوو:

ئاراستە بەرەو فێرکردنی منداڵانی بچوكو هەرزەکارانو سروشتی پەیوەندی سێکسیو بەکارهێنانی هۆکاری رێگری قەدەغەکردنی سك بونو دووگیانی، رەخساندنی هەلو فرسەتی تەواو پێیان بۆ بنیاتنانو دروستکردنی ئەو پەیوەندیانەو شەرعیەتدان پێیان، تەنانەت ئەگەر بگاتە سێکسی ناوازەو نامۆو ناباو.. ئەم ئاراستەیە تەنها یەك کۆتایی هەیە ئەویش وێرانیو کاولبونو

**لەناوچونو خراپ بونی ژیانو بونەوەر، لە بەر ئەوە ئەمانە هەمووی دژی فیترەتو سروشتە کە خوای میهرەبان دروستی کردوەو دایناوە کە خەڵکی لەسەری بن، ئەم بەدڕەوشتیو بەدخویە گەلانی پێشووتریش ئەنجامیان داوەو کردویانە کە سەرەنجام خاوەنەکانیان بە هیلاكو لەناو چون، هەر وەك چۆن لە ناکۆکیەکانی نێوان گەلانی پێشوودا رویداوە کاتێ دوای هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتنو بەردەوام بون لەسەر بەدڕەوشتیو داوێن پیسی کاری سێکسی هاوڕەگەزیو هاوشێوەیان ئەنجامدا، بۆیە هیچ پشتو پەنایەکیان نەما لەناوچوونو تەفرو تونا بوون، خوای پەروەردگار لەسەر زاری لوط پێغەمبەر ئەفەرموێ** قَالَ تَعَالَى: ﴿أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ١٦٥ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ ١٦٦ قَالُوا۟ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰلُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُخْرَجِينَ ١٦٧ قَالَ إِنِّى لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلْقَالِينَ ١٦٨ رَبِّ نَجِّنِى وَأَهْلِى مِمَّا يَعْمَلُونَ ١٦٩ فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ١٧٠ إِلَّا عَجُوزًا فِى ٱلْغَٰبِرِينَ ١٧١ ثُمَّ دَمَّرْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ١٧٢ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا ۖ فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ ١٧٣ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ١٧٤ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ١٧٥﴾ الشعراء: ١٦٥ ـ ١٧٥

(١٦٥) کەی ئەوە راستە، کەی ئەوە جوانە، کەی ئەوە پەسەندە، ئێوە دەستتان داوەتە نێربازیو کاری سێکسی خۆتان لەگەڵ نێردا ئەنجام دەدەن؟!.. (ئاژەڵان بەو شێوەیە ناکەن).

(١٦٦) کەی ئەوە راستە وازتان لە هاوسەرەکانتان هێناوە کە پەروەردگارتان ئەوانی بۆ دروست کردونو ئەوانی بۆ حەڵاڵ کردون بۆ تێرکردنی ئەو غەریزەو داخوازیەتان، بە راستی ئێوە بەهۆی ئەو گوناهو تاوانەتانەوە لە سنور دەرچون.

(١٦٧) کەچی ئەو خەڵکە نا پوختو شەڕواڵ پیسە هەڕەشەیان لە پێغەمبەری دڵسۆزیان کردو وتیان: ئەی -لوط- ئەگەر کۆڵ نەدەیت لەم رەخنەو باسانە ئەوە شاربەدەرت دەکەین!

(١٦٨) -لوط- وتی: لە راستیدا من بێ دەنگ نابم لە بەرانبەر ئەم بەدڕەوشتییەی ئێوەوە، تا بتوانم قسەی لەسەر دەکەمو هەوڵ دەدەم لەبەر چاووتانی بخەم !!

(١٦٩) دوای چەندەها ساڵ هەوڵو تێکۆشان بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەو رفتارە قێزەونە بن، کاتێ کە -لوط- زانی هیچ سودێکی نیە دەستەکانی بەرز کردەوەو وتی: پەروەردگارا داواکارم کە خۆمو کەسو کارم رزگار بکەیتو بە دورمان بگریت لەو بەدڕەوشتیو کارو کردەوە ناشرینانەی کە ئەو خەڵکە دەیکەن.

(١٧٠) ئێمەش نزاکەیمان گیرا کردوو خۆیو کەسو کاریمان، هەموویانمان رزگار کرد (لە سزاو تۆڵەی سامناکی هەردوو جیهان).
(١٧١) جگە لە پیرە ژنەکەی (هاوسەری) کە شایستەی مانەوە بوو لە نێو ئەو قەومە خراپەدا تا وەکو ئەوان تیا بچێت (چونکە ژنێکی زمان درێژو بێباوەڕ بوو، دژی پەیامی یەکخواناسی بوو).
(١٧٢) ئینجا شارو وڵاتمان بەسەردا کاول کردن، بە گڕکانو بومەلەرزەیەکی زۆر بەهێز.
(١٧٣) جگە لەوەش بەردمان بەسەردا داباراندن، بە راستی بەردبارانێکی سەختو دژوار بوو، بۆ ئەو کەسانەی کە بێدار کرانەوە بەڵام سوودو پەندو ئامۆژگاریان وەرنەگرت.
(١٧٤) لە راستیدا لەو بەڵایەی کە بەسەرمان هێنان، بەڵگەیەکی بە هێزو رونو ئاشکرا هەیە لەسەر تۆڵەی ئێمە لە بەدڕەوشتان، بێگومان زۆربەی ئەو خەڵکە باوەڕیان بە پەیامی خوای گەورە نەبوو.
(١٧٥) بێگومان پەروەردگاری تۆ ئەی محمد (ﷺ)، ئەی ئیماندار، تەواو باڵا دەستە بەسەر کافرو خوانەناساندا (ماوەیەکی دیاریکراو مۆڵەتیان دەدات) لە هەمان کاتدا بە سۆزو میهرەبانە (بەرانبەر ئیمانداران، چاوپۆشی لە کەمو کوڕیەکانیان دەکات ئەگەر بەردەوام بن لەسەر دینداریيانو لە چاکسازی درێغی نەکەنو داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگاریان بکەن).

لەگەڵ ئەمەشدا ئەبینین کە بەڵگەنامەی گەلان‌و دەزگا راگەیاندنە جیهانیەکان، کە چۆن پڕوپاگەندە ئەکەن‌و برەو و رەواج ئەدەن بەم چەمکە هەڵانەو بەم زاراوە خراپ‌و بەدڕەوشت‌و بۆگەنانە، تا وەکو جێبەجێکردنی ئەم پڕوپاگەندانە لە رۆشنبیری ئامانجدارو بەمەبەست گەیشتە پەیڕەو پرۆگرام‌و بەرنامە فێرکاریەکان‌و دامەزراوە ئایینیەکان‌و کۆمەڵە ئەهلی‌و ناوخۆییەکان، ئیتر بێجگە لە راگەیاندنە جیاوازەکانی تر.

ئەم بەرەنگاربونەو فشارو پەستانەی دەرەوە (دەرەکیانە) کاتێك لاوازییەك لە ناوخۆی کۆمەڵگا ئامانجدارو بەمەبەستەکان دەرئەکەوێت ئەوکاتە هەلێکی فراون‌و پان‌و بەرین‌و ریشەیی بەدەست ئەکەوێت لەوانەشە شەرعیش بێت ئەڕەخسێت، ئەمە ئەبینینەوە لە باسی رۆشنبیری سێکسیدا، کە دەوری بەهاو رەوشت‌و داب‌و نەریتمان ئەدات‌و فشار ئەخاتە سەر دەمارو هەست‌و هۆشمان تاوەکو قبوڵی زاراوەکان‌و جێبەجێکردنەکانیان بکەین‌و وەریانگرین‌و پەسەندیان بکەین.

## هۆکاری دووەم: لابردنی نەنگی و شورەیی لە نەخۆش (توشبوو)و نەخۆشی ئایدز

فەلسەفەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئەندێشەو وێنا کردنی (بەکەڵك)و بەسود:

پەیوەندی ئایدز بە سێکسی نادروست‌و ناشەرعی‌و بە سێکسی ناوازەو نامۆو ناباوەوە، کە ئەم نەخۆشیە بوەتە نەنگی و

شـورەیی و خاڵێـك بەسـەر نێـو چـاوانی نەخۆشـەوە، هـەروەها توشـبوان بـەم نەخۆشـیە بونەتـە کەسـانی بێنـرخ و سـوك و سوکایەتیان پێئەکرێت بەسوك سەیر ئەکرێن، بە تایبەتی لەو ناوچەو شوێنانەی جیهان کە تیایدا رێکخراوە فیکریەکان و ئاینیەکان هەڵئەسن بە یاساغ و قەدەغە کردنی سێکسی ناوازەو نامۆ نابـاو و ئەنجامـدانی کـاری سێکسـی لـە دەرەوەی سـنوری هاوسەرگیریدا، هەروەها پەیوەست بونی ئەم نەخۆشانە بە ماتی و بێـدەنگی و قسـەنەکردنەوە لـە حاڵـەت و کـات و بـاری نەخۆشیەکەیاندا (بێدەنگ و دورەپەرێزن)، بۆیە قسەکردن لەسەر ئایدز ئەچێتە سنورو چواچێوەی قەدەغەکراوەکانەوە، ئەمەش وا ئـەکات لـە نـەخۆش دیـل و بەنـدکراوی دیـواری (بێـدەنگی و قسەنەکردن) بێت.

هـەروەها ئـەم قەدەغەکراوانـەی کـە نەخۆشـیان بێـدەنگ کـردوە وابەستەی قسەنەکردنیان کردوە –بە پێی فەلسەفەی بەڵگەنامەی نێودەوڵـەتی– لـە نێـوان بەربەسـت و کۆسـپی گـەورە کـە بوەتـە رێگـرو تەگـەرە لـە هـەوڵ و تێکۆشـانی ئامـانج و مەبەسـتدار بـۆ قەدەغەکردن و نەهێشتنی بڵاوبونەوەی نەخۆشی، بۆیە لەم چوار چـێوەیەدا لابـردن و هـەڵگرتنی (جیاکاری) لـە نـەخۆش دەبێتـە یـەکێك لـە گـرنگترین کێشـە کـانی مـافی مـرۆڤ، بـەم شێوەیە(پەیوەندی نێوان نەخۆش و مافی مرۆڤ) تەواو دەبێت کە

گونجاوو لەبارە بۆ توشبوی نەخۆشی ئایدز و، لە گرنگترین مافەکان:

(ماف لە نهێنیدا: لە دوای ئەوەش کە ناچاری ئەکات لەسەر کردنی پشکنینی پزیشکی بە دەستدرێژی بۆ تایبەتمەندی خۆی دەژمێررێت، هەروەها دەست درییژیشە بۆ مافی مرۆڤ کە مافی ئەوەی هەیە کە کار بکات (مافی کارکردنی هەیە)، ئەگەر دەسەلاتی ناوخۆ پێویستی یاسایی(ئیجرائات) لەگەڵدا کرد و پەیوەندی هەبوو بە جیاکردنەوە دژی کۆمەڵێکی تایبەت لە خەڵك، نمونەی ئەو کەسانەی کە کار ئەکەن لە بوارو مەیدانی سێکسدا (لەشفرۆشیو داوێن پیسی)و (سێکسی ناوازەو نامۆ/ هاوشێوەیی) یان (کرێکارانی بیانی) کە ئەمە بەجیاکردنەوەو جیاکاری دەژمێردرێ و هەروەها دەستدرێژی کردنە لەمافی مرۆڤیش[٤].

بەڵکو یەکێك لە راسپاردەکان کە لەلایەن خوێندنەوە نێودەوڵەتیەکانەوە دەرچووە بەناونیشانی (بەشداری کردنی کەسانی توشبوو بە ئایدز لە (میکانیزمی ریکخستنی ولاتی): (نەخۆشی ئایدز پێویستی بە دروستکردنو بنیاتنانی تواناکان، لە هەلمەتەکانی بەدەستهێنانی یارمەتیو پشتگیری دژی

---

[٤] کارکردن لەگەڵ لاواندا (ڤایرۆسی کەمی بەرگری مرۆیی، نەخۆشیە گوازراوەکان لەرێگەی سێکسەوە)-یەکێتی نێو دەوڵەتی کۆمەڵەی خاچی سورو مانگی سور-کتێبخانەی نیشتمانی- عمان-٢٠٠١زاینی لاپەرە ١٠٢,١٠٣

نەنگی وشـــورەیی وعـــاری کۆمەڵایـــەتی، وەك هەڵمەتـــەکانی بـــە دەســـتهێنانی یارمـــەتی و پشـــتگیری بـــۆ سیاســـەت و یاســـاکانی هاوڕێیەتی بۆ ئەو نەخۆشانە).

## نمونەی یـەکێ لـە (وۆرك شـۆپ)ەکـان کـە گرێبەسـتی لەگەڵ کراوە بۆ لابردنی نەنگی و شورەیی.

کرێکارەکـــان لـــە بـــواری جێبـــەجێکردنی بەرنامـــەکانی نەتـــەوە یەکگرتوەکان بۆ بەرەنگاربونەوەو روبەڕوبونـەوەی ئایـدزدا هـەوڵ ئـەدەن بـە بڵاوکردنـەوەی قایـل بـون بـە تەشـەنەکردن و بـاوبون و ســـادەیی بـــونی خوڕەوشـــتی سێکســـی قەدەغـــەکراو لـــە کۆمەڵگەکەماندا بەوەی کەوا بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمـەڵگا. وەك ســـەرەتاو دەســـپێك بـــۆ رازی بـــون لـــە سیاســـەتەکانی نەتـــەوە یـــەکگرتوەکان لـــە بەرەنگاربونـــەوەو روبەڕوبونـــەوەی ئایـــدزدا، نەبونی نـاڕەزایی لەسـەری، بـاس و لێکۆڵینەوەیـەك بـەدی ئەکـەین بـە ناونیشـانی (هاوبەشـیکردنی زانیـاری کۆمەڵایـەتی لـە بـواری خۆپاراســتن و چــاودێری نەخۆشــانی (توشــبوانی) ئایــدز بــۆ لابـردن و نەهێشـتنی نەنگی وشـورەیی رەوشـتایەتی) کـە تیایـدا هـاتوە (ئـەبێت رونکردنـەوە بدەین –لـە کـاتی هۆشـیارکردنەوەی گشتی لە بارەی نەخۆشیەکەوە– کە رەوشتی سێکسی باوو بڵاو لە کۆمەڵگەکانـدا زۆر جـۆرە (هەمـەجۆرە) لـەوەی کـە ئێمـە وێنـای ئەکـــەین، رەوشـــتی هاوڕەگـــەزی و هاوشـــێوەیی –وەك رەوشـــتی سێکســـی– هـــەبوەو هەیـــە لـــە هـــەموو کۆمەڵگەیەکـــدا، بەشـــێکی

پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی پێکهێنـاوەو، کـارلێکردنی کۆمەڵایـەتی گەیشتوو بە دەربڕین لە ڕەگەزی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە ڕازیبـون بـەم دانپیانـان و قایـل بونـە خـۆی لـە خۆیـدا یارمەتیدەرێکـە بـۆ سەرکەوتنی سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان).

## تعقيب (بەدوادا چون):

هەوڵەکان ڕوون و ئاشکران کە ئەو نیگا و ئیلهامانەی کە ئەینێرن کـە گوایـا کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکانیش بـە شـێوەیەکی زۆر گـەورە گۆڕاون و وەکو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانیان لێهاتووە، کەوا ئازادی سێکسـی و سێکسـی نـاوازەو نـامۆو نابـاو حسـێب ناکرێـت و ناژمێررێت بە قەدەغە کراوەکان، وەك هـەنگاوێك بـۆ گـەیشتن بـە لابردنی (نەنگی و شورەیی) پەیوەست بە نەخۆشی.

هەوڵ و کۆششەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ لابردن و نەهێشتنی (نـەنگی وشـورەیی) جـۆراو جـۆرن سـەرەتا بـە هـەوڵی سـەپاندنی زاراوەی (بـێ لایـەن)، یـان بەواتایـەکی وردتـر کوتـانی سـارد نـە خووڕەوشــت هەڵئــەگرێ و نــە فــەرمان و بڕیارێــك لەســەر خوڕەوشـتێك کـە لەسـەرەتادا کاربکـات لەسـەر دروسـت بـونی ئایدزو، لە کۆتایشدا کار بکات لەسەر بڵاوکردنەوەی، هـەر کاتـێ بەڵگەنامـەکانی نەتـەوە یـەکگرتوەکان بـاس لـە نـاوازەیی و نـامۆو ناسروشـتی بکـەن، ئـەوا بـە زمـانێکی زۆر بـە ڕێـزەوە باسـی لێـوە ئەکەن، دورکەوتنەوە لە ئیدانەکردنی ڕەوشتەکانیان سەرەتا هـەر لــە بناغــەدا بــەکار نــەهێنانی زاراوەی (الشــذوذ/ نــاوازەیی و

نـامۆیی)، بـەکار هێنـانی دەربڕینـی (ئـەو پیاوانـەی کـەوا کـاری سێکسـی لەگـەڵ پیاوانـدا ئـەنجام ئـەدەن) لـەباتی (الشـذوذ/ نـاوازەیی و نـامۆیی) بـەڵام ئەگـەر ویسـتی بـاس لـە (العـاهرات/ سـۆزانی و داوێـن پـیس) بکـەن –کـە هۆکـاری دووەمـە بـۆ بڵاوبونـەوەی ئایـدز– ئـەوا هـەرگیز وشـەی (العـاهرات) بـەکار ناهێنێـت بـەڵکو زۆر جـۆر دەربـڕین بـەکاردەهێنن وەك دەربڕینـی (ژنانی بازرگان بە سێکس/ ژنانی لەشفرۆش).

ئێمە وا دەزانین کە ئەم هەستیاریە –لە بەکارهێنانی زاراوەکان تـاوانی یاسـایی یـان یاسـاغی شـەرعی ناگـەیێنێت– لـە خۆیـدا کـارێکی مەبەسـتدارە، تـاوەکو هەڵسـوکەوتکردن لەگـەڵ ئـەو خوڕەوشتانە بە دەربڕینێ کە بە خوڕەوشتێ دابنرێت ئەگەر چی سروشـتیش نـەبن، ئەمـە لایـەنی کەمـەوە رەوشـتێکی سـادەو ساکارەو ئیدانەو نەنگی وشورەیی هەڵناگرێ، هـەروەهاو پاشـان ئـەو نەخۆشـیەی کـە لـە دەرەنجـامی ئـەم ڕەوشـتانەوە پەیـداو دروسـت ئـەبن، هـەروەها ئـەوەش و ئیدانـەو نـەنگی و شـورەیی هەڵناگرێ، لەبەر ئەمە مەترسـی ئـەوەی کە لـە فەلسـەفەی نەتـەوە یـەکگرتوەکان لـە بـەرەنگاری و روبەڕوبونـەوەی ئایـدز بریتیـە لـە پەیوەستکردنی نەخۆشی بە کێشەی مافەکانی مرۆڤەوە[5]

---

[5] لە راپۆرتی سالانەی بەرنامەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ئایدز سالی ٢٠٠٦دا هاتووە کە لە سیاسەتە کرداری‌و کردەییەکان بۆ بەرگری‌و قەدەغە لە ئایدز: بریتیە لە جەخت کردنەودڵنیابون لەوەی کە مافی مـرۆڤ (پـارێزراوە، پارێزگـاری لێئـەکرێت، بـەڕێزو رێزلێوەرگیراوە،وە کەمی ناکۆکی‌و جیاوازی چینایەتی‌و رەگەزپەرستی.

سوربون‌و جەخت کردنەوەی بەردەوام لەسەر پێویست‌و گرنگی تێکەڵکردنی (نەخۆش)ی ئایدز لە کۆمەڵگە بەچاوپۆشی کردنی لە هۆکاری توشبون بە نەخۆشیەکەی، دروست نیەو نابێت ڕێك وەك خۆی بۆ سیاسەتی نەتەوە یەکگرتوەکان گلبدرێتەوەو جیا بکرێتەوەو تاك بخرێت یان ڕێگری‌و قەدەغەی لێبکرێت لە ئەنجامدانی ژیان‌و کاری ڕۆژانەی بەشێوەیەکی سروشتی، یان داوا دەکات بە جێبەجێکردنی شیکاری بۆ داواکارانی کار (ئیش) کرێکاران تاوەکو ڕێگری بکرێت لە توش بون تاوەکو دەستبەرداری بێت لە ناو کارەکەیدا ئەگەر هاتوو رون نەبوو دیار نەبوو کە توش بوبێت بە نەخۆشیەکە.

لەم بوارە (چوار چێوە)دا ئەبینین کە (نەنگی و شورەیی) پەیوەستە بە هۆکارەکانی نەخۆشیەکەوەو، (جا) ئەگەر نەخۆشیەکە لە ڕێگەی زینا (داوێنپیسی) یان سێکسی ناوەزەو ناسروشتیەوە هاتبێت، ئەو کاتە ئەوە (نەنگی و شورەیی)یەو نەخۆشیش (ناڕەسەن و نەنگ)ە. بەڵام ئەگەر لە ڕێگەی هەڵەوە هاتبێت بە گواستنەوەی خوێنی پیس یان کۆرپەلە توش بوبێت لە ڕێگەی دایکیەوە، ئەو کاتە ئەوە (نەنگی وشورەیی وعەیب) نیەو نەخۆشیش (ناڕەسەن و نەنگ) نیە، نەخۆش‌و نەخۆشی هەر یەك لەو دوانە بە یەکەوەن (هەموون) بەش بەش ناکرێن‌و جیانابنەوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای پەروەردگارە کە ئەفەرموێ ﴿قَالَ تَعَالَىٰ:﴾ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا

وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍۚ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾ الأنعام: ١٦٤

**(١٦٤) هەروەها بەو خەڵكە بڵێ: ئایا ڕەوایە من جگە لە خوای گەورە شتێكی تر بكەمە پەروەردگاری خۆم، لە كاتێكدا ئەو زاتە پەروەردگاری هەموو شتێكە، هەركەسێكیش هەر گوناهو تاوانێك ئەنجام بدات ئەوە هەر لەسەر خۆی دەكەوێت، كەسیش گوناهی كەسی تر هەڵناگرێت، پاشان گەڕانەوەتان هەر بۆ لای پەروەردگارتانە، ئەو كاتە لە هەواڵی هەموو ئەو شتانەی كە جیاوازیو كێشەتان لەسەری هەبوو ئاگادارتان دەكاتەوە.**

**بەزۆری هۆی توشبون بە نەخۆشی ئایدز خووڕەوشتی قەدەغەو یاساغە لە هەموو ئاینەكان تەنانەت لە ڕێكخراوە بەهاو ڕەوشتیەكاندا[6].**

---

[6] (شوێن) پێگەی ئیسلام ئۆنلاین، گفتوگۆی كراوە ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٣/١٢/٨




- وەرگرتنی مادە هۆشبەرەکان لە ڕیگای دەرزی لێدانەوە
- هۆکاری تر
- سێکس (هاوڕەگەزبازی ) لە نێوان پیاواندا.
- پەیوەندی سێکسی لە نێوان پیاوان و ئافرەتان
- مادە هۆش بەرەکان و سێکسی ناوازە و نادروست

توشبون بەم نەخۆشیە لەسەر ئاستی هەستێتی و دەرونی لە ولأتانی عەرەبی و ئیسلامی هەر جێگەی ناپەسەندی و ناڕازی و نەویستن بووە بە ڕەدکردوویی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا یەکێك نیە بوەستێ و هەلۆیستێکی دژایەتی بنوێنێ بەرامبەر بەم سیاسەتانەی -کە کار لەسەر بلأوکردنەوەی خراپەو داوێنپیسی و بەد رەوشتی- یەکسانە بە نێوان نەخۆشی پەیدابوو لە گواستنەوەی خوێنی پیس بە ڤایرۆسی ئایدز -بۆ نمونە- و گواستنەوەی نەخۆشی لە رێگەی سێکسی ناوازەو

نامۆو نادروست بۆ نمونه، یان له ئەنجامی (بەهۆی) پەیوەندی سێکسی یاساغو قەدەغە.

## هۆکاری سێهەم: شکاندنی بەربەستی بێدەنگی.

هاوکێشەیەکی ترسناك وتۆقێنەر:

نەتەوە یەکگرتوەکان (بێدەنگی نەخۆش بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە)بە هۆکارێکی سەرەکی لە بلاْوبونەوەی نەخۆشی دا ئەنێت ، له سیاسەتەکانیدا جەخت ئەکاتەوە له سەر پێویستی شکاندنی بەربەستی بێدەنگی،واته نەخۆش قسە بکات لەبارەی نەخۆشیەکەیەوە، لەگەڵ گەڕانەوەی هۆکاری بێدەنگیەکەی بۆ(نەنگی وشورەیی) پەیوەست بە نەخۆشیەکە .وە هۆی ئەم (نەنگی وشورەیی) ئەگەڕێتەوە بۆداب و نەریت و بەهاو رەوشت و رۆشنبیری و شارستانی.

**لەبەرئــــەوە ئــــەو هاوکێشــــەیەی کــــە کــــار ئــــەکات بــــەپێی نەتەوەیەکگرتوەکان بریتیە لە:**




**هاوکێشەی کۆتایی**




**نەتەوەیــەکگرتوەکان لــەژێر ناوونیشــانی (شــکاندنی بەربەســتی بێــدەنگی) گرێبەســتی کــرد لەگــەڵ وۆرك شــۆپ و خولــەکانی مەشــق و ڕاهێنــان لــە زۆربــەی وڵاتــانی جیهانــدا –بــە تایبــەتی**

وڵاتانی باشور– ئامانج و مەبەست، مامەڵەو هەڵسوکەت کردنە لەگەڵ چین و توێـژێکی دیاری کراو کە توێـژی لاوانـن، کـە ئـەم خولانە وەرئەگرن بە ناوی (هۆشیاریەکی زیاتری لاوان لە بارەی نەخۆشی ئایدز)ەوە.

نمونەش لەسەر ئەوە: ئەوەی کە (سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دانیشتوان) لە لوبنان پێی هەستا لە دەرچون و دەرکردنی هەڵمەتێکی خوێندنگایی بۆ نزیکەی هەزار هەرزەکار لە هەردوو رەگەز کە تەمەنیان لە نێوان (١٢–١٧) ساڵدا بون، لە خوێندنگا جیاوازەکانی بەیروتی پایتەختدا، لە ریزی سنورو دەوروبەری چالاکیەکانی پرۆژەی (شکاندنی بەربەستی بێدەنگی دەربارەی کێشە تەندروستیە سێکسیەکانی لاوان و گەنجان) قسەیان لەسەر بکەین، مەشق و راهێنانەکان لە خولەکاندا جەختیان کردەوە لەسەر کاری باڵغبون و گۆڕانکاریە فسیۆلۆجی و دەرونیەکان و، چۆنیەتی خۆپاراستن لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان لەوانە (ئایدز)، کە بەرنامەکانی نیشتمانی پێی هەستابوو لە روبەروبونەوەو بەرەنگار بونەوەی ئایدزدا.

وە لە هەڵسەنگاندنی پەرچەکرداری هەرزەکاران لە بارەی خولەکەو ئەو زانیاریانەی کە بەدەستیان هێناوەو وەریانگرتوەو، گۆڕان لە خورەوشت و رەفتاری ئەوانەی کە لە وەرشەکەدا کاریان کردبوو (هەستاون بە وەرشەکە) ئەنجامی (نەخۆشی)کەیان دەستکەوت و وەرگرت.

## هۆكاری چوارەم: سود وەرگرتن و بەكارهێنانی وتارە ئاینیەكان (ڕابەرە ئاینیەكان).

نەتەوە یەكگرتوەكان سیاسەتێك بنیات دەنێت بە پشت بەستن بە ڕابەرە ئاینیەكان لە بەر چەند هۆیەك لەوانە:

١- هەڵكردنی گڵۆپی سەوز (پێدانی تیشكی سەوز) بۆ هەموو دامەزراوە كۆمەڵگەییەكان بۆ ئەوەی قسە بكرێت لەبارەی ئەم جۆرە باساناى كە لە كۆمەڵگاكانی شارەكاندا هەن، لەو كارانەی كەوا پێویستە گفتوگۆی لێوە بكرێت لە چوار چێوەیەكی دیاریكراودا، لەم بۆنەیەدا لێدوانێكی (بەڕێز) (ولید بدوی/ لێپرسراوی بەرنامە كانی(پەرەپێدان وگەشەپێدانی نەتەوە یەكگرتوەكان) وەبیردێنینەوە: لە سپتمبری ساڵی ٢٠٠٢دا كە ئەڵێ گرێبەستمان لەگەڵ وۆرك شۆپ كرد لە (صنعاء) مەبەست لێی دەستكەوتن و دەستخستنی پشتگیری حكومەتە عەرەبیەكان بۆ ستراتیژیەتی ڕوبەڕوبونەوەو بەرەنگاربونەوەی ئایدزو، بەكردار گەیشتین بە دیدو بۆچونێكی یەكگرتوو بۆ پێویست بون بە شكاندنی بەربەستی بێدەنگی و، بەشداری پێكردنی چین و توێژەكانیتری كۆمەڵگە، كە بە ئەهلی هونەرو ڕاگەیاندنكاران دەستیپێكردو ، پێش ئەوانیش كۆمەڵە ناوخۆیی و (ئەهلیەكان) و جەماوەریەكان، بەڵكو دوبارە نوێنەرانی بەرنامەكانی (ئینمائی) گەشە پێدان وپەرەپێدان ، ترسییان لێ نیشت و ئەترسان لە پەرچە كرداری پیاوانی ئاینی لە ڕێگەی كۆبونەوە جیاوازەكان

کە ئەنجامیان ئەداو دوپاتیان کردەوە کە پێویستیەکی گرنگ هەیە بۆ بەدەستهێنان و بەدەستخستنی گڵۆپی سەوز لە پیاوانی ئاینی (ئیسلام و مەسیحی) بەهۆی ئەو ئیعتیبارو رێزەی کە هەیانەو هێزێکی سەرەکیان دروستکردوەو ئەتوانن مۆڵەت و ئیزن بدەنە هەر تاکێك کە هەستن بە شکاندنی بەربەستی بێدەنگی، بۆیە ئێمە بڕیارماندا بەپێی ئەو ستراتیژیەی کە دامان ناوە بە دواخستنی ئەم بەشە گرنگەی کۆمەڵگە تا کۆتایی، دوای ئەوەی کە لە ئامادەکاریەکانی رێگە تەواو بوین و لیَ بوینەوە، لە دانانی بنچینەو بناغە لەگەڵ چین و توێژی کۆمەڵ و تاقمەکانیتری کۆمەڵگە.

٢- پیاوانی ئاینی بونە هۆی دروستکردنی بەربەست و دیوار و راگری مەحکەم لەبەردەم بەرنامەکان کە نەتەوە یەکگرتوەکان هەوڵی بۆ ئەدات بە هەموو بریکارو نوسینگە جیاوازەکانی بۆ بڵاو کردنەوەیان لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەتی ئەوانەیان کە وەك سەرکردەکانیتری کۆمەڵگە نین کە را یان وەربگیرێ (خاوەن پرس و را بن)، کە هەڵوێست و سەرنجیان لە بنچینە دا لە دەقە شەرعیەکانەوە هەڵقوڵاوەو سەرچاوەی گرتوە.

ئەمەش رون و ئاشکرایە کە لە (وەرشەی کار/ وۆرك شۆپ)ێك بەڕێوەچوو لە نێوان وەزارەتی تەندروستی سوریاو یونیسێفدا بۆ پشتگیری و بەرزو بەهێزکردنی رۆڵی زانایانی ئاینی لە بواری

پاراستی لاوانو منالاّن له ئایدز، کاتێك که یەکێکیان پرسیارێکی کرد وتی:
ئێمه قسەوباس لەسەر لابردنی نەنگیو شورەیی ئەکەین... خوای گەورەو پەروەردگار بەڕەواو دروستی بینیوه بڕینی دەستی دز له یاساکەیدا، ئێمه ئەوانەی که توشی عەیبو عارو (نەنگی وشورەیی) هاتون بەدەست بڕاوی ئەیانبینین بۆ ئەوەی ببێته نەنگیو عەیبو عارو پەندی پێ وەگرێت لەگەڵ ئەوەشدا که شەرعو یاساو رێساو دینی خوا پارێزگاری له تەندروستی مرۆڤ ئەکات.. ئەوانەش که (نەنگی وشورەیی) ئەنجام ئەدەن ئەوا ئەبێته سزا بۆ خۆیو کەسانی تر.
کاتێ بەڕێوەبەری بەرنامەی نیشتیمانی بۆ رووبەڕوبونەو بەرەنگار بونەوەی ئایدز له سوریا (د/عماد الدقر) پرسیاری لێکرا سەبارەت به هۆکاری داوای پشتیوانی لێکردنی پیاوانی ئاینی، له هۆی پاڵپشتیو پشت بەستن به پیاوانی ئاینی بەتایبەتی که لێرەدا: چوار ملیۆن کەس ڕوو له مزگەوتەکان ئەکەن لەڕێی ٨٠٠٠ مزگەوتو ١٢٠ پەیمانگا بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزو ٢٢ پەیمانگا بۆ خوێندنی زانسته شەرعیەکان، ئەوه کارێکه نیشانەو بەڵگەی زۆری هەیه لەکاتێکدا که راگەیاندن بەشێوەیەکی نمونەیی نەبوە، لێدوانی داو وتی: که (پێویستیەکی ناچاریه بۆکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ پیاوانی ئاینی، بەڵکو بۆ ڕاهێنانیان (ڕاهێنانیشیان) له کێشه

کۆمەلآیـەتی و تەندروسـتیەکاندا، ئاسـایی پـۆلێن ئـەکرێت لـەژێر دەســتەواژەی (بێــدەنگ بــون لێــی) لــە کۆمەڵگــەدا بــەردەوام پارێزراون و، لە پرسیارێکدا کە روبەڕوی کرا لـە بارەی (دانـانی بەرنامەیـەکی تایبـەت بۆ پیاوانی ئاینی) لـە وەلآمـدا وتـی: بـەڵێ هەموو بەشداربوان راهێنانیـان تـەواو بوەو پێیانکراوە لەڕێگـەی (وەرشــە/وۆرك شــۆپ) یێــك لــەدوای یەکەکانــەوە بکــەین بــە دەستپێکردنی کاری مەیدانی بۆ پیاوانی ئاینی لە ڕێگـەی وتـارو دیمانـەکان و کـارلێکردن لەگـەڵ کۆمەڵگـە بۆ بڵاو کردنـەوەی ئـەم هزرو بیرانەو، لە پێنـاو گەیشتن بە (لابردنـی شـورەیی و عـەیب و عـارو نـەنگی) لـە نـەخۆش و (شـکاندنی بەربەسـتی بێـدەنگی)، نەتەوە یەکگرتوەکان پەنای بردە بەر کۆمـەکی و یارمـەتی و پشـت بەســتن بــە ســەرکردەو پێشــەوا ئاینیەکانــەوە بــۆ هەوڵــدانی بەڵگەنامە و گوتارو و ڕاسپاردەی نوێ بۆ هـەڵس و کـەوت کـردن لەگەڵ توشبوان بە نەخۆشی ئایدز کە ئەبێت وتارەکانیـان بریتـی بێت لە ریـزو سـۆزو دڵنـەوایی و نـەك وتارەکانیـان سـزایانە بێت و یان ئامـاژەبن پاڵپشت بن بۆ (نەنگی و عارو شورەیی).

لە بڕوانامەیەکدا کە یونیسیف دەری کـردوە لـە ساڵی ٢٠٠٣ بـە ناونیشانی (چی ئەبێت کە سـەرکردەو پێشـەوا ئاینیـەکان بیکـەن بـۆ ئایـدز... منـالآن و لاوان؟). وەلآمـی دایـەوەو وتــی سـەرکردە پێشـەوا ئاینیـەکان بـەوەی کـە پێگـەی بێهاوتـاو گرنگیـان هەیـە ئەتوانن کەوا:

- زیاتر هۆشیاری گشتی بلاَوبکەنەوە.
- پاڵپشـتو یارمەتیـدەری بیروهـزری رونـاکبیری (رۆشـنفکر)و سیاسەتەکانو یاساکان بن.
- دوبارە ئاراستە کردنەوەی سەرچاوە خێرخوازیـەکان لـە پێنـاو چـاودێریدا، هـەروەها رۆڵـی سـەرکردەو پێشـەوا ئاینیـەکان لـە شکاندی بەربەستی بێدەنگی خۆی ببینێتـەوە و، کۆتایی هێنـان بە رەتکردنەوەو نەویستنو جیاکردنـەوە، بانگـەوازو بانگەشـە بـۆ ئاشتبونەوەو چاودێریکردن.
- هەسـتان بـە دیـاریکردنو دابەشـکردنی دەورو رۆڵ، بـۆ هـەر (هەموو) یەکێك رۆڵێك ببینێ بەپێی رێکخراوەکەی، ئەگـەر هـاتوو پیـاوانی ئـاینی قسـەو باس لێوەکردنی بـەکارهێنانی (نەگەیـەنی پزیشـکی/ کۆنـدۆم) یـان وەك رِیکـارو هۆکارێـك بـۆ پاراسـتن لـە نەخۆشی ئایدز رەتکردەوە،
ئـەو کاتـە گرنگـیو بایـەخو رەواج ئـەدرێت بـە هـەر یـەکێك لـە وازهێنـانو دورکەوتنـەوە لـە ژنهێنـانو (Abstinence) سـۆزو خۆشەویستی نواندن بۆ هاوەڵو هاورێ سێکسیەکەی
(Be Faithful to your Partner)
وە ئەبێت هەوڵو تێکۆشانێکی زۆر بەخـەرج بدرێت لـە لا بردنـی نـەنگی وعـەیبو عـارو شـورەیی لـە نـەخۆش، لـە کاتێکـدا دامەزراوەی تـر دەستیان کرد بـە گرنگـیو بایـەخو رەواج دان بـە بەکاهێنانی نەگەیـەنی پزیشکی، وەك بەرنامـە خوێندنگاییـەکان،

هۆكاره جیاوازەكانی راگەیاندن، ئەویش هەروەك لەم بەڵگەنامەو بڕوانامه یەدا هاتووه:

ئەگەر لەلای هەندێ لە پیاوانی ئاینی سوكی و ڕسوایی وكەمی لە گرنگی و بایەخ و رەواج دان بە (داپۆشەری نێرینە/ كۆندۆم) وەك بەشێك لە پلانی پاراستن، ئەوا هەرچی لە تواناياندا هەیه داوای ئەم بەشه بكەن بۆ حكومەتەكان و بۆ لایەنەكانی تر.

لەم بڕوانامەو بەڵگەنامەیەدا هاتووه كە مەشق و راهێنان بكرێت بە سەركردەو پێشەوا ئاینیەكان بە بەكارهێنانی ، وشەیەك لە باتی وشەیەك لە كاتی هەڵمەتە هۆشیاریەكاندا وەك وشەی (ئاشتەوایی/ ئاشتبونەوە) لە باتی وشەی (چاوپۆشی و لێبوردن)، وشەی (چاوپۆشی و لێبوردن) ئاماژەیە بۆ گوناهو تاوان، بەڵام هەرچی وشەی (ئاشتەوایی/ ئاشتبونەوە)ش هەیە ئەوە ئەگەیێنێت ئاماژەیە بۆ چارەسەری ناكۆكیەكان بەبێ لۆمەكردن وشەی (ژیان لەگەڵ ئایدزدا) لەباتی وشەی (قوربانیانی ئایدز).

## مەترسی راگەیاندنداوەكەی قاهیره بۆ سەركردە ئاینیەكان.

دەستپێكردنی زنجیرەیەك یان بە واتایەكی وردتر (هەڵمەتی) چالاكی بە مەبەستی دانانی وتاری ئاینی و هەوڵ و تێكۆشانی پیاوانی ئاینی لەسەر ئەجندای نەتەوه یەكگرتوەكان و تێڕوانینی لە روبەڕوو بونەوەو بەرەنگاربونەوەی نەخۆشی ئایدز، بەرنامه

هەرێمیەکان بۆ ئایدز لە ناوچە عەرەبیەکانی سەر بە بەرنامە ئینمائیەکانی (گەشەسەندووییەکان)ی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەستا بە بەستنی کۆنگرەیەك لە قاهیرە (١١- ١٣ دیسمبر ٢٠٠٤) لەژێر چاودێری ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی، لە چوار چێوەی بەشداری کردنی سەرکردە ئاینیەکان لە شکاندنی بەربەستی بێدەنگی سەبارەت بە نەخۆشی ئایدز لە ناوچەی عەرەبیدا، کۆنگرە لەم روەوە ئاگاداریەکی بڵاوکردەوە بەناوی (راگەیاندنی قاهیرە بۆ سەرکردە ئاینیەکان لە وڵاتە عەرەبیەکان بۆ بەرەنگاربونەوەو روبەڕو بونەوەی پەتاو نەخۆشی ئایدز) کە پێشتریش لە رێکەوتنی(دیمەشق)بۆ سەرکردە ئاینیەکان لە وڵاتە عەرەبیەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی پەتاونەخۆشی ئایدزکۆنگرە بەسترابو.

بە ئاشکرا هەست کردن بە هیوا لە بەندەکانی ئەم راگەیاندنەدا کەوا دامەزراوە لە خزمەتی بڵاو بونەوەی چەمکە رۆژ ئاواییەکاندا کە مەبەستیان گۆڕینی بەهاو رەوشتو رۆشنبیری کەوا بە تاوانی ئەنجامدانی سێکس لە دەرەوەی سنور چوار چێوەی هاوسەر گیریدا ئەکرێت، لەبەر ئەوەی:

* داوا ئەکرێت بە (لابردنی هەر جیاوازیەك لە کاتی هەڵسو کەوت کردن لەگەڵیاندا وەك (جیاکردنەوە، پەراوێزخستن،نەنگی وشورەیی وعەیبو عارو ناوناتۆرە پێوتنیان، دورخستنەوەیان)، دوپاتکردنەوەو دڵنیایی دان لەسەر گرنگی چێژ وەرگرتنیان لە

هـەموو (گشـت) ئازادیـەکانو مافـەکانی مرۆڤ)، بـە چاوپۆشـی لـە هۆکـار یـان سەرچـاوەی توشـبون بـە نەخۆشـیەکە، کـە بەمـەش تیشـك (گڵـۆپ)ی سـەوز ئەدەیتـە خراپـەکارانو ئەنجامـدەرانی بەدڕەوشـتیو داوێـن پیسـی کـە بـا بـەردەوام بـن لـە خراپـەو تاوانکردنیـان، هیـچ سزایەكو بەربەستێك نیەو، هیـچ هەڕەشـەو سەرکۆنەو سەرزەنشتێك نیە، بەڵکو تـەنها (رازی نـەبون لە خـوو رەوشـت)و (بـانگردنو بانگهێشـتکردنی بـۆ تەوبـەو پەشـیمانیو پاشـــگەزبونەوە) لەگـــەڵ بڵاوکردنـــەوەی حـــاڵو گـــوزەرانیو توشبونی بە نەخۆشی ئایدز بەوەی کەوا کۆمەڵگە قبوڵیان بێتو هاوکـاری بکـەنو هـەڵسو کـەوتی وەك بـرا لەگەڵـدا بکـەن، بەوشـێوەیە هـەموو هاوکـاریو یارمەتیـەکی مـادیو مەعنـەویو دڵنـەواییو سۆزێك بەدەسـت ئـەهێنیو، وتـەی (حـەرام بـونو و قەدەغەو رێپێنەدراو) تەنها لەیەك حاڵەتدا هاتوە، ئەویش لەکاتی وەرنـەگرتنی یـەدەکی پێویسـت (واتـە بـەکارهێنانی نەگەیـەنی پزیشـکی) لـە کـاتی ئەنجامـدانی خراپـەو داوێـن پیسـیو بەدڕەوشـتیدا کـە ئەبێتـە هـۆی گواسـتنەوەی نەخۆشـیەکە بـۆ خەڵکانو کەسی تر!!

* هـەروەها دڵنیـاییو دوپـات ئەکرێتـەوە لـە سـەر ئـەوەی کـەوا توشـبوی نەخۆشـی ئایـدز خۆشـی و چێـژ وەرگـریَ لـە هـەموو مافەکانی مرۆڤ بە چاوپۆشی لێکردنی لە هۆکاری توشبونەکە)، واتـە ئـەو کەسـەی (هـەر کەسێك) کـەوا ئینکـاری یـان نەویسـتنی

داوێـــن پیســـی و بەدڕەوشـــتی کـــە ئەبێتـــە هـــۆی گواســـتنەوەی نەخۆشی لەم نەخۆشـەوە، یـان هـەر کەسـێك بـە ئیجبـاریو بـەزۆر داوای ئەنجامـدانو کردنـی پشـکنینە پزیشـکیەکان بکـات، ئـەوا سزا ئەدرێت بە تاوانی جیاکردنەوەو دەستدرێژی بۆ سـەر مـافی مرۆڤ، کەواتـە ئـازاد ئەنجامـدانی کـاری سێکسـی ( لەناویشـیاندا ئەنجامـدانی کـاری سێکسـی نابـاوو نـاوازە) ئـەژمار کـراوە لـە ئامـاژەو رونکردنـەوەی جیهـانی بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ: مافێکـە لـە مافـەکانی، بـەم شـێوەیە ئـەم بەنـدە ئەبێتـە کۆسـپو لەمپـەر لەبەردەم جێبەجێکردنی رێساو یاساکانی ئیسلام کـەوا کۆمەڵگـە ئەپارێزن لە داوێنپیسی و گوناهو بەدکاریو بەدڕەوشتی.

* (دامەزراوە فێرکاریەکان ئەم کێشـەیە ئەقۆزنـەوەو نـانو پیـازی پێـوە ئـەخۆن) هـەروەك لـە دەقـی راگەیێنراوێکـدا هـاتوە، کـە لـە رێگەی فێرکردنی منالأنەوە لە (سێکسی سەلامەتو دڵنیا safe/ sex) ەوە دەبێت.

کـە دەقـی بڕوانامـەو بەڵگەنامـە نێودەوڵەتیـەکانی لەسـەرە لـە کێشەی ئایدزدا، سێکسـی سـەلامەتو دڵنیـا بریتیـە (پێـك دێـت) لـە: رێگـە هەمـەجۆرو جیاوازەکـانی ئەنجامـدانی کـاری سێکسـی فێری منالأن بکرێت لەگـەڵ دورکەوتنـەوە لـە گواسـتنەوەی ئایـدز لـە کـاتی ئەنجامـدانی کـاری سێکسـیدا، کـە ئەمـە ئەبێتـە هـۆی بڵاوبونەوەی داوێنپیسی و بەدڕەوشتی لە نێوان منالأنـدا، بـەوەی کـە ئـارەزوو مـەیلی سروشـتیو فیترییشـیان هەیـە بـۆ جێبـەجێ

کردنی هەموو ئەو وانەو شتانەی کە فێری بون و وەریانگرتوەو، مەترسی و ترسناکی ئەم بەندە ئاشکراو رونە هەروەك لە رۆژنامەی (الحیاه)دا هاتوە لە ژێر ناونیشانی (خوێندکارانی میصری دەستنیشان کراون بە رۆشنبیری سێکسی بە مواسەفاتی عەرەبی) نمونەی ئەم راگەیاندن و بلاوکردنەوەیە (راگەیاندن و بلاوکردنەوەکەی قاهیرەیە بۆ سەرکردە ئاینیەکان) کە ئەکرێ ئەمە سەرەتاو پێشەکیەك بێت بۆ قبوڵکردن و رازی بون بە تێکەڵکردن و کۆکردنەوەو یەکگرتنی کێشە تەندروستیە سێکسیەکان و وەچە خستنەوەو منالبون لە پرۆگرامی خوێندنی هەرزەکارانی هەردوو رەگەز، ئەمەش ئەو هەنگاوە بوو کە روبەرووی دژایەتی و بەرهەڵستیەکی توند بویەوە دوای (پاش) کۆنگرەی دانیشتوان ساڵی (١٩٩٤)ی زاینی، کە ئەوە بوو خاوەن پرۆگرامە ئاسایی ولاساییی کەرەوەکان لە هزرو بیرکردنەوەدا ئیعتباریان کرد (دایان نا) بە بانگەواز و بانگکردن بۆ داوێنپیسی و خراپەو بەدڕەوشتی بەهۆی ئەوەی کە بانگەوازی بۆ ئەکەن یەکێکن لە رەهەندو بنچینەکانی بلاوکردنەوەی تەندروستی سێکسی و شتانی تر.

* (بوارەکانی راگەیاندن بۆ کێشەی ئایدز بە هەمان شێوە ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە) بە شێوەیەکی هاتوو لە بلاوکراوەو ئاگاداریەکاندا: لە راستیدا ئەبێتە هۆی لابردنی پەردەی ترس و سام و شورەیی و شەرمەزاری لە نەخۆشییەکە، ئەمەش کارێکە

ئەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی داوێنپیسی و خراپەو بەدڕەوشتی بە تایبەتی لە لای (لەلایەن) هەرزەکارانی هەردوو رەگەزەوە، بەوەی کە ئارەزوو مەیلی سروشتی و فیتریان هەیە بۆ لاسایی کردنەوە، بەڵگەشمان لەسەر ئەمە بەهۆی توێژینەوەکانی راگەیاندنە جیاوازەکانەوە کە جێگیر بوە کەوا سەیرکردنی فلیمە توندوتیژو تاوانکاریەکان و، پێدانی مادە هۆشبەرەکان لەو هۆکارانەن کە ئەبنە هۆی هەڵەکردن لەلای منالاًن و هەرزەکاران.

* هەروەها مزگەوتەکان و کڵێساکانیش بەهەمان شێوە ئەم هەلەیان قۆستۆتەوەو نەخۆشی ئایدز وەك نەخۆشیەکانی تر باسی لێوە ئەکەن و حسێبی بۆ ئەکەن، بەلاًم بە دڵنیاییەوە کە نەخۆشی ئایدز (بەلاًیەکە لە خواوە/ لەلایەن خواوەیە) بە چاوپۆشی لە هۆکارەکانی توشبون: لە دەربارەیەوە شکانی پەردەی ترس و سام شورەیی و شەرمەزاری لە نەخۆشییەکە، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی هاندان و برەودان بە بڵاوبونەوەی داوێنپیسی و خراپەو بەدڕەوشتی بەشێوەیەکی زۆر فراوان.

* بڵاوکردنەوەو هۆشیاری و ئاگاداریەکە ئەوە ئەگرێتەوە کە لە ناخ و ناوەرۆکدا دان نانە بە ئەنجامدانی کاری داوێنپیسی و خراپەو بەدڕەوشتی و، بازرگانی پێوە کردنی، ئەمەش لە ڕێگەی بەندێکەوە (دوپات کردنەوەو دڵنیابون لە سەر گرنگی و پێویستی گەیشتنی بە کەسانێکی زیاترو زۆرتر بێجگە لەو بۆ توشبونیان بە نەخۆشی ئایدزو بڵاوکردنەوەی لەنێوانیاندا،

دوپــات كردنــەوەو دڵنیــابون لــە ســەر گرنگــی هەمــەجۆری دەرگاكــانو ڕێگاكــانی گەیشــتن بــەم چــینو توێــژو كەســانو خەڵكانی تره، بەتایبەتی ئەو كەسانەی كە بازرگانی بە سێكسو كڕیارەكانیــان (مەعمیلــەكانیان) ئەكــەنو، بەكارهێنــەرانی مــادە هۆشبەرەكانو لە ڕێگەی دەرزی لێدانەوە، ئەو پیاوانەی كە كاری سێكسی ئەكەن لەگەڵ پیاوانداو، تەواوی ئەو كەسانەش كە خوو نەریتی خراپو زیانبەخشیان هەیە، كاتێك كە دانبنرێت بە بونیانداو ئەویش تەنها بە باسكردنو ناوهێنانی ئەم دەستەو تاقمانە، واتە ڕەزامەندبوونە بە خوڕەوشتیان، زیاترو باشتر لەوەش دوركەوتنەوە لە باسكردنی هەر شتێكو شێوەو وێنەیەك كە لەسەر دەستی ئەوانەوە كرابێتو رویدابێت، یان واژۆكردنی هەر پاداشتێكی سزایی لەسەریان، كە ئەمەش ئەبێتە هۆی مەترسیەكی گەورە لەسەر نەتەوەیەك.

* ئاگاداریو هۆشداریو بڵاوكردنەوەكان بەرژەوەندی تاك پێش ئەخەن بەسەر بەرژەوەندی كۆمەڵگەدا كە ئەمەش دژایەتیەكی زۆر توندەو یەك ناگرێتەوە لەگەڵ مەبەستەكانی شەرعو بەرنامەی خوادا.

## دوای ڕاگەیەندراوەكەی قاهیرە چی روویدا؟

دوا بەدوای دەرچونی ئاگاداریو هۆشداریو بڵاوكردنەوەكەی قاهیرەی ساڵی (٢٠٠٤) زاینی دەركردنی (رابەری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربونەوەو ڕوبەڕووبونەوەی ئایدز) لە ژێر چاودێری

بەرنامەی ئینمائی (گەشەسەندوویی)نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کە تیایدا کۆمەڵێك نامە لە خۆی دەگرێت بۆ (پێشەوایان، بانگخوازان، گەنجان و لاوان، کۆمەڵگە، توشبوانی ئایدز)، رابەری ئیسلامیش هەمان هۆکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە بەرهەڵستی و بەرەنگاری کردنی ئایدزدا پێشکەش کرد کە بریتیە لە: ABC [٧]

هەر بەهەمان شێوە دەرچونی (رابەری مەسیحی بۆ بەرەنگار بونەوەو روبەڕوبونەوەی ئایدز) لەسەر هەمان شێوەی وەك رابەری ئیسلامی، هەروەها گرێبەستی ژمارەیەك لە خولی راهێنان تەواو بوە، کە خولەکان بۆ راهێنانی پیاوانی ئاینیە کە مەبەستیان هوشیارکردنەوەی جەماوەرو خەڵکانە، بە دوو بەڵگەی ئیسلامی و مەسیحی کە لە دیمەشق بەڕێوە چوو، هەروەها لە تەرابلوس ی خۆرئاوا لە لیبیا و لە مەغریب و لە یەمەن و لە کوەیت. هەروەها سندوقی ئینمائی (گەشەسەندوویی) نەتەوە یەکرتووەکان وۆرك شۆپ ێکی ساز کرد لەگەڵ سەرکردە ئاینیە ئافرەتە عەرەبیەکان لە تەڕابلوسی

---

[٧] سەیری (ڕێگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستن لە ئایدز)-لاپەڕە٢١
جەخت /دوپات کردنەوەی ئەو رابەرەی کە لە سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکانی ئینمائی دەرچووە کە هەمان رێگان لەگەڵ راستکردنەوەیەکی کەمداو زیادکردنی (پاکداوێنی لەگەڵ دورکەوتنەوە لە ژن هێنان)و (هاوسەر (پیاو) سۆزو وەفای هەبێت بۆ شەریك و دۆستەکەی)، لەگەڵ دڵنیا بون لە بەکارهێنانی (نەگەیەنی پزیشکی/العازل الطبي) بۆئەوانەی سورن لە سەر ئەنجامدانی کاری داوێن پیسی و بەدڕەوشتی.

**خۆرئاوا لە لیبیا، تیایدا (ئاگاداری‌و هۆشداری‌و بلاَوکردنەوەی تەڕابلوس بۆ سەرکردە ئافرەتە ئاینیە عەرەبیەکان بۆ بەرەنگار بونەوەو روبەروبونەوەی ئایدز) دەرچوو، کە کۆمەڵێك لە راسپاردە پێشکەش کرا گرنگترینیان: پێویستی‌و گرنگی زیادکردنی رۆشنبیری سێکسی بۆ ناوەندەکانی خوێندن (خوێندنگاکان).**

**هەروەها ولاَتە ئیسلامیە (نا عەرەبیەکان) وەك پاکستان، کە بەش‌و پشکی هەیە لە هەوڵدان‌و تێکۆشان بۆ دامەزراندن‌و بەکارهێنانی گوتاری ئاینی بە گرێبەست لەگەڵ (وۆرك شۆپ) کە مەبەست تیایدا پیاوانی ئاینییە، بەڵکو کاری رابەر بۆ بەرەنگار بونەوەو روبەروبونەوە نەخۆشی ئایدز تەواو بوە، لەسەرشێوەی وەك رابەری ئیسلامی پێشوو کە باسمان کرد [٨]،**

**هەروەها لە بەنگلادش لە دیسمبری ٢٠٠٣دا – لە چوار چێوەی پێشەکی هاوکاری‌و یارمەتی بۆ بڕیاردەرانی سیاسی‌و کەسایەتی ئاینی– زیاد لەوەش سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دانیشتوان، هەروەها وەزارەتی کاروباری ئاینی کۆنگرەیەکی بەست بۆ گەل و میللەت بەمەبەستی راهێنانی سەرکردە**

---

**[٨] پاکستان بە پاڵپشتی(پشت ئەبەستێ) زانایانی ئاینی لە بەرەنگار بونەوەو روبەروبونەوە نەخۆشی ئایدزدا و، بە ئامۆژگاری‌و (بلیت نیشان/ملصقات)کە ئایەتی قورئانیان تیایە بۆ رێپیشاندان– رۆژنامەی شرق الاوسط ژمارە(٩٩،١٠٠) رۆژی (٢٣ی یولیو٢٠٠٦).**

ئاینیەکان لە بواری تەندروستی وەچەو نەوەو مافی ئافرەتو ڤایرۆسی کەمی بەرگری مرۆیی.

هەروەها جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانەش بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان دەبێت کەوا جەختی کردۆتەوە لەسەر گرنگی پشت بەستن بە سەرکردە ئاینیەکان داوای هاوکاریو یارمەتی لێیان [٩]

## هۆکاری پێنجەم: سەپاندی پەیوەستبونی سیاسی لەلایەن وڵاتانی جیهانییەوە بە دیدو بۆچون تێڕوانینو پلانەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەرەنگار بونەوەو روبەڕوبونەوەی ئایدزدا.

ڕێکخراوی کاری نەتەوە یەکگرتوەکان یەکێکە لە هەموو کێشەکان، جا لە روی کارەوە (کارکردنەوە)بێت لەسەر دوولاو دوو هێڵی هاوڕێك ئەوانیش بریتین:

ڕێڕەو ئاڕاستەی حکومیو ڕێڕەو ئاڕاستەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان هەوڵی پێوەندکردن و کۆتکراوکردنی وڵاتانو گەلان بەڕێکەوتنێك لە پلەیەکی بەرز لە پلەکانی

[٩] مثال: بەندی١٠٨/ح–پکین): زۆرو زیاد کردنی ئەڵقە(هەڵقە)ی کارو فێرکاریو راهێنانو ( کارکردنو فێرکردنو ڕاهێنان) بۆ تایبەتمەندو پسپۆڕان کە پەیوەندیان هەیە بە خۆپاراستن لە ڤایرۆسی ئایدزو نەخۆشیەکانی تر، کە لە رێگەی پەیوەندی سێکسیەوە ئەگوازرێنەوەو، ئەنجامو داهاتوی لەسەرهەریەك لە( ئافرەتو پیاو لە هەموو تەمەنێك) بۆ(دایكو باوكو بڕیار بەدەستەکانو را سەرکردەییەکان لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە ناوخۆییەکان، یەکێ لەوانەش دەسەڵاتی ئاینیو ئاساییەکان .

زۆرلێکـردن‌و ناچـارکردن، بـەجۆرێك کـە وڵاتـان نـەتوانن لێـی دەربازبن‌و لێی پەشیمان ببنـەوە، لـە یـەکی (١) دیسـمبر (کـانونی یەکـــەمی) ســـاڵی (٢٠٠٠)دا ئەمینـــداری گشـــتی نەتـــەوە یـەکگرتوەکان نامەیـەکی دەرکـردو بڵاوکـردەوە بـە بۆنـەی رۆژی جیهـانی (کـەمی بـەرگری بەدەسـتهاتووی پێویسـت) کـە تـەرکیزو چـڕکردنەوەکەیان ئاشـکراو دیـارە، کـە لەسـەر پەیوەسـت بـونی سیاسی بۆ وڵاتان‌و، بە راستی لـە ساڵی (٢٠٠٠)دا شێوەی ئـەم پەیوەست بونە سیاسیە زۆر بە ئاشکرا دەستی پێکرد، کاتێك کە خوڵی (٢٦) هەمینی کۆمەڵەی گشتی لە (٢٥ بۆ ٢٧ی یونیۆ ساڵی ٢٠٠١) پشتی بەست بە (ئاگاداری‌و هۆشداری پەیوەست بون بـە دەربارەی ڤایرۆسی کەمی بەرگری مرۆیی).

لـە رێـڕەوی سـەپاندنی پەیوەسـبونی سیاسـی‌و پێوەنـدکردن و کۆتکراوکردنی وڵاتان بە کۆنگرەیەکی جیهانی گرێبەست لەسـەر ئایـدزو نەخۆشیە سێکسیەکان لـە ئـەفریقیا لـە ١٣/ ٢٠٠٣/٩ دا، کە چەند هێڵکی سەرەکی دانراو پێیـان وت (Three ones) و باوەڕپێپێکراو دانی پێدانرا لەلایەن وڵاتانی بەشدار بووەوە،

وە Three onesپێك دێت لە:

١- رێکەوتن لە سەر دانانی چوار چێوەیەکی کرداری‌و کردەیـی بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی ئایـدز کـە ببێتـە بناغەیـەك بۆ وەك یـــەککردن‌و چـــونیەککردنی کردەوەکـــانی هاوڕێکـــانی، کـــە دەسـتەبەرکردن‌و زەمانـەتی یـەکبون‌و یەکخسـتنی لـەناو سـنورو

چوار چێوەی پلانی نیشتمانیو نەتەوەیی بۆ وڵاتان وەك بەشێك لە بەرنامەکانی بەخشینی وڵاتان لەم بوارەدا.

٢- وەك یـــەککردنو چـــونیەککردنی بەرنامـــەکانی ئایـــدزی نەتـەوەیی لەگـەڵ ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـە دوانەییـە هەمـەجۆرو هەمە چەشنەکان.

٣- ڕێکـەوتنی لەسـەر ئاسـتی چـاودێریو ڕێكوپێـك کـردنو راستکردنەوە لە وڵاتتدا.

## هەڵوێســـتی (ئیســـلامی- مەســـیحی) رەد کـــراوو پەسەندنەکراو.

لە ساڵی ٢٠٠٦ لە نیویۆرك لە ماوەی ٣١ ی مایۆ بۆ ٢ ی یۆنیـۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆنگرەیەکی لەسەر ئایـدز گرێـدا کـە تایبـەت بـوو بـۆ هەڵســەنگاندنی جێبــەجێکردنی حکومەتەکان لەماوەی ٥ پێنج ساڵی رابردودا، کە لـە بەنـدێك لـە بەندەکانیدا هاتووە (بەندی ٢٩)

بـۆ نمونـە:(( -ئێمـەی وڵاتـان- پەیوەسـتین بـە چـڕکردنەوەی هــەوڵو تێکۆشـانەکانمان لــە پێنــاو دەرکردنــی یاســاکانو ڕێکخراوەکـانو شـتانی تـر لـە ڕێکخسـتن وسـازاندنی داهێنانـە دەســتەبەرەکانو گرتنــەخۆکان لەســەر هــەموو شــێوازو شـێوە جیاکردنـەوەو جیاکاریـەکان دژی توشـبوان بـە ڤایرۆسـی ئایـدزو خـەڵکانو کەسـانی تاقمـە لاوازەکـان، گرتنـەخۆی تـەواوی چێژ

وەرگتنـەکانی هـەموو مـاف و ئازادیـە سـەرەکی و بنەرەتیـەکانی مـرۆڤ، لـە هـەمان کاتیشـدا ڕێزگرتنـی تایبەتمەنـدیان و دانـانی سـتراتیژیەکان کــە ڕووبــەڕووەکانی پەیوەســت بــە پــەتاو نەخۆشـیەکە بگرێتـە خـۆ، دورکەوتنـەوە لـە نـەنگی وشـورەیی ودورەپەرێزی کۆمەڵایەتی))

لـە کـاتی دەرکـردن و بڵاوکردنـەوەی وتـەی کۆتـایی کـۆنگرەدا، هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقی و دوڵەتە کاثولیکیـەکان و کۆمـەڵێك لـە وڵاتانی ئیسلامی دژایەتی و بەرهەڵستکار بون (دژ بون بەو وتـەی کۆتاییــە) لــەناو ڕێکخــراوی کــۆنگرەی ئیســلامیدا —لەســەروی هەمویانـەوە مصـر— کـە نـاوەرۆکی ئاگاداریەکـە هێمایـەك بـو، بۆ ئەوەی کـە پـەتاو نەخۆشـیەکە بەشێوەیەکی خێـرا بڵاو ئەبێتـەوە لەوانەی کە زیـاتر چانسـی توشبونیان هەیە بە ڤایرۆسـەکە، کـە ئــەوانیش بــریتین (پێــك دێــن) لــە (نــامۆو نــاوازە خووەکــان و سـۆزانیەکان و ئەوانــەی مــادە هۆشــبەرەکان بــەکار ئــەهێنن لــە ڕێگەی دەرزی لێدانەوە)، بە جۆرێك کـە تـەنها بـە ناوهێنـانی ئـەم کۆمــەڵ و تاقمانــە واتــە ڕازیبــون لــە ســلوك و خــوو ڕەوشــتیان، هەروەها دژایەتی خۆیان دوپات کردەوە (دژبون) لەسـەر هانـدان بۆ بەکارهێنانی (نەگەیەنی پزیشکی) لەترسی ئەوەی ئەمە ببێتـە نمونــەی دانپیانــان یــان چاوپۆشــی لــە چــالاکیە نــا شــەرعی و نادروسـتەکان، یـان دانپیانانـە بـە ئەنجامـدان و کردنـی کـرداری سێکس بەشێوەیەکی ناشەرعی و نادروست واتە (زینا).

مصر دەستی پێکرد- لە نوسراو (ڕاگەیاندن)ێکدا کە وەزارەتی دەرەوەی میصری دەریکرد تیایدا (ڕازی نەبوو ڕێگەی نەداو بەیاننامەکەی پەسەند نەکرد بە یاسایی کردنی هەندێ خوو ڕەوشت کە پێچەوانەی یاساوبنەماکانی ئیسلامە بە بەڵگەی چارەسەر کردنی نەخۆشی ئایدز، یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ پەیوەندیە فرە (هەمە) لایەنەکان سەفیرە (نائلە جبر) (( میصر لە کاتی کۆنگرەکەدا هیچ ناڕەزاییەکی دەر نەبڕی لەسەر یەکگرتنی ئاگاداری/هۆشداری یان ئامانج و مەبەستەکان یان پلانی کاتی، بۆ دابینکردنی(بیمە)ماف و هەق لە چارەسەرو خۆپارێزی(خۆپاراستن)دا، تەنها ڕازی نەبوو بە هەوڵ و تەقەلای هەندێ لە دەوروبەر، قۆستنەوەی کێشەی ئایدز وەك بیانویەك بۆ سەپاندنی بەهاوقیەمی ڕۆژئاوای نەویستراوو ڕەدکراوە، لەسەر کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامیەکان) (نائلة جبر) ڕونیکردنەوە کە بەهاو قیەمی کۆمەڵگەی میصری لە شارەزایی عەرەب بون و ئیسلام بونەکەیەوە سەرچاوەی گرتوە، بۆ گفتوگۆو قسە لەسەرکردن ناشێت، بەدڵنیایەوە ڕەددی وڵاتەکەیان ئەکەنەوە کە پەستان و فشار لەسەر وەفدەکان جێبەجێ بکەن، کە زۆریان لێبکەن لەسەر ڕازی بونیان بە شێوە یاسایی کردنی پەیوەندیە نارێکەکان (غیر سویە)، کە پێچەوانەیە لەگەڵ بەهاو قیەمی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی و، زیاد لەوەش (لەگەڵ ئەوەشدا) ئەم فشارو پەستانانە جێبەجێ ئەکرێت لە کاتێکدا کە هەمان

دەوروبەرە دانپێنەرەکان رەدی ئەکەنەوە کە هۆکاری توشبون بە نەخۆشی ئایدز جێبەجێ کردنی کارە رەوشتیە ناڕێکەکانیش بگرێتەوە [10].

ئەمەش وای کرد لە (کوفی عنان) بێ هیواو بێ ئومێد ببێت لەو ئاگاداریو هۆشداریو رونکردنەوەیە، داینا بەوەی کە جیهان لە تاقی کردنەوە دەکەوێت لەو وەفا بە گەڕانەوەیەی کە بڕیویەتی پێش (٥) پێنج ساڵ لە بەرەنگار بونەوەو رووبەڕوبونەوەی ئایدزدا، عنان وتی ((زۆربەی زۆری (الساحقه) لە وڵاتان سەرکەوتوو نەبوون لەپەیوەست بوون بە وەفاو بەڵێنەکانیان بەجۆرێك بوە هۆی دارِمانو دامرکانەوە))، کاتێك بینی کە پێویستەو ئەبێت ناوی ئەو تاقمو کەسانە بهێنریت کە زیاتر چانسی توشبونیان هەیە بە نەخۆشیەکە (ئایدز) ئەوانیش: کەسە (شازو نامۆو جیاواز)و داوێن پیسو سۆزانیو ئالودەبوەکانن [11]، هەروەك چۆن –بەپێی وتەکانی کوفی عنان–

---

[10] راپۆرتی ساڵانەی ئایدزی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ساڵی ٢٠٠٦.

[11] نەتەوە یەکگرتوەکان سورە لەسەر گرنگی پێویستبون بە داننان بە (ناوازەو نامۆو جیاواز)و داوێن پیسو سۆزانی یەکان)،

لەبەرئەوەی –بەپێی دیدو تێڕوانینی ئەو– دانپێدان نەنانو حساب نەکردن بەم تاقمو کۆمەڵانە، یان دانپێدانانی نەرێنی پێیان– واتە تاوانبارکردنی خوڕەوشتیان– پەراوێز خستنیانو دورخستنەوەیان لە هەر هەڵسوکەوتێکی ئەرێنی لە چوارچێوەو سنوری هەڵمەتەکانی هۆشیاریو خۆپاراستن (د.وحيد القرشيشي: (پێداوچونو شیکاری یاساکانی پەیوەیست بە نەخۆشی ئایدز) –راپۆرتی (تونس– المفوضية السليمه) بۆ مافی مرۆڤ –سبتمبر٢٠٠٥ .

بــەهاتنی ســاڵی ٢٠٠٥ کــەوا پێویســتە لەســەر زانیــاریو ڕۆشـنبیرکردنو خزمـەتی پێویسـت بەدەسـت بخـەین کـە کـەمتر نـەبێت لـە (٩٪) لاوانو گـەنجانی تەمـەن (١٥–٢٤) سـاڵ بـۆ خۆپاراستنیان لە توشبوون.

لە سەر هەمان پرۆگرامی زۆرەملێی سیاسی ڕێکخراوەکانی ترو هەیکـەلو پەیکـەری نەتـەوە یـەکگرتوەکان کاربکـەن لەسـەر سـتراتیژیەتی بەرنامـەی نوسـینگەی هەرێمایـەتی ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست بـۆ ڕوبەڕوبونـەوەو بەرەنگار بونەوەی ئایدزو نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان .

لەبەرئـەوە دەردەکـەوێتو دەبینرێـت کـە ئاسـتی کـارکردنی نێودەوڵەتی لە ڕوبەڕوبونەوەو بەرەنگار بونەوەی ئایدزدا لـە سێ خاڵدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە:

١– کــارکردن لەسەرئاســتی نەتــەوە یــەکگرتوەکانو وەکیلــە پسپۆڕو تایبەتیەکانی.

٢– کــارکردن لەســەر ئاســتی هەرێمایــەتی، وەك هــەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٣– کــارکردن لەســەر ئاســتی وڵاتــان، ئــەویش بــە دانــانی پرۆگرامێکـی نەتـەوەیی بـۆ ڕوبەڕووبونـەوەی ئایـدز لـە هـەموو وڵاتێك.

## هۆكـاری شەشـەم: نەتـەوە یەكگرتوەكانـە یارمـەتی دارایی‌و هاوكـاری كردنـی بەرنامـەی روبەڕووبونـەوەو بەرەنگاربونەوەی ئایدز دەكات لە وڵاتە هەژارەكاندا.

لە رۆژی جیهانی ئایدز ی ساڵی (٢٠٠٦)دا كە وتاری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان (كوفی عنان) رون‌و ئاشكرا بوو لە چڕكردنەوەی لەسەر بواری ماڵیدا، كاتێ كە وتی ((ئەمڕۆ نزیكەی ٨ ملیار دۆلارمان هەیە، ساڵانە بۆ هەوڵ‌و تێكۆشان‌و روبەڕوبونەوەو بەرەنگاربونەوەی ئایدز لە وڵاتە گەشەسەندو پێشكەوتوەكاندا، بەرامبەر (٣٠٠) سێ سەد ملیۆن دۆلار پێش گرێبەستێك لە ئێستادا)).

بەڵام سەبارەت بە ئاراستە كردنی ئەم ماڵ‌و سامانە زۆرو زەبەندەیە، بەڕێوەبەری جێبەجێكردنی بەرنامەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ نەمان‌و نەهێشتنی ئایدز (بیتر بیوت) ئەڵێت: ((نیوەی تەواوی ئەو ماڵ‌و داراییەمان دیاری كردوە بۆ خۆپاراستن لە بەرژەوەندی بەرنامەكانی (الامتناع Abstinence،والاخلاص Be Faithful ، واتە نیوەكەی تری ماڵ‌و داراییەكە والاخلاص بۆ بەرژەوەندی زۆركردن‌و بەردەست خستنی نەگەیەنی پزیشكی (Condoms )بەجۆرێك لەبەر دەستی هەمواندا بتوانرێت بەكار بهێنرێت.

## یارمەتی دارایی‌و هاوکاری کردنی ئەم بەرنامەو پرۆگرامە لە وڵاتە هەژارەکاندا.

یارمەتی دارایی‌و هاوکاری کردنی بەرنامەو پرۆگرامی روبەڕووبونەوەوبەرەنگاربونەوەی ئایدز لە وڵاتە هەژارەکاندا، لەڕێگەی دامەزراوەی (ماڵ‌و دارایی نێو دەوڵەتیەوە) بەچەند شێوەو شێوازی جیاواز دەبێت:

**یەکەم:** هاوکاری لەگەڵ وەکیلەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان تایبەت‌و بایەخدەر بە نەخۆشیەکە.

**دووەم:** هاوکاری لەگەڵ حکومەتی نیشتمانی، ئەویش بە داڕشتن‌و دانانی بەرنامەو پرۆگرامی تایبەت بە دژایەتی‌و بەرهەڵستیکردنی نەخۆشی ئایدز.

**سێهەم:** هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەمەشیان دوو ئاراستە وەردەگرێت، ئەوانیش (یاسای کاری نەتەوە یەکگرتوەکان)، کە هەموو دانیشتن‌و کۆبونەوەیەکیان ئەبێت بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان تایبەتن بە وەفدە فەرمیەکان کە نوێنەرایەتی دەوڵەت‌و حکومەتی نیشتمانی ئەکەن، بەشەکەی تریان هاوسەنگی‌و هاوکێشەیەکی جیاوازو تایبەتە بە کۆمەڵگەی مەدەنی یەوە.

بە زۆری ئەم بەشەیان ئەبێتە چاودێر یان تەنانەت ئەبێتە ناوبژیوان‌و داوەرێك لەسەر حکومەتەکان،

بەم شێوەیە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەگۆڕێن و ئەبن بە وەکیلی نەتەوە یەکگرتوەکان بەهۆی ئەو ماڵ و داراییە گەورەو زەبەلاحەی کە ئەم ڕێکخراوانە بەسەریاندا ڕشتون ، لە کۆتایشدا ئەبنە یەکێك لە ئامڕازەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە جێبەجێکردنی دیدو تێڕوانین و سیاسەت و فیکرو بیرو بۆچونیان.

((ماڵ و دارایی بیانی هیچ شتێك نیە مەگەر تەنها یەکێکە لە گرنگترین هۆکارو ئامڕازو ڕێگەیەکی یاساشکێنی و دەستدرێژیەکی دەرەکیە لەژێر ئالای شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ گێڕانەوەی وێنەی نەخشەی کۆمەڵگاکان لە زۆر شوێن و هەموو لایەکی جیهاندا.

بۆیە ئەم کرداری یاساشکێنی و دەستدرێژیە یارمەتیدەرێکە بۆ دەرکەوتنی ناوەندو مەڵبەندی هێزی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە گۆڕەپانی نیشتمانی لە وڵاتە جیاوازەکاندا، کە حەزو مەیلی هەیە لە هاوکاری و، توانای هەیە لە سەر ئەجندای دەرەکی و رەواجدان و گرنگی پێدانی.

هەوڵدان بۆ بەشکردنی کێکی ماڵ و دارایی لەگەڵ حکومەتەکان کە هەوڵدانە جارێکی تر بۆ دوپاتکرنەوە و دڵنیابون لە تێکەڵکردنیان لە یاسای جیهانیدا و، لە ڕێگەی رازی بون بە سیاسەتەکانی جیهانگیری/جیهانگەرایی ئیتر لە بازرگانیدا بێت یان لە مافی مرۆڤدا.

دەرکەوتنی باس و بابەتی هەڕەشەو گوڕەشە بە بڕین و نەدانی بەخشش و یارمەتیە نێودەوڵەتیەکان کاتێك کە ڕێکخراوەکانی ماڵو دارایی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان وتارێك ئەدات تیایدا بەزۆر بەکارهێنانی ڕەچەتەی چارەسەر کە ڕێکخراوە نێو دەوڵتیەکان پێشکەشیان کردوەو نواندویانە، ئیتر بە کارکردن بێت لەسەر شکاندنی پەردەو دیواری بێدەنگی، بە مەبەستی لابردنی نەنگی وشورەیی لەسەر نەخۆش و نەخۆشی ئایدز، یان کاتێك کە ڕێکخراوە ماڵو داراییە نێودەوڵەتیەکان بڵاوی ئەکەنەوە کەوا شاردنەوەو دەرنەخستنی زانیاری تایبەت بە ئایدز یان کەم دەرخستنی مانای وانیە (ئەوە ناگەیێنێ) کە هۆشیاری بە نەخۆشیەکە لاواز بووە.

هەروەها بەشداربون تەنها بە بڵاوبونەوەیەو بەس، بەڵکو شاردنەوەی یارمەتیە نێودەوڵەتیەکانیشی لێدەکەوێتەوە.

## پوختەی ڕێگاکانی خۆپاراستن لە نەخۆشی لە بەرنامەو پرۆگرامەکانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا.

لە ڕاپۆرتی ساڵانەی بەرنامەو پرۆگرامی ئایدزی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵی ٢٠٠٦دا هاتووە ((مەبەستە ئەخلاقیەکان بۆ دژایەتی و بەرامبەر وەستانەوەی ئایدز پێکدێت لە:

(چێژ وەرگرتن، دواخستنی ئەنجامدانی کاری سێکسی لە نێوان کەم تەمەنەکاندا، یەکخستن و یەکبونی پەیوەندیە سێکسیەکان، کەمکردنەوەی ژمارەی شەریك و هاوڕێکان لە پەیوەندیە

سێکسـیەکاندا، بـەکارهێنانی راسـتو دروسـتو بـەردەوامی نەگەیەنی پزیشکی بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە نەخۆشیەکەی تێدا بلاّوبۆتـەوەو، داوای خۆپاراستنێکی کاریگـەر ئـەکرێت بـۆ نەخۆشی ئایدزو گۆڕانکاریەك بێت لە دابو نەریتە نیشتەجێکان و دابو نەریتە کۆمەلاّیەتیەکانی پەیوەست بە سێکس.

لەبەرئـەوە ئەنجامـدانی کـاری سێکسـی نـا سـەلامەت بەشـدارە (هۆکـارە) لـە بلاّوبونـەوەی نەخۆشـی لـە ئـەفریقادا، قـایلکردنی کەسە چالاکەکان لـە سێکسـدا بـە رازیبونیـان بـە کەمکردنـەوەی ژمـارەی شـەریكو هاوڕێکانیـانو یەکخسـتنەوەی هـاوڕێو شەریکەکەی، ئەمەش ئەبێتە کارێکی چارەنوس سازو هۆکارێك ئەبێت لە سەرکەوتنی هەوڵە خۆپارێزیەکان لە نەخۆشی ئایدز بۆ ماوەیەکی دورو درێژ)).

هـەروەها لـە بەرنامـەی هەڵمەتـە جیهانیـەکانی روبەروبونـەوەو بەرەنگاربونـەوەی ئایـدزی سـاڵی ٢٠٠٠ هـاتووە کـە نەتـەوە یەکگرتوەکان دەریکردووە بەم شێوەیە:

((لێرەدا چـەند رێگەیـەك هەیـە بـۆ خۆپاراسـتن لـە گواسـتنەوەی سێکسـی بـۆ ڤایرۆسـی کـەمی بـەرگری مرۆیـی، کـە ئـەم خالاّنـە ئەگرێتەوە:

Abstinence* چـێژوەرگرتن، Be Faithful to your Partner* وەفـاداری بـۆ هـاوڕێو شـەریکەکەت .(Condom) بەکارهێنانی نەگەیەنی پزیشکی.

**يەكەم:** چێژوەرگرتن Abstinence، مەبەست لە چێژوەرگرتن لە زمانی نەتەوە یەكگرتوەكانەوە بریتیە لە:

- ئاوهێنانەوە بەدەست (دەست پەڕ).
- دەسپەڕلێدانی دوانەیی(جووتە)یی.
- ئەنجامدانی كاری سێكسی بەبێ دەست لێدانی كۆئەندامی زاوزێ.
- ئەنجامدانی كاری سێكسی لە ڕێگەی دەمەوە بەبێ فڕێدان بەدەم.

**دووەم:** وەفاداری بۆ هاوڕێو شەریكەكەت ( Be Faithful to your Partner) لە بەڵگە نامە وبڕوانامەكانی نەتەوە یەكگرتوەكاندا، واتای وشەی (Partner)

واتە هەرجۆرێك لە هێمنی وئارامی لەنێوان دووكەسدا و، پیاو ژن ( ئەگەر چی بە شێوەیەكی شەرعیش ڕێكنەكەوتبن)، یان پێكەوە ژیان لە نێوان دوو پیاودا یان دوو ژندا.

**سێهەم:** بەكارهێنانی نەگەیەنی پزیشكی Condom) :

لە بڕوانامەی كۆنگرەی قاهیرە بۆ نیشتەجێ بوون ساڵی ١٩٩٤ دا لەژێر بەندی چارەسەركردنی ئایدزدا هاتووە ((پرۆژە وا ئەبینێ كە پێویستەو دەبێت هانی بەكارهێنانی (نەگەیەنی پزیشكی) جۆری چاكو باش بدەینو، بەشێوەیەكی باوەڕپێكراو بهێنرێنو دابەشبكرێن، توخمێكە كە جیاناكرێتەوە لە هەموو خزمەتەكانی چاودێری تەندروستی كۆئەندامی زاوزێ، هەروەها

پێویستە لەسەر هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکان –بەتایبەتی ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی– کە بەشێوەیەکی گەورەترو فراوانتر زیاتر بکرێت، هەروەها کارکردن لەسەر (اتاحە/ پەیداکردن‌و بەدەستخستنی) نەگەیەنی پزیشکی‌و دەرمان بۆ خۆپاراستن‌و چارەسەر لە نەخۆشیە گوازراوەکان لە ڕێگەی پەیوەندیە سێکسیەکانەوە، لە مەودایەکی درێژو فراوانداوو ە بەنرخێکی مامناوەندو گونجاو لەگەڵ دەرجکردن‌و تۆمارکردنی لە هەموو لیستەکانی دەرمانە سەرەکی‌و بنەرەتییەکاندا، دەزگای نەتەوە یەکگرتوەکان‌و ڕێکخراوە گرنگیپێدەرەکانی کارو باری تەندروستی خێراو پەلە دەکەن بۆ بانگهێشتکردن بۆ دابەشکردنی نەگەیەنی پزیشکی بەسەر خوێندکارنی خوێندنگاکان‌و زانکۆکان‌و سەربازەکان لە سوپاو لە گرتووخانەکاندا، بەلاّم ئەم دەزگایە هەوڵی نەدا لە سنوری بەرنامەکانیدا کەوا بانگ (بانگهێشت)ی خەڵکی بکرێت بۆ دەستگرتن بە قیەم‌و ڕەوشتە جوان‌و بەرزەکانەوە، یان بانگ (بانگهێشت) بکرێت بۆ زوو(بەزوویی هاوسەرگیری)[12] بۆ ئەوەی

---

[12] زۆر بەداخەوە کە زۆربەی زۆری سیاسەتەکان‌و بەڵگەنامەو بڕوانامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەڕژێتە بەرەو دژایەتی کردنی زوو(بەزوویی) هاوسەر گیری کردن‌و ئەیکاتە توندو تیژیەك دژی منالأنی تەمەن (١٨) ساڵ، لەو کاتەشدا هاندانی ئەنجامدانی کاری سێکسی تیایە بۆ هەرزەکاران لەڕێگەی بەرنامەو پرۆگرامەکانی ڕۆشنبیری سێکسیەوە.

کپکردن ودامرکانەوەی ئارەزوی سێکسی زیانبەخش و بەزیان و ڕێنمایی کرنی بەتایبەتی لەتەمەنی لاویدا.

لێرەدا هیچ ناوێك نیە بەناوی ئەنجامدانی کاری سێکسی سەلامەتو، نەگەیەنی پزیشکی هیچ سەلامەتو دڵنیا نیە بەو مانایەی کە بە تەواوی ئاماژەی پێئەدرێت نە لە ئایدزو، نە لە زۆربەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، بەڵکو بریکارە نێودەوڵەتیەکان خۆیان ئەیخەنە چوارچێوەی ئەنجامدانی کاری سێکسیە ترسناکیە ناوەندیەکانەوە، واتە لە چوار چێوەی تاقمو کۆمەڵەیەکدا پۆلێنیان نەکردوە -دایان نەناوە- ئەنجامدانی کاری سێکسی سەلامەت یان ئەنجامدانی کاری سێکسی کەم ترساناك.

## ئایا نەگەیەنی پزیشکی ڕێگری ئەکات لەنەخۆشی ئایدز.

هەر بۆ زانین لەگەڵ ئەوەشدا کە (داواکاریەکان) وبانگەشەکان بۆ بەکارهێنانی نەگەیەنی پزیشکی ڕێگریو پارێزەرە لە گواستنەوەی ئایدز یان نەخۆشە سێکسیەکانی تر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، ناکرێ پشتی پێ ببەسترێت، بەڵکو نەگەیەن ڕێژەی گواستنەوەی ئەم نەخۆشیانە کەم ئەکاتەوە، بەلاَم بەو گرنگیە ڕێگری ناکات لە توشبوون بە ڤایرۆسی ئایدز، بەجۆرێك کە کونە زۆر وردە مایکرۆسکۆبیەکانی نەگەیەن ڕێگە ئەداتو ئەهێڵێت ڤایرۆسی ئایدز لێیانەوە هاتوو چۆ بکات، لەبەر ئەوەی

قەبارەی کونەکان گەورەترن لە ڤایرۆسی ئایدز بۆیە کەسەکە توشی ڤایرۆسەکە دەبێت، بەتایبەتی لەکاتی بونی برین لە ئەندامە سێکسیە کانیدا، هەروەها لەکاتی ئەنجامدانی کرداری سێکسیدا بۆی هەیە نەگەیەنەکە بدڕێت و کون ببێت، بەو هۆیەشەوە دوبارە ئەبێتە هۆی توش بون بە ڤایرۆسەکە، هەروەها دوای ئەنجامدانی کرداری سێکسیەکە ئەم نەگەیەنە دەرەنجامی لێکشاندنێکی زۆر فراوان و گەورە ئەبێت ئەوکاتە رێگر نابێت لەو ئاوە (شلە/تۆو)ی کە پڕیەتی و ڤایرۆسەکەی تێدایە، هەروەها خوێندنەوەکان و توێژینەوەکان جێگیریان کردوە کە نەگەیەنی پزیشکی هەرگیز رێگر نابێت [١٣] لە گواستنەوەی ڤایرۆسی ئایدزو، دەرئەنجامەکانی ئەم خوێندنەوەو وتوێژینەوانە جێگیریان کردوە کە پەخشنامەو بلاوکراوەی خزمەتگوزاریەکانی ئایدز لە ناوەندی زانیاری ئایدز لە ولاتە یەکگرتوەکانەوە دەردەچێت.

سیاسەتە باوەڕپێکراوەکانی دابەشکردنی نەگەیەنی پزیشکی لە ئەفریقیاو ولاتانی جیهانی گەشەسەندوو ئاماژە بەوە ئەدەن کە نەگەیەن سەلامەت و دلنیاو بێوەیە لە (٪١٠٠) هەر بۆیەش ناوی لێنرا نەگەیەنی نێرینە، لەبەربونی تایبەتمەندی پاراستنی لە

[١٣] نەگەیەنی پزیشکی رێگری لە دوگیانی و سکبون ئەکات، بەلام رێگری و پارێزی ناکات لە ئایدز، قەبارەی ناوەندی کونەکانی نەگەیەن (٥)(میکرون)ە، بەلام ڤایرۆسی( ئیچ ئای ڤی)توشخەری ئایدز ٠,١( میکرون) ە.

نەخۆشیەکان، بەلاَم لە راستیدا یەکێك لە دە (١٠) کەس کە نەگەیەن بەکار ئەهێنن توشی ئایدز بون ( ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بەشێوەیەکی راستو دروستیش بەکاربێت).

رێژەی سەرنەکەوتنی ئەمەش رێژەیەکی گەورە لە نەخۆشیە کوشندەکان بەدوای خۆیدا ئەهێنێت.

یەکێك لە شارەزایانو پسپۆڕانی هەستانەوەی سیاسەتی رەواجدان بە نەگەیەنی پزیشکی وەك پارێزەرێك لە نەخۆشی ئایدز ئەڵێت: ((رات چیە ئەگەرتۆ وەرزشی (بازدان/ خۆهەڵدان) لەهەوادا ئەنجام بدەیتو، پێت بوترێت کە پەڕەشوتەکەت بەڕێژەی لە(٪٩٠) کاردەکات، ئایا ئەم وەرزشە ئەنجام ئەدەیت ؟ )) .

بۆیە ئێمە ئەبینین کە رەواجدان بە نەگەیەنی پزیشکی بۆ پاراستن نیە لە ئایدز، چونکە بەڕاستی نابێتە پارێزەر لە نەخۆشی، بەڵکو بۆ مەبەستی ترە کە ئەویش رێگری کردنە لە دوگیانیو سکبون، دەنگۆی ئەمەش لە راپۆرتێکی بەڕێوەبەری جێبە جێکاری سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ نیشتەجێبون لە ساڵی (٢٠٠٣) ئەبینین کە لەو بارەیەوە ئەڵێت:

(تێکەڵکردنو کردنەوە بە یەکی بەرنامەکانی ڤایرۆسی کەمی بەرگری مرۆیی بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان لەڕێگەی پەیوەندی سێکسیەوە لە گەڵ بەرنامەکانی تەندروستی وەچەخستنەوە (خستنەوەی وەچە) ئەوە ستراتیژیەتە ئەگونجێتو لەوانەیە ببێتە هۆی خستنە روی چاککردنی رێگەی

خۆپاراستن و چارەسەر، هەروەك چۆن ئەبێتە هۆی خستنەروی بێپیتی و کەم خستنەوەی وەچە)).

بەلاّم سەبارەت بە دواخستنی تەمەنی ئەنجامدانی کاری سێکسیەوە، ئێمە سەرنج و تێبینیمان هەیە کە ئەوەی پەشیمان ئەبێتەوە لەمە سیاسەتەکان راست ئەبنەوە دژو پێچەوانەی ئەم رێگەیە، ئەویش لە ژێر پەردەی ئازادی کەسێتی و مافی مرۆڤدا، بەردەوام کۆنگرە یەك لە دوای یەکەکان بەندو [14] برگەیان تەرخان کردوە تیایدا کرداری رۆشنبیری سێکسی بێتە خوارێ بۆ سالّەکانی پێش ئەنجامدانی یەکەم کرداری سێکسی، ئەمەش ئەبێتە هۆی دابەزاندنی تەمەنی ئەنجامدانی کاری سێکسی دەرەنجامی، لە ئەنجامی ئەزمونێك کە لە رۆشنبیرکردنەوە

---

[14] یەکێك لەو بەندانە ((کێشانی نەخشەی بەرنامەیەکی تایبەت و دیاری کراو ئاراستەکراو بۆ پیاوان لە هەموو تەمەنەکان و هەرزەکاران... بەمەبەستی بەدەستخستنی زانیاری تەواوو ورد لە رەوشتی سێکسی و خستنەوەی وەچەی پارێزراوو لێپرسراو! ئەوەش بە بەکارهێنانی خۆبەخشانە بۆ هۆکارە خۆپاراستنە پزیشکیە گونجاوو کاریگەرەکان بۆ خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی ئایدزو نەخۆشیەکانی تر کە لە رێگەی پەیوەندیە سێکسیە کانەوە ئەگوازرێتەوە، ئەمەش لە رێگەی کۆمەڵێك کارەوە ئەبێت وەك چێژبردن، وەك بەکارهێنانی نەگەیەنی پزیشکی (بەندی ١٠٨/ ز- پکین) (لە ژێر رۆشنایی (زۆرپێویست و بەناچاری ) بۆ قەدەغەو رێگری کردن لە حاڵەتەکانی دوگیانی نەویستراو، بلاّوبونەوەی خێرای نەخۆشی ئایدزو نەخۆشی تر لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، (بلاّوبونەوەی دەست درێژی/ شیوع اعتدائات)ی سێکسی و توندوتیژی، پێویستە لەسەر حکومەتەکان کە رێگری بکەن لە سیاسەتە نیشتمانیەکان لەسەر بناغەی تێگەیشتنی چاك بۆ پێویستی بۆ ژیانی سێکسی بۆ مرۆڤایەتی بەرپرسیارە))و راستی رەوشتی سێکسی ئێستا)) (بەندی ٧-٣٧- بروانامەی کۆنگرەی نیشتەجێ بون).

سەرچـــاوەی گرتبێـــت، بـــەردەوام سیاســـەتەکانی نەتـــەوە یـەکگرتوەکان مەبەستیەتی کـە گـەورەترین رێـژەی پێویست لـە نەگەیەنی پزیشکی دابەش بکات هەرچەندە رێگریش دەکات لـە دوگیانی–لەگەڵ تێبینـی رۆشنبیری سێکسی بۆ هـەرزەکاران لـە هەردوو رەگە، بەلأم بە دڵنیاییەوە رێگری ناکات (نابێتە رێگر) لـە گواستنەوەی نەخۆشی ئایدز[١٥]

هەرشـــتێکیش لـــەژێر ناوونیشـــانی (هۆشـــیاری سێکســـی)دا دانرابێـت کـە ئەمینـداری گشـتی نەتـەوە یـەکگرتوەکان جـەختی لەســەر کردۆتــەوەو زۆربــەی زۆری وتــە بەشــداربوەکانی وڵاتــە

---

[١٥] کڵێسای کاثولیکی و ڤاتیکان بەکارهێنانی نەگەیەنی پزیشکی رەدئەکەنەوەو، ئەبینن کە ئایدز زیاد ئەکات بە هۆی بەدەست خستن و پەیداکردنی ئەو نەگەیەنی پزیشکیەوەیە، هـەروەها یەکێك لە (کرادلە) ی ڤاتیکان ئەڵێت: نەگەیەن (پارێزەر نیە) نابێتە پارێزەر لە نەخۆشی ئایدز، لەوانەشە ببێتە یارمەتیدەرێك لە سەر بڵاو بونەوە (لەوانەیە یارمەتی بڵاو بونـەوەش بـدات) BBCء ە ئـەم (وتانـە) قسـانەش لـە دەنگی(ڕادیـۆ) پەخشـکراو لەلایـەن رێکخـراوی تەندروسـتی جیهانیـەوە گوێبیسـتی بـونو وتیـان نامـەو وتـەکانی کاردینـاڵ مەترسیدارە، بۆیە وەلأمیان دایەوەو وتیان: کاریگەری نەگەیەن ئەگاتە (٪٩٠) ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی راستو دروست بەکار بهێنرێتو، لە (٪١٠) شی سەرکەوتوو نابێت بەهۆی خراپ بەکارهێنانیەوە(یان بەکارنەهێنانی بەشێوەیەکی راستو)، هەر بۆیـەش کاردینـاڵیش وەلأمی دانەوەو وتی:( هەرگیز (نەگەیەن/کوندوم) لە (٪١٠٠) پارێزەر نابێت چونکە ئەوە گومڕاکـەرەو، زۆر ترسـناكو مەترسـیدارە قسـەکردن لەسـەر (سێکسـی سـەلامەتو دڵنیـا) چونکە ئەوە (رؤیة/ بینینێکە) شیاوی رەچاوکردنە.

*سەیری: Aids News Service Aids Information Center September ٢ ١٩٩٤

*سـەیری: راپـۆرتی نەتـەوە یـەکگرتوەکان بکـە Repot on the Global AIDS Epidemic ٢٠٠٦ –بەشی ٦ .

خۆرئاواییەکان لە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە مانگی (یونیۆ)ی ساڵی ٢٠٠٦دا دەرئەکەوێت کەوا تێگەیشتنی وشەی خۆرئاوایی و بە خۆرئاوایی کردن)، ئەوە (هۆشیاری) یەکی مەبەستدارە بۆ لابردنی پەردەکانی قیەم و پاشماوە ماوەکان لە (کۆسپ و تەگەرەکان) کە وەك بۆچون و تێڕوانینی نەتەوە یەکگرتوەکان وایە –وەستاوە لەسەر باری کۆمەڵایەتی لە روی بڵاوبونەوەی بەدڕەوشتی و داوێن پیسی لەسەر جیاوازی ئاستەکان و لەنێوان تەواوی تەمەنە جیاوازەکان، ئەوەش یەکئەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە زانراوە لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکانی تر.

## هەڵس و کەوتی جیهانگەرایی لەگەڵ نەخۆشی ئایدزدا

رۆژ ئاوا وەك شارستانیەتێکی دەسەڵاتدارو گەورەو زاڵ سەپاندویەتی بەسەرماناو پێویستی کردوە لەسەرمان و– بەسەر هەموو جیهانیشدا سەپاندویەتی– ئەم فەلسەفەی خۆیە کاتێ کردی بە جیهانی (بە جیهانی کردن)و، مۆرو دروشمەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی دانا لەسەری[16] سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ ئەوەشدا ئیش و کارو کاروباری سەرەکی و بنەڕەتی بڕیاری لە UN Charter نەتەوە یەکگرتوەکان –کە دەقی بڕوانامەی سەر داوە– بریتیە لە: ((پارێزگاری کردن لە جۆری مرۆیی و رۆشنبیری نەتەوەکان و گەلان))

---

١٦

مەگەر ئەوە نیە سیاسەتەکانی بریتی بوە لە کورتە پشکنینی دەرونی گەل و نەتەوە جیاوازەکان بەهۆی هۆکارە دیاریکراوەکانەوە لە بەرەنگارو روبەڕووبونەوەی نەخۆشی ئایدزدا، کە بریتیە لە هۆکارەکانی جێگیرکردنی لاوازی کەڵك وسود ،ئیتر یان لە وڵاتانی رۆژئاوا بێت –کە نەخۆشیەکەی تیا گەشەی کردوەو بڵاوبۆتەوە– یان لەو وڵاتانەی کە پشتیان بەستوە بەم هۆکارانە ، هەرچەندە فکرو بیرو فەلسەفەکانی رۆژئاوا، بەڵکو کارو کردەوەکان و ئیش و کارەکانی لەسەری ئەوەستێت –شایانی ئەوەیە کە ئێمە زۆر گرنگی پێبدەین– ئا ئەوە حەق و مافیانە لە هەڵبژاردن و لە جیاوازیبوندا، خوای پەروەردگار ئەفەرموێ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ ١١٨ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمۡۗ وَتَمَّتۡ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ١١٩﴾ هود: ١١٨ - ١١٩

(١١٨) خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە هەموو خەڵکی ناچار دەکرد تا یەکپارچە ئیمانداربن، بەڵام ئەو زاتە لەبەر هەزاران حیکمەت و دانایی ئازادی داونەتێ، ئەوانیش بەردەوام جیاوازی و کێشەیان لەناودا هەیە...

(١١٩) جگە لەوانەی کە شایستەن کە پەوەردگارت رەحمیان پێ بکات و بەزەیی پیایاندا بێتەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش

دروستی کردوون (واتە ئازادی داونەتیٚ و سەرپشکی کردوون و پەیام و پیٚغەمبەرانیشی بۆ ناردوون تا خۆیان بە ویستی خۆیان ریٚبازی بەهەشت هەڵبـژیٚرن ئەوانیش هەڵیانبـژاردووە) لەلایەکی ترەوە خوای گەورە بڕیاریداوە کە سەرئەنجام دۆزەخ پڕدەکات لە سەرجەم ئەو جنۆکەو خەڵکە بیٚ دین و ستەمکارەی کە ریٚبازی بیٚ دینی و خوانەناسی و ستەم هەڵدەبژیٚرن.

بەڵام بانگیٚشتیان نەکردین بۆ ئەو فەلسەفانە، ئەوەبوو ئەو هەموو هەوڵە خیٚراو چاپوکانەمان بینی بۆ بە زۆر سەپاندنی ئەو فەلسەفانەو کاروکردەوانە بەسەرمانا لە جیهانی ئیسلامیماندا، لە ریٚگەی بڕوانامەی نیٚودەوڵەتی کە دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان دەریئەکەن، جیٚبەجیٚکاری هەموو هۆکارەکان لە (ئارەزوو وهاندان و ترساندن) لە پیٚناو بەریٚوەبردن و جیٚبەجیٚکردنی.

## هەڵسوکەوت لەگەڵ دەرەنجامی کیٚشەکان بەبیٚ هۆکارەکانیان.

لە گرنگترین ووشەی رۆشنبیری خۆرئاوا –کە (فەلسەفەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بەرهەڵستی و بەرەنگاربونەوەی پەتای ئایدز) تەرخان و پیشکەشی کردوە– بریتیە لە هەڵس و کەوت لەگەڵ کیٚشەوداوا و خواستی نەخۆشیەکە، بەڵکو بە تەکنیك کردنی هۆکارەکانی لەسەر ئەم بناغەیە هەڵس و کەوت دەکریٚت لەگەڵ دەرەنجامەکانی کیٚشەی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدز، نەك لەگەڵ

هۆكارەكــەی كــە بریتیــە لــە بڵاوبونــەوەی داوێــن پیســی و بەدڕەوشتی و یان بڵاو بونەوەی مادە هۆشبەرەكان.

جیـاوازی سـەرەكی لـەنێوان دیـدو تێڕوانینـی ئیسـلامی و دیـدو بۆچـونی رۆژئـاوایی بـۆ روبەڕوبونـەوەو بەرەنگاربونـەوەی ئایـدز: ئیسـلام چارەسـەری كێشـەكان ئـەكات بـە شـێوەی چارەسـەری ریشـەیی، لـە كاتێكـدا كـە هـەر لـە بناغـەدا رێگـری و قەدەغـەی هۆكـاری نەخۆشـیەكە ئـەكات بـە یاسـاغ و قەدەغـەكردنی زینـا و بەدڕەوشـتی و ئەنجامـدانی سێكسـی نـاوازەو نـامۆو نادروسـت و هـەموو ئـەو شـتانەی (هۆكارانـەی) ئەبنـە هـۆی ئـەو كارانـە، ئـەو كارەی كەوا وێنای پاراستنی راستەقینە ئەكات لـە توشبوون بـە نەخۆشیە سێكسیەكان.

## پەیڕەو بەرنامەی ئیسلامی لە روبەڕوبونەوەو بەرەنگاربونەوەی نەخۆشی ئایدز

بەرنامـەو یاسـای ئیسـلامی لـە روبەڕوبونـەوەو بەرەنگاربونـەوەی نەخۆشـی ئایـدزدا هەڵئەسـێت و وەسـتاوە لەسـەر كۆمـەڵێك لـە مســلمات/ بەڵگەنەویســتی گرێبەســتی و فەلســەفی لــە كۆبونـەوەكان و سـونەت و یاسـای ئاوەدانكردنـەوەو پەیوەندیـە كۆمەڵایەتیــەكان و، لــە ســەر كۆمــەڵێك لــە یاســاو بنكــەی فەرمانڕەوایی لە روانگەو تێڕوانین بۆ سێ بنەڕەت و بنەما: مرۆڤ، بونـەوەر، ژیـان، ئـەو بنەمایانـە كـە پەیوەندیەكـەی یەكئەگرێتـەوە لەگــەڵ خــواو شــەریعەتە فەرمانڕەواكــەی، دیــاریكردنی

سەرچاوەکانی یاسادانان‌و پێوەرو پێوانەی راستی‌و شێوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان مرۆڤدا، هەروەها یەکتاپەرستی خوای پەروەردگاری جیهانیان‌و، پێوەری شەریعەتی ئیسلامی، سۆزو بەزەیی لە نێوان مرۆڤدا وەك شێوازێکی فەرمانڕەوا بۆ پەیوەندیەکانی نێوان خەڵکی، لەم چوارچێوە گشتیەدا پەیڕەو بەرنامەی ئیسلامی دێت بۆ روبەڕوبونەوەو بەرەنگاربونەوەی نەخۆشی ئایدز، لەو روەوە کە پاراستنی جەستەو پارێزگاری کردن لە جەستە یەکێکە لە گرنگترین مەبەستەکانی ئیسلامی پیرۆزو، یەکێکە لە گرنگترین رێگەی هێز کە پێغەمبەر(ﷺ) لەو بارەیەوە ئەفەرموێ: (المؤمن القوی خیر واحب الی الله من المؤمن الضعیف) موسلم ریوایەتی کردوە.

گرنگترین جیاوازیەك لە نێوان بەرنامەی ئیسلامی‌و سیاسەتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە چارەسەرکردنی پەتای ئایدزدا لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە کە بەرنامەو پەیڕەوی ئیسلامی کار لەسەر وشك کردنی چاوگی نەخۆشیەکەو چارەسەرکردنی سەرچاوەکان ئەکات‌و، شەڕو نەگریسی‌و خراپیەکانی دەورە ئەدات ناهێڵێ تەشەنە بکات، لەکاتێکدا سیاسەتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان پارێزگاری چاوگی نەخۆشیەکە -بە بەرگری کردن ئیتر ئەوەی پێی ئەوترێت مافی هاوڕەگەز بازان‌و ئازادی سێکسی- و کار ئەکات لەسەر گرانی وناڕەحەتی هەڵس‌و

کەوت لەگەڵ پاشماوەو شوێنەوار –بە نمونە تەبەنی کردنی بڵاوکردنەوەی نەگەیەنی پزیشکی– ئەمەش لە دەرگای پارێزگاری کردن لە ئازادی تاکەکان، لەکاتێکدا کە مافەکانی گەل و نەتەوەکان و وڵاتەکان تیایدا پێشێل دەکرێت و تێکدەشکێنرێت، هەوڵ ئەدات کە بەرگری بکات لە سەپاندنی شێوەو شێوازی ژیانی رۆژئاوایی بەسەر هەموو جیهاندا.

## بەرنامەی ئیسلام لە (چاککردن و رێکخستن و راستکردنەوە)ی ئارەزوو (غەریزە)کانی مرۆڤ.

لە راستێتی ئیسلامی پیرۆز ئەوەیە کە بەڕاستی شوانی حەزو ئارەزوەکانی مرۆڤایەتیەو، تەنیا تاکە دەرگایەکی بۆ کردۆتەوەو ئامادەو والأی کردوە بۆ خاڵی کردنەوەی وزەو تواناکانی و چێژ وەرگرتن لە تام و خۆشیەکانی و لە گرنگترینی ئەم خۆشی و ئارەزوانە: خۆشی و ئارەزوی سێکسی، هەر بۆیە سنورو چوار چێوەیەکی پاك و جوان و رێك و پێکی بۆ دیاری کردوە لە رێگەی پەیوەست بون و پەیوەندی نێوان پیاوو ژندا بە پەیمان نامەیەکی بەهێزو توندو ئەستور دەورە دراو بە بەزەیی و سۆزو خۆشەویستی، دانپێدانراوە بەوەی کە ئەم پەیوەندیە تۆکمەیە پێویستیەکە لە پێویستیەکانی ژیان وەك نان و خواردن و پۆشاك، لەو بارەیەوە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ قَالَ تَعَالَى: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ... ﴿١٨٧﴾ ﴾ البقرة: ١٨٧

(١٨٧)(ئەوان وەك پۆشاك وان بۆ ئێوەو ئێوەش وەك پۆشاك وان بۆ ئەوان ...).

بەڵكو دەربڕینەكانی قورئانی پیرۆز سەبارەت بە بنچینەو بناغەی دروستكردنو هێنانە بون، بەوەی كە خوای پەروەردگار ئێمەی لە تەنها یەك نەفس دروست كردوە لەویشەوە خێزان (هاوسەر)ی بۆ دروست كرد، ئەمەش بەڵگەیەكی رونو ئاشكرایە لەسەر رێككەوتن لە مەیلو ویستو حەزو پێداویستی ئەندامیو دەرونی، ئیتر ئەگەر بە واتای ئەوەی كە ژن بەشێكە لە پیاو ئەوا پێویستی بە تەواو بونە چی كەمە بۆی تەواو بكرێت چونكە ژن پێویستی بە پەیوەستبونو نوسان هەیە بە هەموو گشتەوە، یان بە واتای ئەوەی كە ژنو پیاو دروستكراون لە یەك بنچینەو بناغە كە دڵنیا ئەبێت لە پەیوەندی نزیكیوبەزەیی و سۆزو خۆشەویستی فتری (زگماكی) لە نێوانیاندا، ئیسلامی پیرۆز بەو پیاوەی كە پەیوەستە بە ژنێكەوە پێی ئەوترێت (زوجا/ هاوسەری ژن)، هەروەها بەم ژنەش دوبارە ئەوترێت (زوج/ هاوسەری پیاو (خێزان)، ئەمەش مانای ئەوە ئەگەیێنێ كە وێنا ناكرێتو ناماقوڵیە یەكێكیان لەوی تر جیا ببێتەوە، بۆیە ئیسلامی پیرۆز چەند مەبەستێكی بەرزو باڵای بۆ ئەم هاوسەرگیریە دیاری كردوە:

١- لە گرنگترینیان مانەوەی وەچەو بەیەكگەیشتنەوەی نەوەكان یەك لەدوای یەك بەردەوام بون لە ژیان ئەمەش بە رونی دیارە لە

**فــەرموودەو وتــەی خــوای پــەروەردگارو قورئــانی پــیرۆزدا**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ ...١﴾ النساء: ١

**(١) ئەی خەڵكینە لە خەشم و ناڕەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە کەسێك بەدیهێناوە، هەر لەو کەسەش هاوسەرەکەی بەدیهێناوەو پاشان لە نێوان هەردووکیاندا پیاوان و ئافرەتانی زۆری بەدی هێناوە. هەروەها لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمویٚ** قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا وَجَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةٗ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِۚ أَفَبِٱلۡبَٰطِلِ يُؤۡمِنُونَ وَبِنِعۡمَتِ ٱللَّهِ هُمۡ يَكۡفُرُونَ ٧٢﴾ النحل: ٧٢

**(٧٢) هەروەها سەرنج بدەن کە چۆن خوای گەورە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ فەراهەم هێناون تا تەواوکاری یەکتربن و، لە ڕێگەی ئەوانەوە کوڕو کوڕەزاو کچ و کچەزای پیٚ بەخشیون و، لە هەموو نازوو نیعمەتێکی مادی و مەعنەوی بەهرەمەندی کردوون و، ئایا ڕاستە زۆربەی ئەو خەڵکە باوەڕیان بە شتی بەتاڵ و ناحەق هەبێت و ناشکورو سوپاس ناپەرێزبن بەرانبەر ئەو هەموو نازو نیعمەتانەی کە خوای گەورە پێی بەخشیون .**

له ئایەتێکی تردا ئەفەرموێ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ... ﴿٢٢٣﴾ ﴾ البقرة: ٢٢٣

(٢٢٣) ژنانی هاوسەرتان وەك كێڵگەوان بۆتان و شوێنی چاندنی وەچــەن و، جابەهەرشــێوەیەك دەتانــەوێت تــۆو بوەشــێننە كێڵگەكەتانەوە بەهیوای بەرهەم و، هەوڵبدەن دەست پێشكەری بكە ن و، هاوسەری چاك و خواناس هەڵبـژێرن و، لـەوەودواش دوعا و نـزای بـەردەوام بكـەن و پـێش چوونە لایان بڵێن ( اللهم جنبنـا الشـیطان وجنـب الشـیطان مارزقتنـا) واتـە: خوایـە شـەیتانمان لـێ دور بخـەرەوە و هـەر چیەكیشـمان بێدەبەخشـیت لەشـەیتان بـەدووری بگـرە و، لـەخوای گـەورە بترسـن و خۆتـان لەگوناهو خراپە بپارێزن و چاك بزانن و دڵنیابن كە ئێوە بەدیداری خوای گەورە شاددەبن و، ئەم مژدەیەش بدە بە ئیماندران .

ناكرێ و نابێت بۆ جوتیارێك زەویەك بچێنێت و لە دوایدا، پاشان داوای بەروبوم و سەمەرەكەی نەكات مەحاڵە شتی وا نەبوەو، لە فەرموودەیــەكی پێغەمبــەری خۆشەویســتدا (ﷺ) ئەفــەرموێ: ﴿تزوجـوا الولـود الـودود فـإنی مكـاثر بكـم...﴾ لـە سـونەنی النسائی دا هاتوە.

٢- یــەكێكی تــر لــە مەبەســتەكانی هاوســەرگیری بریتیــە لــە هێنانـەدی پاكێتی و پاكـداوێنی و تێركردنـی سێكسـی و لەلایـەن هەریــەك لــە هاوســەرەكان، بــە جۆرێــك كــە هــیچ كامێكیــان

(هەریـەکێکیان) بیر لـە خیانـەتو ناپـاکی ولادانو هێـرش کردنـە سەر ناموسی یەکتر نەکەنەوە.

٣- یـەکێکی تـر لـە مەبەسـتەکان بریتیـە لـە هێنانـە دی گونجانو تـەبایی لەگـەڵ یـەکترودابینکردنی ئـارامی دەرونـی بۆیـەکتر، بـۆ ئەوەی هەریەکێکیان ئامادەبێت بۆ کارکردنو بەرهـەمی بەردارو بەسود بۆ خۆیانو بۆ نەتەوەو گەلەکەیان بەدەست بهێنن، خـوای گـەورە لـە قورئـانی پیرۆزدا ئەفـەرموێ: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الروم: ٢١

(٢١) هـەروەها یـەکێکی تـر لـە موعجیزەکـانی تـری خـوای گـەورە ئەوەیە کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ بەدی هێناون تا لە پاڵیداو لـە سـایەیدا ئـارام بگـرن و، سۆزو خۆشەویسـتیو میهرەبـانی لـە نێوانتانـدا بـەرپا کـردووە، بەڕاسـتی ئـا لـەوەدا بەڵگـەو نیشـانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێك کەبیر دەکەنەوە ( لە پەیوەنـدی نێـوان ژنو مێردو ئاسەوارو بەرهەمەکانی لە منداڵو نەوەو کوڕەزاو کچەزاو ... هتد) .

## ئیسلامو ئاسانکاری لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا

تـاوەکو ئـەم مەبەسـتە دێتـەدیو بـە ئامـانج ئـەگات ئیسـلام زۆر ئاسـانکاریو کارئاسـانی لـە کاروبـارو پرۆسـەی هاوسـەرگیریدا

کـردوه بـۆ ئـەوەی هــەموو بـڕو بیــانووو کـون و کەلەبــەرێکی بەدڕەوشتی و خراپەکاری بگرێت، تاوەکو (ئافرەت/ ژن) نـەکرێت و نەبێتـە کالاّیـەك و کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێـت، بـەڵکو ببێتـە ئـەو هاوڕێیـەی کـەوا ئەبێتـە پاڵنـەرێك بـۆ پیـاوو هاوسـەر...کە تـەعبیر لـە هاوسـەرگیری ئـەکات لەگەڵیـدا، لەبـەر ئـەوە ویسـت و ئـارەزوی هەیـە لـە گـران و قـورس نـەکردن لـە مارەییەکەیـدا پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئەفەرموێ: (إِنَّ أَعْظَمَ النِّكَاحِ بَرَكَةً أَيْسَـرُهُ مُؤْنَـةً) مەسـنەدی ئیمـام ئەحمـەد فـەرمودەی ژمـارە (٢٥٢٦٤).

ئــەم ئاســانکاری و رێنمونیانــەی ئیســلامی پــیرۆز دەرگــای خراپەکاری و داوێن پیسی و بەدڕەوشتی و دوژمنایـەتی و شـەڕو کوشتار لەسەر زەویدا دادەخـات، هـەروەها سنورو حـەدی زینـاو داوێن پیسی لە ئیسلامدا زۆر تونـدو سـەخت و دژوارە، ئـەو کـات هۆکارەکانی ئیسبات بون و سەلماندنی دوبارە زۆر قورس و گـران ئـەبێت، کـە ئەمــەش بـۆ پاراسـتن و پارێزگـاری لـە کەرامــەتی ئینسـانە، تـاوەکوو خـەڵکی بـەبێ بەڵگـەو رونکردنـەوە نـەتوانێت تۆمەت و بوختـان بۆ کەسانیتر هەڵبەستن.

## شێوەو شێوازە ناپەسەندەکان لە شەریعەتو بەرنامەی ئیسلامیدا.

١- هاوسەرگیری (هاوشێوەیی/ هاوڕەگەزی).

لەم ڕێبازو باوەڕەدا کورتو پوختی ئەکەین کەوا هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ دروست بونی خێزان، تەنها مەگەر لە ڕێگەی ژنو پیاوەوە بێت، بۆیە هیچ ماوەو بوارێك لە ئیسلامدا نیە بۆ هاوسەرگیری (هاوشێوەیی/ هاوڕەگەزی)، هەروەها هیچ ماوەو بوارێك نیە بۆ ئەنجامدانو کردنی هەڵەو تاوانو هەر ڕەفتارێك کە لەم ڕێساو یاساو ڕێكوپێکیە دەربچێتو، ئاگادارکردنەوەی لەم دەرچونە یەکلاکەرەوە ئەبێت، بەوەی کە نەهی کردوە لە نزیك کەوتنەوەی هەست ئەکات کە وەك (گیاندار/ ئاژەڵێکی) دڕندە ئەگەر مرۆڤ لێی نزیك بکەویتەوە ڕاوی ئەکاتو ئەیگرێت لەم بارەیەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمویت :قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ...﴿١٥١﴾ ﴾ الأنعام: ١٥١

(١٥١) ( ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ خەڵکینە وەرن با ئەو شتانەتان بۆ باس بکەم کە پەروەردگارتان لەسەری حەرام کردوون ( چوارهەم ) نزیکی هیچ جۆرە تاوانو گوناهێك مەکەون و، چ ئەوانەی بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێن و، یان ئەوانەی کە لە پەنهانیو نهێنیدا ئەنجام دەدرێن و، یاخود لە ناخو دڵو دەرونەکاندا دروست دەبێت .

پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) و هۆشداری وریایی داوە لە زیانە تەندروستیەکان و پەتاو درمە گشتیەکان کە وەستاوە لەسەرئەنجامی بلاوبونەوەی داوێن پیسی و بەدڕەوشتی و خراپەکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە ئەفەرموێ: ﴿لم تظهر الفاحشة في قوم قط حتى يعلنوا بها الا فشا فيهم الطاعون والاوجاع التى لم تكن مضت في اسلافهم الذين مضوا﴾ سنن ابن ماجه ... فەرمودەی ژمارە (٤١٥٥).

وشەی تاعون تەواو جێبەجێ ئەبێت بەسەر نەخۆشی ئایدزدا، دەرکەوتنی بەدڕەوشتی و ئاشکراکردنی و بلاوکردنەوەی لەسەر شێوەی دەستەیەکی داوێنپیس و بەدڕەوشت و ئەنجامدەرانی سێکسی ناوازەو نامۆو ناسروشت و داشبنرێت بە مافێك لە مافەکانی مرۆڤ ئەوە بوەتە هۆکار بۆ ئەو تاعونە، کە قورئانی پیرۆز ئەم سێکسی ناوازەو نامۆو ناسروشتەی داناوە بەداوێن پیسیی و بەدڕەوشتی و خراپەکاری کە لە پێش قەوم و گەلی هود (سەلامی خوای لێ بێت) هیچ کەسێك ئەنجامی نەداوە کە پێغەمبەرەکەیان (سەلامی خوای لێ بێت) ئەفەرموێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ﴿٨١﴾ ﴾ الأعراف: ٨٠ ــ ٨١

(٨٠) ( لـوط ) پێغەمبـەریش بـە قەومەکـەی‌وو ت: ئـەم شـەروالْ پیسـی و بـەد رەوشـتیەی ئێـوە دەسـتان داوەتـیْ کەسـێك لـەم جیهانەدا پێش ئێوە کاری قێزەونی لەو شێوەیەی نەکردووە ....
(٨١) کـەی پەسـەندو دروسـتە ئێـوە ئـارەزوی جینسـی خۆتـان لەگەڵ نێرینەدا ئەنجام بدەن‌و واز لە ژنانی هاوسەرتان بهێنن و، لە راستیدا ئێوە کەسانێکی لە سنور دەرچوو نالەبارن .
هـەروەها پێغەمبەرەکـەیان لێیـان دوبـارە ئەکاتـەوە هەڕەشـەیان لێـدەکات لەسـەر ئـەم کـارو کـردەوە چـەپەڵ‌و قێزەونانـەیان
قَالَ تَعَالَى:﴿ أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَالَمِينَ ﴿١٦٥﴾ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَاجِكُمۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ ﴿١٦٦﴾ ﴾ الشـــعراء: ١٦٥ - ١٦٦
(١٦٥) کەی ئەوە راستە، کەی ئـەوە جوانـە، کـەی ئـەوە پەسـەندە و، ئێوە دەستتان داوەتە نێربازی‌و کاری سێکسی خۆتـان لەگـەڵ نێردا ئەنجام دەدەن؟!..(ئاژەڵان بەو شێوەیە ناکەن).
(١٦٦) کـەی ئـەوە راسـتە وازتـان لـە هاوسـەرەکانتان هێنـاوە کـە پـەروەردگارتان ئـەوانی بـۆ دروسـت کـردون‌و ئـەوانی بـۆ حـەڵاڵ کردون بۆ تێرکردنـی ئـەو غـەریزەو داخوازیـەتان، بەڕاسـتی ئێـوە بەهۆی ئەو گوناهو تاوانەتانەوە لە سنور دەرچون.
کاتـێ هـەر بـەردەوام‌و سـور بـون لەسـەر خراپەکاریەکـەیان لـوط پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت)و ئەوانەی لەگەڵیدا بون بـە پـاك‌و خـاوێن‌و پـاك داوێنیـان دانـان‌و، زۆر گاڵتـەو لاقرتیـان بـە

ئاگاداركردنـەوە خواييـەكان ئـەهات، بۆيـە خـواى پـەروەردگار فەرمانى كرد بە پێغەمبەرەكەيان (سەلامى خواى لەسەر بێت) كە لـە بەشـێكى شـەودا بـڕۆن بـەجێ بهـێڵن چـونكە كـاتو وادەو بەڵێنيان سبەينێ بەيانيە ئەوجا سزاكەيان ئەدرێتو جێبـەجێ ئـەكرێت لەلايـەن خـواى گـەورەوە.قَالَ تَعَالَى: ﴿ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَـٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ بِبَعِيدٍ ﴿٨٣﴾ ﴾ هود: ٨٢ - ٨٣

(٨٢) ئەوسـا ئـيتر لـە وادەى ديـاريكراودا كـاتى ئەنجامـدانى فـەرمانى ئێمـە هـاتو، شارۆچـكەكەيانمان ژێـرەو ژووركـردو پاشـانيش بـە قـوڕى سـوركراوى وەك بـەرد چـين لەسـەر چـين بەردبارانيشمان كردن.

(٨٣) هەموو ئەو بەردانە ديارى كرابوون لە لايەن پـەروەردگارى تۆوە ئەى محمد(ﷺ)و، ئەى ئيماندارو، ناوى لەسـەر نوسرا بوو كە بدات بەسـەر تـەوقى سـەرى هەريـەك لـەو شـەپواڵ پيسانەداو، ئەو جۆرە تۆڵەو سزاو بەڵايە لەو جۆرە ستەمكارانەوە لە هـەموو زەمانو زەمينێكدا وەنەبێت بەدوور بێت!!.

بەوشێوەيە قورئانى پيرۆز ئاگادارى هەموو ئەو كەسانە ئەكات كە كردەوەى قەومى لـوط ئەكەنو دوبارەى ئەكەنەوە كە بـەهۆى ئەوانـەوەو بەوانيشـەوە خـوا زەوى سـەرو (ژێـر/ خـوار) تـەختو

وێران ئەكاتو، بەرد بارانیان ئەكات بە بەردێك كە لە (قوڕی سوركراوی وەك بەرد دروست كراوەو، وەسفیشیان ئەكات بە زاڵمو ستەمكار، بۆیە ئەم پاداشتە دور نیە بۆ زاڵمو ستەمكاران هەر ئەبێ مافو پاداشتی خۆیان وەر بگرن.

جا ئەگەر ئەوە حوكمی (ناوازەو ناسروشتو نا ئاسایی یان هاورەگەزان) بێت كە توێژەران رایانوایەو كۆكن لەسەر ئەوەی كە زیاتر لە (٪٨٠)ی توشبوان بەم دەردە(ئەیدن) لە كەسانی ناوازەو نا ئاساییەكانن، بۆیە ئێمە ئەبینین – كە چەند فەخرو شانازی ئەكەین بە ئا ینەكەمانەوە– یەكەم ئامۆژگاریەك كە پێویستە ئێمە ئاشكرای بكەین ئامـاژەی پێ بكەین بۆفەرمانڕەواكانمانو گەلو میللەتەكەمان وڵاوانو گەنجەكانمانو كە هەر ئەبێتو پێویستە خێراو پەلە بكرێت لە دانپیانان بە (بڕیار بدرێت) تاوان وگوناهكاری و قەدەغە ویاساغ بونو رسوایی و بێنرخكردنی هەركەسێك كە كاری سێكسی نائاساییو نامۆو ناوازە ئەنجام ئەداتو، هەموو یاسا تاوانیەكان لە هەموو وڵاتە عەرەبیەكان ئەم كارە گەورەو پیسو قێزەونە سزا بیانگرێتەوەو ئەنجامدەران سزا بدرێن لە سەری، هەروەها پێویستە ئەم یاسایە پاداشتێكی سزایی بێت بۆ ئەو كەسانەی كە ئەم دەردو پەتایە بڵاوئەكەنەوە لە وڵاتەكەمانداو ئەوانەش كە ئەیانەوێت كە توشبوان لە نێوانماندا بمێننەوە، بەم شێوەیە

ئەتوانین زاڵبین بەسەر زۆربەی زۆری کانگاو سەرچاوەکانی ئەم نەخۆشیە ترسناكو مەترسیدارە.

## سزای ئیسلام لەسەر سێکسی ناباوو نامۆ (الشذوذ الجنسي).

لەگەڵ کۆی زانایان لەسەر حەرامیو (یاساغو قەدەغەیی) ئەم تاوانەو لەسەر پێویست بون بە توندی گرتنی ئەنجامدەرانو تاوانکاران...رای جیاوازیان هەیە لە بڕو چەندێتی (خەملأندن/ هەڵسەنگاندن)ی سزای بڕیاردراوو دیاریکراو بۆیان، ئەبن بە سێ ڕێبازەوە:

**ڕێبازی یەکەم:**

کوشتن: تەنانەت ئەگەر کەسەکە بێهاوسەریش بێت، ئیتر ئەگەر کەسە خۆی بکەر بێت یان ئەو کارەی لەگەڵ کرا بێت، بە فەرمودەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) (من وجدتموه یعمل عمل قوم لوط فاقتلوا الفاعل والمفعول به) سنن ابی داود /فەرمودەی ژمارە (٤٤٦٤).

هەروەها لە (علی کوڕی ئەبی تالب) ڕەزای خوای لێ بێت هاتوە کە (انه رجم من یعمل هذا العمل محصنا او غیر محصن)،

هەروەها لە (ئەبوبەکر) ڕەزای خوای لێ بێت هاتوە کە (ان حکمه ان یقتل بالسیف ثم یحرق لعظم المصیبه)، هەروەها پێشەوا (عمر)و پێشەوا (عثمان) ڕۆیشتن بۆ روخاندنی دیوار بەسەریدا،

هـەروەها (ابـن عبـاس) رەزای خـوای لـێ بێـت، بینویـەتی کـە لـە بینایەکی بەرزی گەڕەکێکەوە فرێدراوەتە خوارەوە.

**ڕێبازی دووەم:**

سنوری زیناکەر (بەدڕەوشتو داوێنپیس)ی دیاری کرد، جەڵد ئەدرێت لە کچو کوڕی سەڵتو بێهاوسەر، هاوسەرداریش بەرد باران ئەکرێت، ئەمەش بەپێی (قیاس) لەسەر داوێنپیسی لە سەر رۆشنایی فەرمودەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) کە ئەفەرموویێت: (اذا اتی الرجل الرجل فهما زانیان). سننی بیهقی فەرمودەی ژمارە (١٧٤٩٠).

**ڕێبازی سێهەم:**

پشتگیری، کە ئەمە ڕێبازی ئەبی حنیفەو شافعییە لە وتەیەکدا بۆیان.

**٢- چونە لای ژن لە دواوە (کۆم)ەوە.**

دوای ئـەوە بـە پلـەی چـونە لای ژن لـە دواوە (کـۆم) دێـت، کـە ئەمـەش تـاوانێکی گەورەیـە لـە ئیسـلامدا، چـونکە خـوای پەروەردگار تەنهاو تەنها یەك شوێنی بۆ پیاو دیاری کردوە بۆ چونەلای ئافرەت (ژن) ئەویش شوێنی (کێڵگەو چاندنو نەوەو وەچە)یە، ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمویٚ:

قَالَ تَعَالَى: ﴿ نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ ... ﴾ البقرة: ٢٢٣

(٢٢٣) ژنانی هاوسەرتان وەك كێڵگەوان بۆتانو شوێنی چاندنی وەچـەن و، جابەهەرشـێوەیەك دەتانـەوێت تـۆو بوەشـێننە كێڵگەكەتانەوە بەهیوای بەرهـەم و، هەوڵبـدەن دەست پێشكەری بكـە ن و، هاوسـەری چاكو خواناس هەڵبـژێرن و، لـەوەودواش دوعاو نزای بەردەوام بكـەنو پـێش چوونە لایان بڵێن ( اللـهم جنبنـا الشـیطان وجنـب الشـیطان مارزقتنـا) واتـە: خوایـە شـەیتانمان لـێ دور بخـەرەوەو هـەر چیەكیشـمان بێدەبەخشـیت لەشـەیتان بـەدووری بگـرە و، لـەخوای گـەورە بترسـرنو خۆتـان لـەگوناهو خراپـە بپـارێزنو چـاك بـزاننو دڵنیـابن كـە ئێـوە بەدیـداری خـوای گـەورە شـاددەبن و، ئـەم مژدەیـەش بـدە بـە ئیماندران .

هـەروەها پێغەمبـەری ئـازیز(ﷺ) ئەفـەرموێ (مـن اتـی امراتـە فی دبرهـا لم ینظـر الله تعـالی الیـە یـوم القیامـە)، سـونەنی دارمـی فەرمودەی ژمارە (١١٨٧).

## ٣- پانێ بەپانێ (جوتبونی ژنان لەگەڵ یەكتردا):

هاوڕەگەزبازی لە نێوان ژناندا، ئیسلام پانێ بەپانێ (جوتبونی ژنان لەگەڵ یەكتردا/ هاوڕەگەزبازی لە نێوان ژناندا) حەرامو یاساغو قەدەغە كردوە، لە فەرمودەیەكی دورو درێژدا كە پێشەوا (ئەحمەدو موسلمو ئەبوداودو تەرمذی) بۆمان ئەگێڕنەوە كە پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) فەرمویەتی: (ولا تفضي المراة الی المراة في الثوب الواحد)و، هەندێ لە زانایان لێرەدا

**تەفسیرو ڕاڤەی ئەم ئایەتی خوایە ئەکەن کە ئەفەرموێ**

قَالَ تَعَالَىٰ:﴿ وَٱلَّٰتِي يَأۡتِينَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمۡ فَٱسۡتَشۡهِدُواْ عَلَيۡهِنَّ أَرۡبَعَةٗ مِّنكُمۡۖ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمۡسِكُوهُنَّ فِي ٱلۡبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلۡمَوۡتُ أَوۡ يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلٗا ١٥﴾

النساء: ١٥

**(١٥) ئەو ئافرەتانەی کە داوێن پیسیی دەکەن لە ژنانی کۆمەڵگە کەتان ئێوە چوار شایەتیان لە خۆتان لەسەر بگرن ( کە شایەتی بدەن لەکاتی ئەو کردارە ناشەرعیەدا کە دیویانن ) ئەگەر چوار کەس کۆك بوون لەسەر ئەو شایەتیدانە و، ئێوە ئەو ئافرەتانە لە ماڵدا بەند بکەن هەتا مردن یەخەیان پێ دەگرێت و، یان خوای گەورە دەرویەکیان لێ دەکاتەوە ( بە تەوبە لێ وەرگرتن یان شەلاق لێدان لە هەردوکیان) .**

**چونکە لەکاتی ئەنجامدانی کاری سێکسی ناوازە(بەدڕەوشتی ) هاوڕەگەزی ژن لەگەڵ ژندا ئەم ئایەتە هاتۆتە خوارەوە، قورئانی پیرۆز ناوەو پێی وتووە (فاحشە/ خراپکاریو داوێنپیسی)، تیایدا قورئان فەرمانی کردوە بە جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵگە تا مردن یان تا ئەو کاتەی پەشیمانو پاشگەزئەبنەوەو تەوبەیەکی ڕاستو دروست ئەکەن.**

**٤- لەشفرۆشی (بازرگانی سێکسی): لە ئیسلامدا لەشفرۆشی قەدەغەو یاساغو حەرامەو زۆر بە توندی نەهی لێئەکرێت،**

گاڵتەو سەرزەنشتو سوکایەتیی ئەکرا بەو کەسانەی کە ئەو جۆرە بازرگانییەیان ئەکردو بە سەرچاوەی دووڕوویی دائەنرا لە مەدینەدا، چونکە بازرگانی بە ناموسو شەرەفەوە ئەکرا، ژنە بەندەکان کە موڵکی ئەو جۆرە کەسانە بوون ناچار ئەکران بە لەشفرۆشی بەرامبەر بەدەستهێنانی بڕێك پارەی پیسو بۆگەن هەرچەندە ئەو لەشفرۆشانە زۆر حەزیان لە ئەنجامدانی ئەم کارو کردەوانە نەبوو زۆر قێزەونبوو بەلایانەوە، پارێزراویو پاکیو پاکیزەییو پاك داوێنیان دەویست، خوای گەورە ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ...وَلَا تُكْرِهُوا۟ فَتَيَٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٣﴾ ﴾ النور: ٣٣

(٣٣) ... نەکەن هەرگیز کچانی ژێر دەستتان هان بدەن بۆ داوێن پیسی، بە تایبەت کاتێك ئەوان حەزیان بە پاکێتی دەکرد ( خۆ ئەگەر لە خواترس بوونو حەزیان بە داوێن پیسی نەدەکرد ئێوە دەبێت بواریان بۆ بڕەخسێننو لەبیری هاوسەرگیریەکی شەرعیدا بن بۆیان) مەگەر ئێوە دەستکەوتێکی دنیایی بێ نرختان دەوێت؟! جا هەرکەس کاری وا بەزۆر بە کەنیزەیەکی خۆی بکات ئەوە تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە (بەڵکو گەر هەستی کرد کەنیزەکەی یان کارەکەرەکەی لە بیری کاری وا نادروستدایە دەبێ دەستبەرداری بێت)، ئەوە خوای گەورە دوای ئەو

زۆرلێکردن و ناچار کردنەیان بە تەواوی لێخۆشبوو میهرەبانە (لێیان خۆش دەبێت و رەحمیان پێدەکات).

هەروەها خوای گەورە تەنانەت نزیك کەوتنەوەشی لە زیناو داوێنپیسی حەرام و یاساغ و قەدەغە کردوە لە ئایەتێکدا ئەفەرموێ: قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾ الإسراء: ٣٢

(نەکەن نزیکی زینا بکەونەوە(خۆتان بە دووربگرن لەهەموو پێشەکی و هۆکارەکانی)چونکە ئەوە تاوان و گوناهێکی زۆر ناشرین و ناقۆلایە و، رێچکەیەکی زۆر چەوت و چەوێڵە (نەخۆشی دەرونی و جەستەیی و کێشەی کۆمەلایەتی و هەمەلایەنەی لێ دەکەوێتەوە).

ئیتر چۆن رازی ئەبێت و مۆڵەت بدات بە کردنەوەی ماڵ و شوێنی لەشفرۆشی و بازرگانی کردن بە عەرزو ناموس و شەرەفەوە.

**٥- بلاوکردنەوەی بەدڕەوشتی:**

سور بون لەسەر بلاوبونەوەی خوڕەشتی پاك و پاکیزەیی و پاکداوێنی لەناو گەل و میللەتتدا، ئیسلام ئاسانکاری و هەڵنانی لەسەرکردنی کاری بەدڕەوشتی و داوێنپیسی و خراپەکاری حەرام کردوە، هەروەها بلاوکردنەوەی ئەو شتانەی کە وروژێنەری حەزو ئارەزوەکانن و راکێشەرن بەرەو حەرام بەتایبەتی لە هۆکارە جیاوازەکانی راگەیاندن زۆرترو زیاتر

دەرئەکەون، خوای گەورە ئەفەرموێ: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلْفَٰحِشَةُ فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٩﴾ ﴾ النور: ١٩

(١٩) لە راستیدا ئەوانەی کە حەزدەکەن و هەوڵدەدەن کە گوناهو تاوان و شەڕوالْ پیسی و داوێن پیسی لە نێوان ئیمانداراندا بڵاو ببێتەوە، لە ئایندەیەکی نزیکدا گیرۆدەی سزایەکی بە ئێش دەبن لە دنیاو قیامەتدا، جا خوای گەورە خۆی هەموو شتێك دەزانێت، بەڵام ئێوە نایزانن ( لە کەیداو چۆن تۆڵەیان لێ دەسێنێت). بەڵکو ئیسلام لە رەوشتی شەرم و حەیاو ئابڕو قەڵاو پەرژینێکی مەحکەم و بەهێزی دروست کردکردوە کە قەدەغەو رێگری ئەکات لە موسڵمان لە رۆچونی خستنەڕو وتنی وشە گاڵتەچیەکان و ئەو دەستەواژانەی کە باسی جوانی و شەیدایی و دڵرفێن و دڵبەری ئافرەت ئەکات یان باس لە (مخادنە)و عەشق و خۆشەویستی و دڵداری ئەکەن، یان باس لە چیرۆك و فیلم و شانۆکان کە تیایدا ئافرەت (ژن) هەست بزوێن و دەرخەری مەیل و ئارەزووەکانیەتی، هەروەها ئیسلام ئاگاداری داوە بەو ئافرەتانەی کە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت ئەکەن کە چارەنوس و پاشەڕۆژێکی زۆر خراپ چاوەڕێیانە، پێغەمبەری خۆشەویست لەم بارەیەوە ئەفەرموێ: (صنفان من اهل النار لم ارهما قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات

رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة لا يدخلن الجنة ولاّ يجدن ريحها وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذاء كذا) صحيح مسلم فەرمودەی ژمارە(٥٧٠٤).

## هۆکارەکانی خۆپاراستن

١-لە هۆکارە شەرعیو دروستەکان بۆ خۆپاراستنو (خۆپاریزی/العفة).

فەرمانی کردوە بە ئافرەتان کە لە کاتی قسەکردندا خۆیان ناسكو باریك نەکەنەوە (قسە بە ناسکی مەکەن)، تاوەکو/ بۆ ئەوەی داوێنپیسان مەیلو ئارەزویان نەوروژێو زەفەرتان پێنەبەن، خوای گەورە لە قورئانەکەیدا ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَى:﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴿٣٢﴾ ﴾ الأحزاب: ٣٢

(٣٢) ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر (ﷺ) ئێوە وەك ئافرەتانی تر نین بە تایبەت ئەگەر تەقوادارىو دینداری بکەنە کالای بالاتان و، کەواتە گفتو گۆ بە ناسکی مەکەن تا ئەو کەسەی دڵی نەخۆشی باوەڕ لاوازیی تێدایە خەتەرەو خەیاڵی خراپ نەیەت بە دڵو دەرونیدا ... هەمیشەو بەردەوام هەوڵبدەن قسەو گوفتاری چاك بڵێن ( تا هیچ کەس نەتوانێت رەخنەتان لێ بگرێت ) .

لە لێدوانی ئایەتەکەدا ئاماژە دراوە بە ئاراستەکردنی ئافرەتان بۆ ووتنی قسەی چاكو باش، بۆیە ئەگەینە ئەو راستیەی کە دەنگی

ئافرەت هەرگیز عەورەت نەبوە، بەڵكو قسەكردنیان بە ناسكی ئەبێتە عەورەت.

٢- هەروەها حەرامكردن و قەدەغەكردنی مانەوەو دانیشتن و قسەكردنی پیاو لەگەڵ ژنێكی نامەحرەم، لەم بارەیەوە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئەفەرموێ: ﴿لا يخلون رجل بإمراة إلا ومعها ذو محرم ولاّ تسافر المراة إلا مع ذى محرم﴾ صحيح مسلم فەرمودەی ژمارە (٣٣٣٦)، بەڵكو ئیسلامی پیرۆز جەخیت ئەكاتەوە لەسەر ئەم رێساو باوەڕو بنەمایە تەنانەت لە ئاست خزم و نزیكەكانی هاوسەر (پیاو یان ژن) كە نامەحرەم نەبێت پێیان، لەو بارەوە لەو روەوە زۆربەی زۆری خەڵك ئاسانكاری ئەكەن تیایدا وەك لەكاتی بون بەیەكەوەی برای پیاو لەگەڵ هاوسەری برادا دووبەدوو لە شوێنیكی كەس لێنەبوو و چۆڵدا، یان كوڕی مامی ژنەكە، بۆیە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئەفەرموێ: ﴿إياكم والدخول على النساء﴾ فقال رجل من الانصار:

يارسول الله، أفرأيت الحمو؟ قال الحمو الموت﴾ صحيحی بخاری فەرمودەی ژمارە (٥٢٣٢).

٣- هەروەها بە (فرض/ سەپاندن) فەرمان كراوە بە داپۆشینی هەموو لەش و جەستەی بێجگە لە دەست و دەم و چاوو روخسار بە جل و بەرگ و پۆشاكێكی نە تەنك و نە تەسك و تروسك بێت، لە

هەموو پیاوێك بێجگە لە مەحرەمەكان‌و هاوسەرەكانیان، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿...وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ ...﴿٣١﴾﴾ النور: ٣١

(٣١) هەروەها بە ئیماندارانی ئافرەتیش بڵێ ( بە تایبەت تازە پێگەیشتوان‌و ئەوانەی كەنەچونەتە ساڵەوە) با ئەوانیش چاویان بپارێزن لە تەماشای حەرام‌و خۆیان بپارێزن لەداوێن پیسی، هەروەها جوانیی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی كە شەرع رێگەی بە دەرخستنی داوە ( كەبریتیە لە دەمووچاوو دەستیان)و با بەسەرپۆشەكانیان سنگ‌و بەرۆكی خۆیان داپۆشن، با جوانی خۆیان دەرنەخەن بۆ كەسانی نا مەحرەم جگە لە هاوسەریان و، یان باوانی خۆیان،یان باوانی هاوسەرەكەیان و، یان بۆ كوڕەكانی خۆیان، یان كوڕانی هاوسەرەكەیان (كە لە ژنێكی ترن) یان بۆ براكانیان‌و برازاكانیان‌و خوشكەزاكانیان‌و ئەو ئافرەتانەی كە لە گەڵیان دەژین‌و كەنیزەكە كانیان‌و ئەو پیاوانەی كە گومانی خراپیان لێناكرێت ( بەهۆی تەمەنیانەوە) ...

هەروەها لە حەزرەتی عائشەوە (رەزاو رەحمەتی خوای لەسەر بێت) ﴿أن أسماء بنت أبی بكر دخلت علی رسول الله (ﷺ) وعليها ثياب رقاق فأعرض عنها رسول الله (ﷺ) وقال: ياأسماء

إن المرأة إذا بلغت المحض لم تصلح أن يرى منها إلا هذا وهذا، وأشار الى وجهه وكفيه﴾ سننى أبى داود فەرمودەی ژمارە(٤١٠٦).

٤- هەروەها دروست نیە کە ئافرەت خۆ جوانکردنو رازاندنەوەو ئارایشتکردن لە چونەدەرەوەدا خوانەهی لێکردوە، دەرپەڕاندنی جەستە، بە لەنجەولارو خۆبادان چون بەڕێوە، خۆ بۆنخۆشکردن رێ رۆیشتنو هاتوچۆی رێگەکان بە بۆنی خۆشەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی پیاوان شانازی پێوە نەکەن، یان توشی ئازاری داوێنپیسان ببێت، هەروەك خوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ:﴿ ...ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ... (٥٩) ﴾ الأحزاب: ٥٩

(٥٩) ئەی محمد ﷺ بە هاوسەرانو کچەکانتو ئافرەتانی ئیمانداران فەرمان بدەو بڵێ: کە با بە سەرپۆشەکانیان سەرو ملو سنگو بەرۆکیان داپۆشنو، ئەوە چاکترین شێوەیە بۆ ئەوەی بناسرێنەوەو ( نەفامان) ئازاریان نەدەنو رێگەیان پێ نەگرنو توانجیان لێ نەدەن و، ...

هەروەها لە (عاصم عن مولى أبى رهم -واسمه عبيد- أن أبا هريرة لقى إمرأة متطيبة تريد المسجد فقال: يا أمة الجبار، أين تريدين؟ قالت: المسجد، قال: وله تطيبت؟ قالت: نعم، قال: فإني سمعت رسول الله (ﷺ) يقول :(أيما إمرأة تطيبت ثم خرجت إلى

المسجد لم تقبل لها صلاة حتى تغتسل) سننى ئيبن ماجه – فەرمودەی ژمارە (٤١٣٧).

٥- هەروەها فەرماندراوە بە چاوداخستن لە ئاست هەر یەکێ لە پیاو ژن، چونکە روانین و سەیرکردن تیرێکی ژەهراویە لە تیرەکانی شەیتان.

خوای گەورە ئەفەرموێ: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَـٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَـٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَـٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ ...﴿٣١﴾ ﴾ النور: ٣٠ – ٣١

(٣٠) ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە ئیماندارانی گەنج و پیاو رابگەیەنە، کە با چاویان بپارێزن لە تەماشای حەرام و خۆیان بپارێزن لە گوناهو بە دووربن لە شەڕوالٚ پیسی، ئەو شێوازە چاك و پاك و پوختە بۆیان، چونکە بەڕاستی خوای گەورە تەواو ئاگادارە بە هەموو کارو کردەوەو هەڵسوکەوتیان.

(٣١) هەروەها بە ئیماندارانی ئافرەتیش بڵێ ( بە تایبەت تازە پێگەیشتوان و ئەوانەی کەنەچونەتە ساڵەوە) با ئەوانیش چاویان بپارێزن لە تەماشای حەرام و خۆیان بپارێزن لەداوێن پیسی، هەروەها جوانیی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە شەرع ڕێگەی بە دەرخستنی داوە ( کەبریتیە لە دەموچاوو دەستیان) و با

**بەسەرپۆشەکانیان سنگو بەرۆکی خۆیان داپۆشن، با جوانی خۆیان دەرنەخەن بۆ کەسانی نا مەحرەم جگە لە...).**

**پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) چاوداخستنی کردوە (گێڕاوە) بە مافی ڕێگە بۆ هەرکەسێك کە لە بەردەرگاو لە جادەو ڕێگاکاندا دابنیشێ،**

**وسئل (ﷺ) عن نظر الفجأة فقال (إصرف بصرك) سننى أبى داود فەرمودەی ژمارە (٢١٥٠).**

**٦- فەرمان بە پرس کردنو مۆڵەت وەرگرتن لە کاتی چون بۆماڵی خەڵكو کەسانی تر، تاوەکو چاوی ناوخۆ نەچێتە سەرو داپۆشێ لە داوێن ی ژنان، خوای گەورە ئەفەرموێ:**

قَالَ تَعَالَى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٢٧ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فِيهَآ أَحَدٗا فَلَا تَدۡخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤۡذَنَ لَكُمۡۖ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرۡجِعُواْ فَٱرۡجِعُواْۖ هُوَ أَزۡكَىٰ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ٢٨﴾ النور: ٢٧ - ٢٨

**(٢٧) ئەی ئەو کەسانەی ئیمانو باوەڕتان هێناوە، هەوڵبدەن مەچنە هیچ ماڵێکەوە جگە لە ماڵەکانی خۆتان، هەتا ئاگاداریان نەکەن و، هەر کە ئاگاداربوون سڵاویان لێبکەن، بێگومان ئەم**

ڕەفتارو شێوازە چاکترو جوانترە بۆتان بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و خەڵکی بێزارنەکەن.

(٢٨) خۆ ئەگەر هەستتان کرد کەس لەماڵ نیە مەچنە ژورەوە، هەتا مۆڵەت نەدرابن (بەشێوەیەك لە شێوەکان) خۆئەگەر لە دەرگاتاندا، یان چونەژورەوە پێتان وترا: ئێستا بگەڕێنەوە کاتمان نیە، ئەوە بگەڕێنەوە چاکترو پاکترە بۆتان و، خوای گەورەش بە هەموو کردەوەکانتان تەواو بینایە

٧- فەرماندراوە (فەرمانکراوە) بەو منالآنە کە تەمەنیان نە گەیشتۆتە تەمەنی (تکلیف) باڵغ بون بە ئیزن و مۆڵەت وەرگرتن بۆلای باوك و دایكیان لە کاتی پشوو حەوانەوەو نوستنداو دیاریشی کردوە بەسێ جار ئیزن و مۆڵەت وەرگرتن کاتێ کە ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِيَسۡتَـٔۡذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡ وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَبۡلُغُواْ ٱلۡحُلُمَ مِنكُمۡ ثَلَٰثَ مَرَّٰتٖۚ مِّن قَبۡلِ صَلَوٰةِ ٱلۡفَجۡرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ وَمِنۢ بَعۡدِ صَلَوٰةِ ٱلۡعِشَآءِۚ ثَلَٰثُ عَوۡرَٰتٖ لَّكُمۡۚ لَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ وَلَا عَلَيۡهِمۡ جُنَاحُۢ بَعۡدَهُنَّۚ طَوَّٰفُونَ عَلَيۡكُم بَعۡضُكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿٥٨﴾ ﴾ النور: ٥٨

(٥٨)ئـەی ئـەو کەسـانەی ئیمـان‌و باوەڕتـان هێنـاوە، بـا ئـەو کەسـانەی کـە لـە ماڵەکانتانـدا دەژیـن‌و ئەوانـەی هێشـتا بلـوغ نەبون‌و پێنەگەیشتون لە سێ کاتی جیاوازدا مۆڵەتتان لێ وەربگـرن: یەکـەمیان پـێش نوێـژی بـەیانی، دوهـەمیان کاتـێ کـە هەنـدێ لـە پۆشـاکەکانتان دادەکـەنن بـۆ حەوانـەوە لـەکاتی نیوەڕۆدا، سێهەمیان دوای نوێـژی خـەوتنان، ئەوە سێ حاڵـەتی تایبەتیە بۆ ئێـوەو (نابێـت تیایـدا ببینـرێن‌و کێشـەی دەرونـی بـۆ منداڵـەکانتان دروسـت بکـەن) جگـە لـەو سـێ کاتـە ئـەوە هـیچ لایـەکتان گوناهتـان ناگـات کـە سـەردانی یـەکتر بکـەن‌و یەکـدی بەسـەر بکەنـەوە، ئـا بـەو شـێوەیە خـوای گـەورە ئایـەت‌و فەرمانەکانی خۆیتان بۆڕون دەکاتەوە، بێگومان ئەو خوایە تـەواو زانایـە (بـە بەرژەوەندیـەکانتان) تـەوایش دانایـە (لـەو فـەرمان‌و ڕێنمونیانەی کە ئاراستەی بەندەکانی دەکات).

بـەڵام ئەگـەر منداڵـەکان تەمـەنیان گەیشـتە تەمـەنی پیـاوان، واتـە گـەورە بـون، ئـەوا لەسـەریانە لـە هەمووکاتێکـدا ئیـزن‌و مۆڵـەت وەرگرن، خوای گەورە ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِذَا بَلَغَ ٱلۡأَطۡفَٰلُ مِنكُمُ ٱلۡحُلُمَ فَلۡيَسۡتَـٔۡذِنُواْ كَمَا ٱسۡتَـٔۡذَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٥٩ ﴾ النور: ٥٩

(٥٩) كاتێكیش كە منداڵەكان گەورە بوون و پێگەیشتن و باڵغ بوون با فێری مۆڵەت وەرگرتن بكرێن و مۆڵەت وەربگرن لەكاتی سەردان و بەسەركردنەوەكاندا وەكو ئەو خەڵكەی پێشتر لەسەر ئەو دابونەریتە راهێنراون، ئا بەو شێوەیە خوای گەورە فەرمانەكانی خۆیتان بۆ رون دەكاتەوە، چونكە ئەو خوایە تەواو زانایە ( بە حاڵی دەرونی بەندەكانی) تەوایش دانایە (لە دانانی ئەو سنورەدا).

## بەرنامەی ئیسلامی لە پەروەردەدا.

ئیسلامی پیرۆز بە گشتیری و هەمەلایەنەكەیەوە جیائەكرێتەوە لە خستنەڕوی هەموو لایەن و بوارەكانی ژیانی موسڵمان تەنانەت پێش ئەوەی لەدایك بێت، لەو كاتەدا گرنگی ئەدات بە هاوسەرگیری و وەچەو نەوە، هیچ شەرم ناكات لەوەی كە لە هەموو دەرگایەك بدات بۆ هەموو ئەو شتانەی كە دێت بە بیرو فیكری موسڵمانداو سەرقاڵی ئەكات لە كارو باری ژیانی تایبەتی خۆیەوە.

لەبەر ئەوەی ئیسلام بەرنامەی ژیانێكی تەواوكارە، هەڵس و كەوت لەگەڵ مرۆڤدا ئەكات لە روی (روح و گیان و دەرون و ژیری و جەستە) و هەرگیز باوەڕو وێنای ئەوەی لێناكرێت كە غافڵ و بێئاگا بێت لە بەشێكی گرنگ لە دروستكردن و پێكهاتەی مرۆڤ، ئەویش بریتیە لە (حەزو ئارەزووو غەریزەی سێكسی)، كە

چـەند بنچـینەو بڕیـارو یاسـاو ڕێسـای بـۆ دانـاوە کـە هـەر کۆمەڵگەیـەك پێـوەی پەیوەسـت بێـت ئـەپارێزرێتو بـە هیلاکـا ناچێتو، ژیـانو بـەردەوامی هـەموو گـەلو نەتەوەیـەك پـارێزراو ئـەبێت پەیوەست بن پێوەی، بۆیـەو لـە بەرئـەوە ئیسلام گرنگی ئەدات بە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە حەزو ئارەزوی سێکسیەوە، بۆیە ئیسلام ئەو حەزو ئارەزووەی داناوە بە بەشێك لە پەروەردەی گشتی، لە هەمان کاتتدا گرنگیشە بە ڕێژەیەك بۆ گـەنجانو لاوان لـە هـەردوو ڕەگـەز، چـونکە پەیوەسـتە بـە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی باو،و قیەمو بەها فیکریو پەروەردەیی ئاینیەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش کورتو پوخت ئەکرێتەوە لـە: وەرگرتنـی زانیـاریو پێکهێنـانی هەڵوێسـتو هـزرو بیر لەسـەر سـێکس کـە بگونجێـت بـە قۆنـاغی تەمەنیـەکان ئەمـەش کارێکـە خـۆی بۆخـۆی ئـەبێ هـەر ببـێو بکـرێ، چـونکە پەیوەسـتە بـە کـارێکی سروشـتی (خۆرسـك)و فیتریـەوەو بـە پێوسـتیەکی ئەندامیو دەرونی زۆر پێویست، مرۆڤ ئەگەر گەیشتە قۆناغێکی دیـاری کـراو تایبـەت، ئـەو کاتـە توێژینـەوە لەسـەری دەسـت پێدەکات،

-ئەگەر ئەوەی لەگەڵیەتی بزانێت یان نەزانێت- بەڵام لەوانەیە بوترێـت کـە بەرپرسـیارێتی کۆمەڵگـە لـە سـەرەتادا بریتیـە لـە (خێـزانو قوتابخانـەو زانکـۆو کۆمـەڵگا) هـەمویان بەشـدارن لـە گەیشـتنی ئـەو ڕۆشـنبیریە گرنگـە -لـە هـەمان کاتیشـدا

مەترســـيدارو ترســـناكە– بەشـــێوەو ڕێگەيـــەكى ڕێكوپێـــكو خوێندنەوە بۆ كراو كە تيايدا چاودێرى لاوانو گەنجان ئەكرێت لە هەردوو ڕەگەز، بەجۆرێك پلەبەندييەك كراوە كە تيايدا ڕێگە دەدرێ بە زانينو زانياریو هەست پێكردنو دەرككردن لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگارى لێدەكات لە پەرت بوونو لادان.

ئيسلامى پيرۆز ڕێگە ئەدات بەم پلە بەنديە و بە پاكترين بەرگو پۆشاك بۆى نمايش ئەكاتو ڕێنومايى دەكات، كە ئەم پلە بەنديـە لـە زۆربـەى بەشـەكانى كتێبـەكانى زانسـتى فيقهـدا باسكراوە، كە منالأنى موسڵمانان فێر ئەكات هەر لە تەمەنى پێش وەختو زۆر بچوكەوە، بەلأم تێبينى ئەكرێت لە كتێبەكانى خاوەن زانستەكان، هەروەك چۆن سەرنج ئەدرێت لە قورئانى پيرۆز سونەتى پاكى پێغەمبەرى ئازيز (ﷺ) لە پارێزگارى لەو وشەو وتەكانو سەرنجدان بەبێ لێدوان –چەندە بكرێت–و بەكارهێنانى دەربڕينى مەبەست لە ئەدەبو بەديهێنانى مەبەستێك لە هەمان كاتتدا، وەك خواى گەورە لە قورئاندا ئەفەرموێ: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ...﴿٤٣﴾﴾ النساء: ٤٣

(٤٣)... يان لەگەڵ هاوسەرتاندا سەرجێيتان كردو ئاوتان دەست نەكەوت بۆ خۆشتنو دەست نوێژ گرتن و، ئەوا تەيەمم بكەن بە خاكێكى پاك و، لەپى دەست بهێنن بەسەر دەمو چاوو دەستانداو، بێگومان خواى گەورە بەنيسبەت ئيماندارانەوە هەميشەو بەردوام لێخۆشبوونو گوزەشتو چاوپۆشى هەيە

هەروەها لە ئایەتێكی تردا ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ وَقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُمۡۚ ...﴿٢٢٣﴾ ﴾ البقرة: ٢٢٣

(٢٢٣) ژنانی هاوسەرتان وەك كێڵگە وان بۆتان و شوێنی چاندنی وەچـەن، جـا بـە هـەر شـێوەیەك دەتانـەوێت تـۆو بوەشـێننە كێڵگەكەتانەوە بە هیوای بەرهەم، هەوڵبدەن دەست پێشكەری بكەن، هاوسەری چاك و خواناس هەڵبژێرن، لەوەودواش دوعا و نـزای بـەردەوام بكـەن و پـێش چوونە لایـان بڵـێن (اللـهم جنبنـا الشیطان وجنب الشیطان مارزقتنا) واتـە: خوایە شەیتانمان لـیٚ دور بخـەرەوە و هـەر چیەكیشـمان پێدەبەخشـیت لـە شـەیتان بەدووری بگرە.

هەروەها لە ﴿ابن عباس (رضي الله عنه) قال: جاء عمر الى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فقال: يا رسول الله، هلكت، قال: (وما أهلكك) قال:حولت رحلى الليلة، قال:فلم يرد علية رسول الله (صلى الله عليه وسلم) شيئا، قال فأنزل الله على رسول الله (صلى الله عليه وسلم) هذة الاية: قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ ...﴿٢٢٣﴾ ﴾ البقرة: ٢٢٣

(٢٢٣) ژنانی هاوسەرتان وەك كێڵگەوان بۆتان و شوێنی چاندنی وەچـەن، جابەهەرشـێوەیەك دەتانـەوێت تـۆو بوەشـێننە كێڵگەكەتانەوە بەهیوای بەرهەم و، هەوڵبدەن دەست پێشكەری بكەن، هاوسەری چاك و خواناس هەڵبژێرن.

سەرجێیی لەگەڵ هاوسەرەکەتدا بکە لە پێش‌و لە پاش، بەڵام خۆت بپارێزە لە کۆم‌و سوڕی مانگانە (عادە) تا کۆتایی ئەو دەربڕینە داپۆشراوانە بە بەرگی ئەدەب‌و وقار.

## وەسف کردنی حەزو ئارەزوی سێکسی‌و حاڵتەکانی لە قورئانی پیرۆزدا:

سنورو چوارچێوە( سیاق)ی قورئانی بەشێوەیەکی زۆر وردەکارانەو بە درێژی باس‌و وەسفی ژیانی سێکسی ئەکات بە جۆرێك کە حەزو ئارەزوی خەڵکان نەجولێنێ (نەوروژێنێ)و نەبێتە هۆی دەرەنجامێکی خراپ‌و ناباش، نمونەش لەسەر ئەمە زۆر زۆورە، بۆ نمونە/ سنورو چوارچێوە (سیاق)ی ئەحکامەکان لە (دەست نوێژ، خۆشۆرین، دەست لێدان، بەتاڵکردنەوەی ئارەزووی سێکسی لە زۆرشوێن لە قورئانی پیرۆزدا، هەروەها سنورو چوارچێوە (سیاق)ی فریودان‌و حەزو ئارەزوەوە، هەروەك لە درێژەی چیرۆکی حەزرەتی یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت) زۆر بە دورو درێژی‌و وردەکاریەوە لە سنورو چوارچێوە (سیاق)ی قورئانیدا باسکراوە، ناکرێ شوێنەواری خراپ‌و نەرێنی هەبێت هەروەك لە سیاقی رۆمان (چیرۆك)ی فریودان، هەروەها لە ئەحکامی بینین

و جەخت (قوڵبونەوەو رۆچون) لەسەر پاکداوێنی‌و چاو داخستن پاراستنی داوێن، لە هێمای رون‌و ئاشکرا لە خاڵی لاوازی سروشتی لە مرۆڤداو ئاگادارکردنەوەی لەوەی کە دەربچێ لە

سنورچوار چێوەی بینای ڕاستو دروست، یەکێك لەم ڕێگایانە پێکدێت لە هۆشیاری لە ڕاپۆرتی گرنگی هەواو حەزو ئارەزووی سێکسی لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە لە سنورو چوارچێوە (سیاق)ی قورئانی وەسفو باسی حەزو ئارەزوە مرۆییەکان ئەکات، خوای گەورە ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَى:﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ ﴿١٤﴾ ﴾ آل عمران: ١٤

(١٤) خەڵکینە! تێفکرن چۆن ڕازێنراوەتەوە بۆ ئادەمیزاد بەگشتی: حەزکردن لە ئافرەتو نەوەی نێرینەو بەدەست هێنانی ئاڵتوونو زێڕو زیوی زۆرو زەبەندو ئەسپی چاكو ڕەسەن (کە هۆکارەکانی هاتوچۆی ئەمڕۆ دەگرێتەوە بەتایبەتی کە هێزی ئامێرە جۆر بەجۆرەکان بە هێزی ئەسپ مەزەندە دەکرێت )، هەروەها ماڵاتو زەویو زاری کشتوکاڵ .... جا ئەمانە هەمووی ئاواتو ڕابواردنێکی کەمی دنیایی یە کە زوربەی خەڵکی لێی مەحرومو بێ بەشن، بەڵام با ئیمانداران خەفەت نەخۆن چونکە خوای گەورە شوێنی پێشوازی ڕازاوەو خۆشی بۆ ئەو بەختەوەرانە ئامادە کردووە.

هەروەها وەسف و باسی سروشتی راکێشان و کێشکردن لەنێوان هـــەردو رەگـــەزو دامەزرانـــدن و دروســـتکردنی تێگەیشـــتنی بەرپرسیارێتی تاك لە پاراستنی نەفس و خەڵکانی تر لە خراپەو بەدڕەوشــتی و داوێنپیســی و ئــەو شــوێنانەی کــە ئــەو کــارە قێزەونانـەیان تێـدا ئـەنجام دەدرێـت، هـەروەها وەسـف و باسـی سروشتی چاوپێکەوتنی مرۆیی و راکێشانی و کەمەندکێشکردنی بۆ بەتاڵ کردنـەوەی ئارەزووی سێکسـی جۆرێکە لـە تـەواوبونی مرۆیی بەرز، هیچ هەواو حەزو ئارەزویەکی پیس و بۆگەن پیاو لێی رزگار نابێت بەتەواوی.

## مەبەست لەم پەروەردەیە:

مەبەســت پێــی بریتیــە لــە فێرکردنــی منــاڵ (کــوڕ یــان کــچ) هۆشــیارکردنەوەی هەریــەکێکیان و ڕاشــکاوانە لــەو کاتــەوە کــە عــەقڵی ئەشــکێ بــەو کێشــانەی کــە پەیوەســتن و تایبــەتن بــە سێکسەوەو، پەیوەندیان هەیە بە حەزوو ئارەزووەوە، ئەگەن بە هاوســەرگیری، تەنانــەت ئەگــەر کوڕەکــەش گەیشــتە تەمــەنی هەرزەکاری و بوو بە لاو، لە کارو باری ژیان تێگەیشت، زانی چی حەلاڵ و چی حەرامەو، کاتێ رەوشتی ئیسلامی ئاشکراو دیار بوو بە رەوشتێك و عادەتێك بۆی، ئەو کاتە ناڕوات دوای هەواو حەزو ئارەزوو ناکەوێت، تێکەڵی ناکات (تێکەڵ نابێت) لە رێگەی شیبونەوە.

ئەمـــەش بەرپرســـيارێتی باوكـــانو دايكـــانو هۆكارەكـــانی گەشـەپێدانی كۆمەڵايەتيـە، بـاوك قسـە ئـەكات لەگـەڵ كوڕەيـدا، دايكـــيش لەگـــەڵ كچـــەكەيداو، دامـــەزراوە گەشـــەپێدان (گەشـەپێدەر)ەكان ئـەبێ كـەشو هەوايـەكی لـەبار لـە پـاكیو پاكـداوێنی برەخسـێننو بهێننـە كايـەوە، ئـەو كاتـە نەوەيـەكی موسڵمان پەروەردەو دروست ئەبێت كە دوربێت لە
هانـدەرو جوڵێنـەری ئـاژاوەو شـێواندنو وروژانـدنو هەسـت بزوێنـی، بۆيـە بـە راسـتی ياساو بەرنامـەو شـەرعی خـوا لێـدوان ئەدات بەم بەرپرسيارێتيە بە دامەزراوەی خێزان، لە ﴿ابن عمر (رضي الله عنه) لە پێغەمبەری خۆشەويستەوە (صلى الله عليه وسلم) قال: (كلكم راع وكلكم مسـؤول عـن رعيتـه، والامـير راع، والرجـل راع علـى اهـل بيتـه، والمراة راعية على بيت زوجها وولده، فكلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته﴾ صحيحی بوخاری.

## چوارچێوەی تايبەت بە پەروەردە:

يـەكێك لـە پێويسـتيەكانی سەرچـاوەو رەگـەزەكانی پـەروەردە بريتيـە لـە چوار چێوەو سنورێكی تايبـەت بـۆ ئـەوەی خـەڵكانو هاووڵاتيـانی كوڕانو كچـان بڕێكـی گونجـاوو شياو وەرگـرن لـەو پەروەردەيـەو رێـك بكـەوێت لەگـەڵ قۆناغـەكانی تەمـەنو ئاسـتی رۆشـنبيریو هۆشـياری، هـەروەها رێـك بكـەوێت لەگـەڵ دابو نەريتو كەلتوری سەردەم، ئەوەش بـە مەبەسـتی دوركەوتنـەوەی تەليسمەكانو درۆو دەلەسەكان كە لـە سەرچاوەيەكی نەفاميـەوە

وەریـان ئـەگرت، ئـەبوە هـۆی خـراپ تێگەیشـتنیان‌و تێـڕوانین‌و دیــدو بۆچــونیان بــۆ پەیوەندیــە خۆشەویســتیە گەرمــەکان، خوێندنـەوەکان‌و توێژینـەوە ئەکادیمیـەکان زۆر ئاگـاداری ئـەدەن لە مەترسی‌و ترسناکی بە جێهێشتن‌و وازهێنـان لـە هـەرزەکاران‌و ئاراستەکردنیان بۆ سات‌و دەمـەکانی باڵغی بە تـاقی تـەنها بـەبێ پێشەکیەکی پێش وەختەو یان ئامادەکردن‌و ئامادەکاریەك‌و، لـە دەقـە شـەرعی‌و یاساییەکان کـە ئامـاژەن بـۆ ئـەو واتـاو مانایـەی پێشـتر لـە رێکخسـتنی کـرداری چون‌و رۆیشـتنی منـاڵان بـۆ لای دایك‌و باوکیان.

## ریزبەندی لە فێرکردن‌و پەروەردەدا.

راشکاوی دایك‌و بـاوك لـە سـاڵان‌و تەمـەنی دیـاری کـراودا نیـە بـە تەنها بەڵکو ئەبێت بە پلەبەندی بێت لە کـاتی تەمـەنی منـاڵەکـەدا، ئـەوەش بـە باسـکردنی ئـەوەی روو ئـەدات لـە پێگەیشتن‌و تـەواو بونی سێکسـی لـە ئینسـان‌و لـە منـاڵدا لـە کـاتی تەمەنیـدا، واتـە باسـکردنی ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە بەسـەر هـەرزەکارانی هـەردوو رەگەزدا دێت، وەك گۆڕین لە شکڵ و شێوە وشـێوازی جەسـتە لـە کاتی ماوەی پێگەیشتندا، ئەوەش ئەبێت هەر لە کاتی منـاڵیـەوە، دوای ئەوەی کەمێك گەورە بوو، ئیتر بـاوك‌و دایـك دەسـت ئەکـەن بە باسکردنی ماناو واتای هاوسەرگیری (ژن هێنان‌و شوو کردن) —بـە شـێوەیەکی گشـتی— پێویسـتیەکی بونـەوەرە بـۆ پاراسـتنی جـۆری مرۆڤـو لــە ســەرەتای تەمــەنی هەرزەکاریــدا، شــتێکی

سروشتیه كه هەرزەكاران دەست بكەن بە پرسیاركردن لە ماهیەتو چۆنیەتی هاوسەرگیری و پەیوەندی سێكسی، لێرەدا وەڵامی پرسیارەكان لای باوكو دایكی دەست ئەكەوێتو وەرئەگرێت، ئیتر ئەو كاتە هەرزەكار لە قۆناغەكانی تەمەنیدا ئەزانێت چۆن رەفتارو هەڵس و كەوت بكاتو جیاوازە لەوەی وەڵامی پرسیارەكانی لای كەسانو خەڵكانی تر دەست كەوێت بیان زانێت، بەڵكو لای باوكو دایكی دڵسۆزیەوە بە راستی و دروستی وەریگرتوەو، پێویستە باوكو دایك لە باسكردنەكەیاندا گرنگی بدەن بە ئەركو فەرمانە ئاینیەكانو دور كەوتنەوەیان لە یاساغو قەدەغەكراوەكان.

## قۆناغەكانی ئەم پەروەردەیە:

### قۆناغی یەكەم:

بریتیە لە قۆناغی سەرەتایی، كە تیایدا منالآن (كوڕانو كچان) فێری ئەدەبی روخسەتو مۆڵەت وەرگرتنو روانینو سەیركردن ئەبن، تاوەكو بەهایان لا دروست ببێت كە لێرەدا قەدەغەو یاساغەكان ئەبێت پیرۆزو رێزلێگیراوبن، ئەمەش لە نێوان تەمەنی (٧–١٠)ساڵدا ئەبێت.

### قۆناغی دووەم:

باسكردنی ئەو گۆرانكاریانەی كە بەسەر (هەرزەكارانی هەردوو رەگەز)دا دێت لە روی گۆرانكاری فسیۆلۆجیەوە، ئەمەش بەزۆری لە نێوان تەمەنی (١٠–١٤) ساڵدا ئەبێت، بۆیە ئەبێت لەم

تەمەنەدا شوێنی خەوتنیان جیا بکرێتەوە هەم لە نێوان (کوڕانو کچان) هەم لە گەڵ باوكو دایکیشیاندا.

## قۆناغی سێهەم:

باسکردنی ماناو واتای هاوسەرگیری (ژن هێنانو شوو کردن) – بەشێوەیەکی گشتی– پێویستیەکی بونەوەرە بۆ پاراستنی جۆری مرۆڤ ئەمەش بە زۆری لە کاتێکدا ئەبێت کە لاوان گەیشتبنە قۆناغی هەرزەکاری (١٧) ساڵیەرەو سەرەوە، لەم ماوەیەدا باس لە بڕێکی زۆر لە ئەرکەکانی پیاو ئەکرێت سەبارەت بە هاوسەرەکەیو، ئەرکەکانی ژن ئەکرێت سەبارەت بە (پیاوەکەی) هاوسەرەکەیو، هەستکردنی هەرزەکاران بە (قورساییەکان) و تێچوی دروستکردنی خێزانو مەبەستەکانی هاوسەرگیریو ژنهێنان.

## خاڵە گرنگەکان

١- ئەم قسەو باسو رونکردنەوانە تەنها بۆ ئەوانە ئەبێت کە پێویستیان پێیەتیو، پێش گەیشتنی مناڵەکان (کوڕ یان کچ) بە تەمەنی جیاکردنەوە (تمییز)، چونکە قسەکردن هیچ نرخو سودێکی نابێت لەگەڵیاندا نمونەی ئەم کارروبارو قسەو باسانە.

٢- باس کردنو پیشاندانی ئەم مەسائلانە بۆ هەموو مرۆڤێك ئەبێ بەپێی حاڵەتەکەیو پێویستیەکەی بێت، ئەو کەسەی کە سەرەتای تەمەنی هەرزەکاری بێت، وەك ئەو کەسە نیە کە دوای چەند رۆژێکی کەم ئەچێتە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە.

٣- پێشکەشکردنی بڕێکی گونجاو لە قسەو باس‌و خواس‌و ئامۆژگاری‌و ڕێنمایی بۆ ڕۆڵەکان (منالآن) کە بگونجێت لەگەڵ تەمەنیان‌و پێویستیان بەو باسانەو، لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی کۆمەلآیەتی پەیوەست بە منالْ وەك خێزان، تاوەکو کارەکە نەبێتە کارێکی کتوپڕو ناکاو کاتێك کە (کوڕەکە یان کچەکە) ئەبێتە لاوو گەنج‌و، ئەم قۆناغ بەندیە لە ڕۆشنبیرکردن گونجاوە، تاوەکو منالْەکان وەلآمی پرسیارەکانی پەیوەست بەم کارە وەرگرتبێتەوە، ئەگەر وانەبو وەلآمیان دەست نەکەوتبوو ئەوە بێگومان لە سەرچاوەی تری نائەمینەوە داوای ئەکەن‌و بەشوێنیاندا ئەڕۆن تا وەلآمیان دەست کەوێت، یان لە ڕێگەی تری ناشەرعی‌و نادروستەوە وەلآم وەرئەگرنەوە، لەبەر ئەوە پێشکەشکردنی ئەم جۆرە لە زانیاری بەم شێوە ریزبەندیە، ئەوە لە ڕاستیدا پێدانی بڕێکە لە بەرگری‌و پارێزەرو پاراستنی ڕۆڵەکان (منالْەکان)ە لە هەنگاوەکانی شەیاتینەکان‌و لە فریودانی گومڕاو لە ئاین لادەرەکان.

٤- دەستگرتن‌و پەیوەستبوون بە ئەدەبی قورئانی پیرۆزو سوننەت‌و ڕەویەی پاك لە قسەداو لەم کارو کردەوانەدا بەپێی توانا، کە ئەمەش گەیشتنە بە مەبەستی داواکراو بە زۆرترین ڕێگاکانی تەمێکردن‌و ڕونکردنەوە، ئەو کاتە مرۆڤ سێکس‌و ئەدەب فێر ئەبێت، هەمیشەو بەردەوام حەیاو شەرم‌و شکۆ بەشێکە لە ئیمان‌و باوەڕ هەتا ڕۆژی دوایی هەڵئەسێت.

٥- ئاگـاداربون لـەوەی کـە ئـەم بـاس و خواسـە هـەموو غـەم و هەمێکی مرۆڤەو تەوەری بیرکردنەوەیەتی، بۆیە زیادەرەوی لە نمونـەی ئەمـەدا زەرەو زیـانی زۆری هەیـە، بـە جۆرێـك کـە خاوەنەکەی لە سنوری میانەڕەوی مام ناوەندێتی ئەکاتە دەرەوە.

## خێزان لانکەو باوەشی پەروەردەو پێگەیاندن و چێنەری قیەم و رەوشتە:

لە گرنگترین شوێنەوارە دەرونی و فیکریەکانی خێزان بریتیە لە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی منالأن لە ژێر سێبەری رێکخراوە کۆمەلأیەتیەکان کە تیایدا سەلامەتی دەرونیان پارێزراو دەبێت (ئەپارێزرێت)، مەبدەئ و بنەما سەرەکیەکانی وەك (هاوکاری و یارمەتی و بەزەیی و مهرەبانی) فێرئەبن و فێرئەکرێن.

خێزان لانکەو باوەشێکی سروشتی نمونەییە بۆ منالٚ، لانکەو باوەشێك کە گەرمی و داپۆشینی تیایە کە پێویست و داواکراون، هەروەها مهرەبانی و پەرۆشی و چاودێری تیایە، کە هۆکارە پەروەردەو پێگەیاندنە کۆمەلأیەتیەکانی تر ئەم سۆزداری و سیفاتە جوانانەیان تێدا نیەو بێبەشن لێیان، خێزان بریتیە لە لانکەو باوەشی تاکەکان. نەك تەنها چاودێری جەستەکانیان بکرێت، بەلٚکو بە چاندنی بەهای ئاینی و رەوشتی لە دلٚ و دەرونیاندا، بەرپرسیارێتی خێزان لەم بوارەدا دەست پێدەکات پێش دروستبونی کۆرپەلە بە چاك هەلٚبژاردنی هەریەك لە هاوسەرەکان (ژن و پیاو) هەر یەك بۆ ئەوی تریان، پێشەنگی و

یەکەمینی پێوەر لەم هەڵبژاردنەدا پێوەری ئاینیو خورەوشتە، لە (عن أبی هریرة (ﷺ) و، عن النبي (ﷺ) قال: تنكح المراة لاربع لمالها ولحسبهاء ولجمالها ولدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك﴾ صحیحی بوخاری فەرمودەی ژمارە (٥٠٩٠).
وقال (ﷺ) ﴿إذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه فانكحوه الا تفعلوه تكن فتنة في الارض وفساد عريض﴾ سونەنی بەیهەقی فەرمودەی ژمارە (١٣٨٦٣).
ئەم پەروەردەو پێگەیاندنە بەردەوام ئەبێت، بە فێرکردنی بیرو باوەڕو بەندایەتیو پەرستشەکانو خوڕەوشتەکان بۆ تاکەکانی خێزان راهێنانو مەشق پێکردنیان لەسەر ئەنجامدانو جێبەجێکردنیانو، چاودێری کردنیان تاوەکو منداڵەکان ئەگەنە تەمەنی ئەقڵو فامو باڵغ بونو سەربەخۆبونیان لە هەڵسو کەوتو بەرپرسیارێتی ئاینیو یاسایی.
هەموو ئاینەکان بەشێوەیەك ئەڕواننە خێزان (سەیری خێزان ئەکەن) کە پێك دێت لە (هاوسەرەکان/ ژنو پیاو/ باوكو دایك)و منداڵەکان، چونکە بەردی بناغەو بنچینەی سەرەکی کۆمەڵگەن، ئەگەر صالحو چاكو باش بن ئەوا کۆمەڵگەش صالحو چاكو باش ئەبێت، بۆیە لەبەر ئەوە ئەرکی ئاینی بریتیە لە پارێزگاری لە خێزانو بەهێزکردنی پەیوەندی نێوانیان، چونە ناوەوەی ڤایرۆسی ئایدز بۆ ناو خێزان بەتەواوی تێکی ئەشکێنێو وێرانی ئەکات، ئەگەر کەسی باڵغ توش بوو بەو نەخۆشیە ئیتر

ئـەو كاتـە ئەیگوازێتـەوە بـۆ (ژن/ هاوسـەر)ەكەی لەوێشـەوە بـۆ منداڵەكان، هەموو خێزانەكە بەرەو هەڵوەشاندنەوە بەرەو مردن و فەوتاندنی ئەبات، لە جیاتی ئەوەی كەوا ئاسایش و پاراستن لە مەترسیەكان و پارێزگاری لە ژیان یان بۆ دەستەبەر بكات، ئەگەر هەر یەكێك لە ئەندامانی خێزان توشی نەخۆشی ئایدز بوو ئەبێتە هۆكارێك بۆ لەناوچون و فەوتانی خانەوادەو خێزانەكەو، بە لە ناوچونی جگەرگۆشەكان و ئەوانەی بە توشبویی لەدایك ئەبن و ئەناڵێنن بەدەست ئەو نەخۆشیەی كە بە فەوتان و مردن كۆتایی دێت و، ئەگەر فەرمودەی پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) مان بێتەوە یاد كە ئەفەرموێ (كَفَى بِالمَرءِ إِثماً أَن يُضَيِّعْ مَنْ يَقُوت) سونەنی ابی داود فەرمودەی ژمارە (١٦٩٤).

ئێمە بۆمان دەرئەكەوێت كە خۆپاراستن لە نەخۆشی ئایدز ئەركێكی ئاینی و زۆرو سەپاندنی كۆمەڵایەتیە، بەڵك و خستنە ئەستۆی پەیوەستبونی نەتەوایەتیە.

## ڕاسپاردەكان و ئامۆژگاریەكان.

لەسەر بەخێوكەر پێویستە هەست بەو بەرپرسیارێتیە بكەن كە پێغەمبەرمان (ﷺ) بۆی هەڵگرتون وەك لە فەرمودەیەكدا ئەفەرموێ ﴿الامام راعٍ و مسئول عن رعيته﴾ صحیحی بوخاری فەرمودەی ژمارە (٨٩٣)، هەروەها لە فەرمودەیەكی تردا ئەفەرموێ (ﷺ) ﴿إن الله سائل كل راع عما إسترعاه حفظ أم ضيع﴾ و پێویستە لەسەریان بزانن كە:

١- هــەر ئــەبێت زاڵــبین و ســەرکەوین بەســەر ئــەم پەتایــە بــە جێبــەجێکردنی شــەرع و یاســای خــوایی لــە هــەموو وڵاتــە ئیسلامیەکان بە حەرام و قەدەغەو یاساغ کردن و سزادانی (داوێن پیسی و ڕەگەزبازی و سێکس نامۆو ناوازەو چونە لای ئافرەت لە دواوەو پانێ بە پانێ (پان پانۆکێ/ مێ لەگەڵ مێ) هەموو جۆرە بەدڕەوشتیە سێکسیەکان و، جێبەجێکردنی سنورەکانی خوا لە لادەرەکـان لـە (داوێـن پیسـی و سـێکس نـامۆو نـاوازەو بازرگانـە لەشفرۆشیەکان).

٢- هەر ئەبێت فریودان وفڕوفێڵ وبیانوەکانیان پوچەڵ بکرێنەوە بــەبێ رودان و کەوتنــە نــاو ئــەم خراپەکاریــە بــە دەورەدانــی هۆکارەکانی: وەك دانیشتن لەگەڵ نامەحرەمدا لە شوێنی چۆڵدا، یـان تێکـەڵاوی سەربەسـت و ئـازادو پەیوەندیـە گومانـاویـەکان لـە دەرەوەی سـنورو چوارچـێوەی شـەریعەتداو، چـاودێری کردنـی هۆکارەکـانی راگەیانـدن و، چـاودێریکردنی تونـد بـۆ پاراسـتن و پارێزگـاری کـردن لـە بەهـاو ڕەوشـت و پەیوەسـت بـون بـە وشـەو وتەی مەبەستدارو هەواڵی ڕاستەوە.

٣- هــەر ئــەبێت ئەوانــەی کــە دێنــە وڵاتــەوە بــۆ مانــەوەو نیشــتەجێبون لـــە بیانیـــەکان، بەســـەریاندا بســـەپێنرێت و بسەلمێنرێت کە خاڵین لەم ڤایرۆسی ئایدزەو سەلامەتن.

٤- هەر ئەبێت چاکسازی بکرێت لە دامەزراوە فێرکاریەکاندا لە هەموو قۆناغەکاندا، کە بگونجێت لەگەڵ بەهای ئیسلامیمانداو،

ئەبێت خوێندنی وانەی ئاین ماددەیەك‌و وانەیەكی سەرەكی‌و رەسەن بێت‌و، ئەبێت زانایانی فەقیەو پسپۆڕو شارەزا هەستن بەدەورو رۆڵی خۆیان لە هەموو بوارەكان‌و یانەو سەنتەرو ناوەندەكانی لاوان‌و گەنجان.

٥- هەر ئەبێت مەیخانەكان‌و كارگەكانی مەی دروستكردن دابخرێن توندو تیژی بخرێتە سەر بازرگانانی مادە سڕكەرو بێهۆشكارەكان.

٦- هۆكارەكانی راگەیاندن رۆڵ‌و دەوری گرنگیان هەیە لە هۆشیار كردنەوەی خەڵكیدا لە مەترسیەكانی ئایدزو رێگاكانی خۆپاراستن لێی،بەتایبەتی (هاندان وئارەزوو بون لەسەر پاك داوێنی) ،هەروەها پێویستە لەسەری دور بكەوێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی كە ئەبنە هۆی جولاندن‌و وروژاندن‌و هەژاندنی حەزو هەواو ئارەزوەكان یان فریودانیان بە خراپەكاری‌و گوناه كردن‌و بەدخویی‌و بەدكرداری.

## ئەركی بانگخوازان بۆ خوا

بانگخوازان بۆ خوا لەسەریانە كە هەستن بە كارو فەرمانی گرنگی خۆیان كە بریتیە لە:

١- هۆشیار كردنەوەی بەردەوام‌و بەڕێگەی جیاواز جیاواز بەپێی بەرنامەو شەرعی خوای پەروەردگار لە بەها‌و ئاكارو رەوشتی جوان‌و پەسەندو، ئاگادار كردنەوە لەسەر ترسناكی‌و مەترسیەكانی شوێنكەوتنی هەواو ئارەزوەكان، كە ئەم

مەترسیانە تایبەت نابن بە خەسارەتمەندی دواڕۆژ بە تەنها، بەڵکو خوای گەورە هەر لەم دنیایەشدا سزای تاکەکان ئەدات بەم نەخۆشیە ترسناكو مەترسیانەو سزای کۆمەڵگەش ئەدات بە ناردنی تاعونو ئێشو ئازار کە لە پێشتدا بە خۆیانەوە نەیان بینیبێت، هەروەك چۆن خۆشەویستمان (ﷺ) هەواڵی پێداوینو و اقیعیش سەلماندویەتیو جێگیری کردوە، نەخۆشیەکانی (ئایدزو سیلانو زهری) تەنها لە دەرەنجامی لادانی بەد خوویيو بەد رەوشتیەوەیە سەریان هەڵداوەو پەیدابوون.

٢- باسکردنی شوێنەوارە مەترسیو ترسناکەکانی نەخۆشی ئایدزو، گرنگو پێویستە بەهەموو (جۆرە رێگەیەك )جۆرێك رێ بگیرێ لە بڵاوبونەوەی(نەهێشتنی بڵاوبونەوە) ئەم نەخۆشیانە، پێناسەو ناساندنی داواکاران بەو شێوەیەی کە ئەهلی پزیشکی پێی ئەڵێن، سەرژمێری لە مەترسی گەورەو لەناوبەری کۆمەڵگە، کە مەبەستی ئومەی ئیسلامیە تاوەکو زاڵبێت بەسەر تەندروستی رۆڵەکانیداو، بەسەر ئاکارو رەوشتیانو دابو نەریتی قولڵو رۆچوویان کە بە درێژایی ساڵانی پێشوو خۆیان پاراستوە لەم پەتاو دەردو نەخۆشیانە.

٣-قایل کردنو هاندانی توشبوان بەم نەخۆشیە لەڕێگەی گواستنەوەی نەخۆشیەوە کە هیچ گوناهێکیان نیە تیایدا، لەگەڵ پەیوەستبونیان بە

ئاكارو رەوشتەكانی ئیسلام لە سەر ئارامی و خۆڕاگری و حیساب بۆكردن داوای نزای شیفاو چاكبونەوە، خوای گەورە عەزیزو بەرزو بەڕێزە لای سوك و ئاسانە شیفا بنێرێ، هەركاتێ و یستی لەسەر شتێك هەبوو ئەوا بەفەرمانی خوا ئەوشتە ئەبێت، ئەوەتا حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل(سەلات و سەلامی خوای لەسەر بێت) لە بیرو باوەڕی نیگاو وەحیەوە رایدەگەیێنێ و ئەفەرمویێت:

قَالَ تَعَالَىٰ:﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴿٨٠﴾﴾ الشعراء: ٨٠

(٨٠) هەر كاتێ نەخۆشیش كەوتم، ئەوە هەر ئەو شیفام بۆ دەنێرێت (پزیشكەكان بەندەی ئەون، دەرمانەكان دروستكراوی ئەون، ئەگەر بیەوێت لە رێگەی ئەوانەوە شیفام دەدات).

٤- هەر ئەبێت سزای توشبوان بەم دەردو نەخۆشیە بدرێت كە لە رێگەی ئەنجامدانی كاری ناڕەواو نادروست و یاساغەوە پێی هەستاون، ئەگەر چی لە رێگەی سزادانەوە بێت كە مەزهەبی حەنەفی بڕیاری لەسەر داوە- هەروەها هاندانیان بە خێراو زوو پەشیمان بونەوەو گەڕانەوەو تەوبەكردنیانو، زۆر كردن و ئەنجامدانی بەندایەتی و خواپەرستی و كاری چاكەو خێر، تاوەكو خوای گەورە تەوبەكەیان لێ وەر بگرێت، گوناهەكانیان بۆ داپۆشێ و لێیان خۆش ببێت، چونكە هەمیشە دەرگای پەشیمان بونەوەو گەڕانەوەو تەوبەكردن كراوەیە بۆ سەرپێچیكاران و یاخیبوانی پەشیمانكارو گەڕاوە، خوای گەورە ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾ ﴾ طه: ٨٢

**(٨٢) دڵنیاش بن كه من به تەواوی لێخۆشبووم لەو كەسەی كه تەوبه دەكات و باوەڕ دەهێنێت و كاروكردەوەی چاكه دەكات و، لەوەودوا تا دوا هەناسەی ژیانی بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو ڕێبازه.**

**٥- ئاگاداركردنەوەی توشبوان بەگشتی له گەیاندنی (گەیشتنی زەرەرو زیان به كەسان و خەڵكانی تر، چونكه ئیسلامی پیرۆز نه زیانی تیایه (نه زیانی هەیه) وەنه زیانیش ئەگەیێنێت (زیان بەخش نیه)، هەروەك**

**پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) ئەفەرموێ: (لاضَرَرَ ولا ضِرارَ) سوننەنی ابن ماجه فەرمودەی ژماره(٢٤٣٠).**

**وه گەورەترینی گوناهه گەورەكان بریتیه له (هاوەڵ دانان بۆ خوای تاك و تەنها و زیان گەیاندن به خەڵكی، خوای مهرەبان ئەفەرموێ:**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾ ﴾
الأحزاب: ٥٨

**(٥٨) ئەوانەش كه ئازاری ئیمانداران له پیاوان و ئافرەتان دەدەن ( به بوختان و قسەو قسەڵۆك و گرتن و ئازاردان و گەفین به خواو**

به پێغەمبەرو سوکایەتی کردن بە قورئان ...) بەبێ ئەوەی ئەو ئیماندارانەیە گوناهو تاوانێکیان ئەنجام دابێت کە شایستەی ئەوە بن و، بێگومان ئەو بێ دینانەی ئاوا دژایەتیان دەکەن گوناهو تاوانو کارو کردەوەیەکی زۆر ناپەسەندی ئاشکرایان ئەنجامداوە (خوای گەورە لە هەردوو جیهان تۆڵەیان لێ دەسەنێتو رسوایان دەکاتو، ئەگەر بە تەوبەو پەشیمانی راستەقینە فریای خۆیان نەکەون).

وە بەتایبەتی نزیکترین کەس لێیەوە لە منداڵەکانیو ژنەکانیو خزمەکانیو، پێویستە لەسەر نەخۆش کە پشکنین بۆ نەخۆشیەکەی بکات لەکاتو حاڵەتی چونە پێشەوەو بەنیازبونی هاوسەرگیری یان لە کاتی تەداوی کردن لەلایەن پزیشکی خێزانەوە یان لە کاتی خوێن بەخشیندا، یان هەرشێوە هەڵسو کەوتێکی تر کە جێی گومان بوو بۆ گواستنەوەی نەخۆشییەکە.

٦-هاندانی دایکانو باوکان لەسەر بەدواداچونی کردارو رەفتاری منداڵەکانیان لە ماڵداو لە دەرەوەی ماڵدا، (بیان پارێزێ)پارێزگاریان لێ بکات لەو کارو کردەوە هەڵەو خراپانە کە مەترسیان ئەبێت لە سەریانو ئەبنە ترسناکی بۆیان، ئەوەش بە چاودێری هەمیشەو بەردەوام ئەبێت لە بینینو سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانیەکانو لە تۆڕی زانیاریەکانو لە هۆکارە جیاوازەکانی راگەیاندن، پارێزگاریو پاراستنیانو پتەوکردنیان بە رێپیشاندانی نیگاو وەحیو رێنماییەکانی قورئانی پیرۆز،

چونکه بەڕاستی ئا ئەمە گرنگترین ئامۆژگاریو راسپاردەیەکە کە خوای گەورەمان کردویەتی بۆ دایکانو باوکانو هاوسەران (ژنو مێرد)ەکانو فەرمانڕەواو کاربەدەستان، خوای گەورە ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَى:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦﴾ التحريم: ٦

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانو باوەڕتان هێناوە خۆتانو کەسو کارتان بپارێزن لەئاگرێك کەسوتەمەنی یەکەی خەڵكو بەردە (کەبەسەر یەکدا دەکەون، دیارە خەڵکانی بێ دین حسابی بەردیان بۆکراوە و، چونکە لەدنیادا دڵیان وەکو بەرد وابووەو هەستو شعوریان وێنەی بەرد بووەو بەدەم بانگەوازی خوای گەورەوە نەچوون، بەڵکو دژایەتیشیان کردوە)، جاسەرپەرشتیارانی دۆزەخ جۆرە فریشتەیەکن زۆر دڵڕەقو بەهێزو توندو تیژن، لەهەمان کاتدا بەهیچ شێوەیەك نافەرمانی خوای گەورە ناکەنو هەرفەرمانێکیان پێ بدرێت دەستبەجێ ئەنجامی دەدەن .

قتادە فەرموی: مروهم بطاعة الله، وانهوهم عن معصيته. اثر صحيح.

عبدالرزاق لە مصنفەکەیدا بۆمانی گێڕاوەتەوە.

٧- به پەرۆش بوون بۆ پاداشتی خوای جیهانیان و ئەو بەڵێنەی کە داویەتی بە راستڕەوان کە بیانژێنێ بە ژیانێکی خۆشبەخت و خۆشگوزەران، چاکترین و جوانترین خۆشترین ژیانیان بۆ فەراهەم دێنێت، ئەیانپارێزێت لە گومڕایی و دەردیسەری، (لەگەڵ چاوەڕوانکردنی ئەو نازو نیعمەتە بەردەوام و نەبڕاوانەی کە لە بەهەشتدا چاوەڕوانییان دەکات) لەم دونیایەدا تا ئەو کاتەی بۆیان دیاری کراوە و ئەچنەوە بەر بارەگای خۆی و، بەڵێنی داوە کە بیان پارێزێ لە گومڕایی و سەرلێشێوان و ئەشکەنجەو ئازار، لەوەی کە چاوەڕوانیشیان ئەکات لە بەهەشتی نەبڕاوەو هەتا هەتایی و بەدەستهێنانی رەزامەند (رازیبون)ی خوای میهرەبان.

٨- سەرنج راکێشان و ئاگادارکردنەوەی ئەوەی کەوا یاساغ و قەدەغەیەو ناڕەواو نادروستە چونە لای (ژنان/ ئافرەتان) لە دواوە لە رێگەی کۆمەوە، یان لە کاتی سوڕی مانگانە کە ئەمانە هۆکارن بە دڵنیاییەوە بۆ توشبون بە نەخۆشیەکان و دروستبونە هەوکردنی هەردولا کە سزاکەیان دادیان نادات و سوپاسیان ناکات.

٩- ئاڕاستەکردن و رێپیشاندان بەرەو تەواوکاری بە تەواوی زاڵبون بە سەر ئەم پەتاو دەردو نەخۆشیانەدا، چەند جوانە فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویست و پێشەوامان (ﷺ) کە ئەفەرموێ:

﴿مثل القائم على حدود الله والواقع فيها كمثل قوم إستهموا على سفينة، فأصاب بعضهم أعلاها وبعضهم أسفلها، فكان الذين في اسفلها إذا استقوا من الماء مرّوا على من فوقهم فقالوا لو أنا خرقنا في نصيبنا خرقا، ولم نؤذ مَن فَوقَنا، فإن يتركوهم وما أرادوا هلكوا جميعا، وإن أخذوا على أيديهم نجوا ونجوا جميعاً﴾ صحيحى بوخارى فەرمودەی ژمارە (٢٤٩٣).

١٠- هەستكردن بە پەیمان و بەڵێنە خواییەكان كە خوای پەروەردگار پێی داون، بە هۆیەوە بونەتە رابەرو سەركردەو پێشەنگ و پێشەوا بۆ بیروڕا بۆ بانخوازی (بانگهێش كردن) بۆ خێرو چاكە، خوای گەورە ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾
آل عمران: ١٠٤

(١٠٤) دەبا لە ئێوە دەستەیەك پێكبهێنرێت، یاخود با هەر هەمووتان ببنە ئومەتێكی تایبەت و خەمخۆری مرۆڤایەتی، بانگی خەڵكی بكەن بۆ خێرو چاكە، بۆ دینداری، بۆ ئیسلام، هەروەها فەرمان بە ئەنجامدانی هەموو كارێكی رەواو دروست و چاك بدەن، بە شێوازێكی حەكیم و دانایانەش هەوڵی قەدەغە كردنی هەموو خراپەو نادروستی و ناباشێك بدەن، بێگومان هەر ئەو جۆرە خەڵكە خەمخۆرە لە دەرئەنجامدا سەركەوتوو سەرفراز دەبن (دەكرێت ئەم كارە لە رێگەی وەزارەتەكانی پەروەردەو

راگەیاندن و کۆمەڵایەتی و بەرگری و وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی ترەوە ئەنجام بدرێت، تاکی ئیمانداریش لە دەوروبەری خۆیدا پێی هەستێت).

چەند گەورەیە ئەم مەدالیای شەرەفە کە خوای گەورە داویەتی و بەخشیویەتی بە بانگخوازان بەوە کە ئەوان لە (سەرکەوتوانن) و ئەوان باشترین وتەبێژو قسەکەرێکن، ئەوەتا خوای گەورە لە بارەیانەوە لە قورئانەکەیدا ئەفەرمویٚ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ ﴾ فصلت: ٣٣

(٣٣) (دیارە بەدەستهێنانی ئەو بەهەشتە کردارو گوفتاری جوانی دەوێت بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت): جا کێ هەیە قسەو گوفتاری لەو کەسە چاکترو جوانتر بێت کە خەڵکی بانگ دەکات بۆلای ئاینی خوا، بۆ پابەندیی، بۆ چاکەو چاکەکاری، هاوتەریبیش کارو کردەوەی جوان و چاك ئەنجام دەدات پاشان ئیعلانی ئەوە دەکات کە دەڵێت: من لە موسڵمانانم، من لەو کەسانەم کە پابەندی ئاینی ئیسلامن.

ئێوەن هەڵگری مەشخەڵی نورو روناکی و رێگەی هیدایەت، ئەرك و کارو فەرمانتان خستنەڕووو ئاشکراکردنی درۆو دەلەسەو قەڵب و ساختەکان و بانگەشەکانی خراپەکاران و ناڕەوایان، پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) لە بارەتانەوە ئەفەرمویٚ:

﴿وإن العلماء ورثة الانبياء وإن الانبيا ولم يورثوا دينارا ولآ درهما ورثوا العلم فمن أخذه أخذ بحظ وافر﴾ سونەنی ئەبی داود فەرمودەی ژمارە(٣٦٤٣).

١١- دروستکردنی تیمێکی تایبەتو رۆشنبیرو بەکەڵكو بەسودە، سەرقاڵ نەبێت (هیچ ئیشو کارێکی تری نەبێت) گیانی خزمەتو خزمەتکردنی گشتی هەبێت، لە (نێرو مێ/ کوڕانو کچان) بتوانێو ئامادەو لێهاتوو بێت، لە رێگەی خولی راهێنانەوە حەقیقەتو راستی کێشەکانو قەبارەیانی بۆ دەرکەوێتو ئاگاداریان بێتولای رونو ئاشکرابن، زانیاری تەواوو پێویست وەرگرێتو بیدرێتێ، کارامەییو لێزانی بۆ زیاتر لێهاتوو بونی بۆ رۆشنبیر کردنی کەسانو خەڵکانی تر، دواتر ئەم تیمە لە خۆبەخشانی هەردوو رەگەز هەستێت بە وتنەوەوی زنجیرەیەك لە وانەی رۆشنبیرکردن کە بۆ لاوانو گەنجان رونو ئاشکراو گونجاو بن بەپێی قۆناغەکانی تەمەنیان، سەبارەت بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، مەترسیو ترسناکیان، چۆنیەتیو رێگاکانی بلأوبونەوەیان، چۆنیەتیو رێگاکانی خۆپاراستن لێیان، لەگەڵ هاریکاری و پشتگیری کردنی ئەم وانە ئامادەکراوانە بە وێنەو ژمارە لە کەشو هەوایەکی پەیوەستبونی شەرعیەوە لە ناوەرۆكو باسکردندا ،ئەمەش بە رێککەوتنو تەواکاریو یارمەتیدانی یەکتر لەگەڵ لایەنی رەسمیو فەرمیو خۆبەخشانو پەیوەندیداردا.

## پاشکۆیەکی فیقهی پزیشکی.

ڕێکخراوی ئیسلامی بۆ زانستی پزیشکی سیمینارێکی بەست لە ژێر ناونیشانی (دیدو بۆچون‌و تێڕوانینی ئیسلامی بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشی ئایدز) لە ماوەی (٦-٨) مانگی ١٢ی ساڵی (١٩٩٣) کە تەوەرە سەرەکیەکانی سیمینارەکە بریتی بوو لە:

١- لایەنە پزیشکیەکانی نەخۆشی ئایدز لە روی (هۆکارەکانی، ڕێگەو چۆنیەتی بڵاوبونەوەی، مەترسی‌و ترسناکیەکانی).

٢- لایەنە فیقهیەکانی کە ئەمانەی خوارە ئەگرێتەوە (پێك دێت) لە:

* حوکم (فەرمان/ بڕیار)ی جیاکردنەوەی توشبوو بە نەخۆشی ئایدز.

* حوکم (فەرمان/ بڕیار)ی گواستنەوەی نەخۆشیەکە بە ئەنقەست (دەستئەنقەست)و داڕێژراو.

* مافەکانی پیاوی توشبووو ئەرکەکانی.

٣- ئەحکام (یاسا)ی لە باربردنی دایکی توشبوو بە نەخۆشی ئایدز.

٤- دروستی دایەنگای دایکی توشبوو بە ئایدز بۆ منالْ (لەدایك بوو)ە ساغ‌و تەندروستەکەی‌و شیرپێدانی.

٥- مافی سەلامەتو دروستی هەریەك لە هاوسەرانە (ژن یان پیاو) کە داوای جیابونەوە بکەن لە یەکتر (هاوسەر (ژن یان پیاو)ی توش بوو بە نەخۆشی ئایدز).
٦- مافی ژیانی هاوسەرێتی(کرداری سێکسیو سەرجێیی).
٧- نەخۆشی ئایدز دائەنرێت بە نەخۆشی مردن.
سیمینارەکە ماوەی سێ (٣) رۆژی خایاند لە توێژینەوەو تاوو توێکردنی بابەتو تەوەرەکانو، لە دانیشتنو کۆبونەوەی کۆتاییدا -کە لە ناوەند (سەنتەر)ی پزیشکی ئیسلامی ئەنجام درا-
ئەم چەند راو راسپاردانەی لێکەوتەوە (بڕیاریان لەسەر درا):
١- جیاکردنەوە (دابڕین/دابڕان)ی نەخۆش:
ئێستا زانیاریی پزیشکیی زۆرن کە دوپاتی ئەکەنەوەو دڵنیایی ئەدەن (دڵنیان) لەوەی کە نەخۆشی ڤایرۆسی کەمی بەرگری مرۆیی (ئایدز)، لە رێگەی (لەگەڵ بونو ژیان بەسەر بردن لەگەڵ کەسی تووشبوو، دەست لێدانو بەرکەوتن، یان هەناسەدان، یان مێروەکان، یان بەشداریکردنی لە خواردنو خواردنەوەدا، یان لە تەوالێتو دەستشۆردا، یان مەلەکردن لە گەرماوو مەلەوانگەکاندا و، یان لە تەوالێت (شوێنی دانیشتنی پیسایی)، یان کەلو پەلو قاپو قاچاغی خواردندا،

زۆر شتی تر له روی ژیان‌و هەڵس‌و کەوتکردنی ژیانی رۆژانەی سادەوە) ناگوازرێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لە یەکێك لەم رێگانەی لای خوارەوە ئەگوازرێتەوە:

أ- پەیوەندی‌و بەیەکگەیشتنی سێکسی بە هەر جۆرێك بێت لە جۆرەکان.

ب- گواستنەوەی خوێنی پیس‌و پێکهاتەکانی.

ج- بەکارهێنانی نیدڵ‌و سرنجی پیس‌و بەکارهاتوو بەتایبەتی لە نێوان بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکاندا.

د- گواستنەوەی لە دایکی توشبووەوە بۆ منداڵەکەی، ئیتر یان لە رێگەی مەشیمەوە (دایك بۆ کۆرپەکەی) یان لە رێگەی شیرپێدانی دایکەوە بۆ منداڵەکەی.

٢- گواستنەوەی نەخۆشیەکە بە ئەنقەست (دەستئەنقەست)و دارێژراو.

گواستنەوەی نەخۆشی (نەخۆشی ئایدز لە کەسێکی توشبووەوە بۆ کەسێکی لەش ساغ) بە هەر رێگەو شێوەیەك لە شێوەو رێگەکانی دەست ئەنقەست (بەئەنقەست) ئەوە کارێکی رێپێنەدراو یاساغ‌و قەدەغەکراو حەرامەو، دائەنرێت بە یەکێك لە تاوان‌و گوناهە گەورەکان، کە پێویستە سزای دونیایی وەرگرن، کە ئەم سزایەش جیاوازەو ئەگۆرێ بەپێی گەورەیی کارو کردەوەکەو شوێنەواری لە سەر تاکەکان‌و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە.

ئەگەر مەبەستو نیەتی بە ئەنقەست بوو لە بلاْوکردنەوەی ئەم نەخۆشیە پیسو کوشندەیە لە کۆمەڵگەدا، ئەوا ئەم کارەی دائەنرێت بە جۆرێك لە جەنگو شەڕو کوشتارو خراپەکاری لە سەر زەویدا،

ئەو کاتە یەکێك لە سزاکان کە لە دەقی ئایەتەکانی (شەڕو کوشتار)دا هاتوە ئەیانگرێتەوەو سزا ئەدرێن لەسەری، خوای گەورە ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَى: ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣ ﴾ المائدة: ٣٣

(٣٣) لە راستیدا تۆڵە لەوانەی کە دژایەتی خواو پێغەمبەرکەی دەکەن دەبێ بکرێتەوە (واتە دژایەتی ئاینو بەرنامەکەیو ئیسلام دەکەنو، هەوڵدەدەن کە فەسادو گوناهو تاوان لە زەویدا بلاْوبکەنەوە، ئەوانەیان کە خەڵك بە ناهەق دەکوژن دەبێ بکوژرێنەوە، ئەوانەش کە رێگریو جەردەیی دەکەنو خەڵك دەکوژن، دەبێ لە خاچ بدرێن، ئەوانەش کە تەنها جەردەیی دەکەن، دەبێ دەستو قاچیان بە پێچەوانەوە ببڕدرێتەوە

ئەوانەش کە دزیو شەروالٚ پیسیو گوناهانی تریان لەدەست دەقەومێت دەبێ دور بخرێنەوە لە ناوچەو ولاتی خۆیان ... بێگومان ئەو سزایانە مایەی خەجاڵەتیو ریسواییو شەرمەزارییە بۆیان لە دنیاداو، لە قیامەتیشدا سزایەکی زۆر سەختو دژوار چاوەڕێیانە.

ئەگەر هاتوو نیەتو مەبەستی بەئەنقەست گواستنەوەی نەخۆشیەکە بوو بۆ خودی کەسەکە ، ئەو کاتە رێگەی هێرش بردنی بە زۆری توش ئەبێتو، نەخۆشیەکە ئەگوازرێتەوەو، ئەبێتە هۆی کوشتنی ئەوکەسەی کە نەخۆشیەکەی بۆ گوازراوەتەوە، ئەوکاتە سزا ئەدرێت بەکوشتنەوەی ئەو کەسەی بۆی گواستۆتەوەو، وە ئەگەر نیەتو مەبەستی گواستنەوەی نەخۆشیەکە بوو بە ئەنقەست بۆ خودی کەسەکە، پاشان توشی نەخۆشیەکە بوو، بەلاّم دوای ئەوە کەسی بۆ گوازراوەکە(توشبوەکە) نەمرد، ئەوا کەسی بە ئەنقەست گوێزەر سزا ئەدرێت بە سزایەکی(**سەرنج ڕاکێش**)ی گونجاوو،وە ئەگەر مردن ڕویدا ئەوا ئەبێت وەرەسە خوێنەکەی بدات، بەلاّم ئەگەر مەبەست بە ئەنقەست گواستنەوەی نەخۆشیەکە بوو بۆ خودی کەسەکە، بەلاّم نەخۆشیەکەی بۆ نەگوازرایەوە، ئەوا ئەبێت سزای (**سەرزەنشتی**) بدرێتو وەربگرێ.

٣- لە باربردنی(سك)ی دایکی توشبوو بە نەخۆشی ئایدز:

ڕێکخراوی ئیسلامی بۆ زانستی پزیشکی هەستا بە بەستنی سیمینارێك لە بارە/ لەسەری (خستنەوەی (نەوە، وەچە) لە ژێر ڕۆشنایی ئیسلامدا، لە باسی حوکم (یاسا)ی لەباربردن گەیشتە ئەمەی خوارەوە :

﴿کۆرپە لە سەرەتای دوگیانیدا زیندوە، ژیانی ڕێزلێگیراوە لە هەموو دۆخ و قۆناغەکاندا، بە تایبەتی دوای فووپیاکردنی (روح/ گیان)دا، ئیتر دوابەدوای ئەوە دوژمنایەتی لەگەڵدا بکرێت بە لە باربردنی، مەگەر بۆ زەرورەتێکی گەورەو گرنگی پزیشکی، بۆیە هەندێ لە بەشداربوانی سیمنارەکە رایان پێچەوانەو جیاواز بوو، رایەك دروستە کۆرپەکە لەباربریێت پێش ئەوەی بگاتە چل (٤٠) ڕۆژ، بە تایبەتی لە کاتی بونی پاساو پۆزش و بەڵگە﴾ بۆیە بەشداربوانی سیمینارەکە دیدو تێڕوانینیان ئەوە بوو کە ئەم حوکمە (یاسایە)ش جێبەجێ ئەبێت بەسەر دایکی دوگیانی توشبووی نەخۆشی ئایدزدا.

٤- دایەنگای دایکی توشبوو بە ئایدز بۆ منداڵ (لەدایك بوو)ە ساغ و تەندروستەکەی و شیرپێدانی.

دوای ئەوەی کەوا بەڵگە پزیشکیە ئامادەبوەکان بەڵگە بوون لە سەر ئەوەی کە هیچ مەترسیەکی دوپاتکەرەوە نیە لە دایەنگای دایکی توشبوو بە ئایدز بۆمناڵ(لەدایك بوو)ە ساغ و تەندروستەکەی، حاڵی لەو بارەیەوە حاڵی تیچکەڵی و پێکەوەژیانی ئاساییە، دیدو تێڕوانینی کۆڕوسیمینار ئەوە بو کە

ڕێگری شەرعی نیە کە دایك هەستێ بە لە خۆگرتنی و بەخێوکردنی (لەخۆی بگرێت و بەخێوی بکات)، ئەگەر بکرێ دایانێك هەبێت بۆ شیر پێدانی شیرە خۆرەکە، یان جێگرەوەیەك هەبێت لە باتی شیری دایکەکە کە خۆراکی تەواوو بەس بێت بۆ منداڵەکە.

٥- مافی سەلامەت و دروستی هەریەك لە هاوسەرانە (ژن یان پیاو) کە داوای جیابونەوە بکەن لە یەکتر (هاوسەری توش بوو بە نەخۆشی ئایدز):

لە سیمینارەکەدا بینیان کە بۆ هەریەك لە هاوسەران (ژن یان پیاو) بۆیان هەیە کە داوای جیابونەوە بکەن لە یەکتر (هاوسەر (ژن یان پیاو)ی توش بوو بە نەخۆشی ئایدز، بەو ئیعتبارەی کە نەخۆشی ئایدز نەخۆشییەکی (درم)ەو ڤایرۆسەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی بەیەکگەیشتن و پەیوەندی سێکسیەوە ئەگوازرێتەوە.

٦- مافی ژیانی هاوسەرێتی (کرداری سێکسی و سەرجێیی).

ئەگەر هاتوو یەکێك لە هاوسەران (ژن یان پیاو) توش بوبون بە نەخۆشی ئایدز، ئەوا ئەوەی تریان کە توش نەبوە لە هاوسەران ئەتوانێ کارو کرداری سێکسی و سەرجێیی لەگەڵدا نەکات، چونکە وەك لە پێشتر باسمان کرد کە (پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی سێکسی) هۆکاری سەرەکیە بۆ گواستنەوەی نەخۆشیەکە.

٧- نەخۆشی ئایدز دائەنرێت بە نەخۆشی مردن.

شەرعەن نەخۆشی ئایدز دانانرێت بە نەخۆشی مردن تاوەکو نیشانەکانی بە تەواوی دەرنەکەوێت، تاوەکو نەخۆش بە تەواوی بکەوێ‌و نەتوانێ کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی جێبەجێ بکات بەرەو مردن بڕوات‌و بگات بە مردن.

# کۆتایی

سوپاس‌و ستایش بۆ خوا کە هاوکارو یارمەتی داین‌و، درود سەلات‌و سەلامی بێپایان لە سەر پێشەواو سەرداری مرۆڤایەتی‌و، لەسەر هەموو ئەوانەی کە دوای رێبازەکەی قورئان ئەکەون..

بە ئومێدو هیوای ئەوەی کە خوێنەری بەرێز لای رون‌و ئاشکرا بێت –کە هیچ بوارێك نەماوەتەوە بۆ شك‌و گومان‌و دوودڵی– کە مەبەست لەم کۆڕو سیمینارانە بریتیە لە بڵاوکردنەوەی خراپەکاری‌و بەدڕەوشتی، شکاندن‌و عەیبدارکردنی قیەم‌و رەوشتی پاك‌و بێگەرد کە نیگای خوایی پیرۆز هێناویەتی، کە ئەمەش بۆ خۆی جەنگێکی توندو دژوارە لەسەر ئەخلاق‌و رەوشتی گەلی ئیسلام‌و موسڵمانان کە هیچ گیان‌و بونێکی بەبێ ئەخلاق‌و رەوشت نیە:

وَإِنَّمَا الأُمَمُ الأَخْلاقُ مَا بَقِيَتْ　　　فَإِنَّ هَمُّو ذَهَبَتْ أَخْلاقُهُمْ ذَهَبُوا

بەڵکو لە دوای ئەوە دەرك‌و هەست بکەین بە بەهاو نرخی ئامۆژگاریە پێغەمبەریەکانی پێغەمبەری ئومەتی موسڵمان کە ئەترسێ وخەمیان ئەخوات لەوەی کة تێی بکەون‌و توشیان ببێت (ﷺ) هەروەك لە فەرمودەیەکیدا ئەفەرموێ ﴿ماترکت وبعدی فتنة هي أضر على الرجال من النساء﴾ صحیحی موسلم فەرمودەی ژمارە (٧١٢١).

هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا ئەفەرموێ ﴿...فاتقوا الدنیا واتقوا النساء فإن أول فتنة بنی إسرائیل کانت فی النساء﴾ صحیحی موسلم فەرمودەی ژمارە (٧١٢٤).

بەڵکو فێڵبازو دەستبڕو گزیکارانی شارستانیەتی خۆرئاواو لەوەی کە بانگو بانگەشەی بۆ ئەکەن لە تێکدانو هەڵوەشانی خێزانو کۆمەڵگاو بەد ڕەوشتیو لەشفرۆشیو داوێنپیسیو کە بە دەستی خۆیان (خۆیان) ئەم چارەنوسەیان هەڵبژاردوەو بەردەوامن لەسەری، هەر بۆیە پاداشتی خوایی ئەدرێنەوەو چاوەڕێیانە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ:﴿ وَٱلَّٰتِي يَأۡتِينَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمۡ فَٱسۡتَشۡهِدُواْ عَلَيۡهِنَّ أَرۡبَعَةٗ مِّنكُمۡۖ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمۡسِكُوهُنَّ فِي ٱلۡبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلۡمَوۡتُ أَوۡ يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلٗا ١٥ ﴾

النساء: ١٥

(١٥) ئەو ئافرەتانەی کە داوێن پیسیی دەکەن لە ژنانی کۆمەڵگەکەتان ئێوە چوار شایەتیان لە خۆتان لەسەر بگرن (کە شایەتی بدەن لە کاتی ئەو کردارە ناشەرعیەدا کە دیویانن) ئەگەر چوار کەس کۆك بوون لەسەر ئەو شایەتیدانە، ئێوە ئەو ئافرەتانە لە ماڵدا بەند بکەن هەتا مردن یەخەیان پێ دەگرێت، یان خوای گەورە دەروویەکیان لێ دەکاتەوە (بە تەوبە لێ وەرگرتن یان شەلاق لێدان لە هەردوکیان).

لــه خــوا داوا ئەكــەین كــە هــەولّو تێكۆشــانو مانــدوبونی دڵسـۆزانەمان ببێتـە هۆكـارو پاڵنـەر بـۆ هەسـتانەوەو ژیانـەوەو بەئاگاهاتنـەوەی گـەلو ئومـەت لەسـەر كـەلتورو فەرهـەنگی قـولّو فراوانیانداو ئەخلاقو رەوشتی پتـەو پۆلاٌینیاندا، لـە دیارترینی ئەو رەوشتە جوانانە (شەرمو شكۆو حەیا)یە، چونكە بە راستی حـەیا هـەر هـەمووی خێـرو چـاكەیە هـەروەك چـۆن پێشـەوامان هـەواڵی پێـداوین، بەهـەزاران درودو سـوپاسو سـتایش لەسـەر پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست بێت، لەسەر ئەوانـەش بێت كە شوێن سونەتەكەی ئەكەون تا رۆژی دوایی.

سەرۆكی دەستەی زانایان و

سەرۆكی گشتی كۆمەڵگا شەرعیەكان

لە كۆماری مصری عەرەبی

**ئەندامانی دانیشتنە کاریەکان (ووِرك شوِپ)ەکان کە تاوتویێی ئەم دیدو تێڕوانینەیان کرد و بنیات و بناغەی ئەم دیدگایەیانەیان دارِشت و لە ئەستۆی خۆیانیان گرت.**

١- دەستەی زانایانی کۆمەڵەی شەرعیە سەرەکیەکان (کە پێك هاتون لە ١٥٠ زانا لە دەستەی وانە بێژانی زانکۆی ئەزهەر، کە سەرۆکەکەیان (مامۆستا/ محمدالمختار محمدالمهدی).

٢- ئەنجومەنی ئیسلامی جیهانی بۆ بانگەوازو فریاگوزاری، سەرۆکی نوسینگە لە قاهیرە (مامۆستا/ توفیق الشریف).

٣- یانەی فەتوای مصری (دکتۆر علی جمعە/ موفتی کۆماری).

٤- لیژنەی ئیسلامی جیهانی بۆ (ژن و منالّ) سەرۆك (مامۆستا/ کامیلیا حلمی).

٥- یەکێتی زانکۆ ئیسلامیەکان (مامۆستا/ دکتۆرجعفر عبدالسلام).

٦- دەستەی فریگوزاریە مرۆییەکان لە سەندیکای پزیشکانی مصر، سەرۆك (مامۆستا/ دکتۆر عبدالقادر حجازی).

٧- یەکێتی جیهانی کۆمەڵەکانی پزیشکی. سەرۆك (مامۆستا/ دکتۆر علی مشعل).

٨- مامۆستا/ دکتۆرمحمد رأفت عثمان (ئەندانی کۆمەڵەی توێژینەوەی ئیسلامی).

٩- مامۆستا/ دکتۆر صلاح عبدالمتعال، مامۆستای زانستی کۆمەڵایەتی و راوێژکاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوانەکان.

١٠- مامۆستا/ دکتۆر عبدالمنعم البربری، مامۆستاو سەرۆك بەشی توێکاری و زانستی جینەکان-کۆلێژی پزیشکی- زانکۆی منوفیة.

١١- مامۆستا/ دکتۆر عبدالحمید القضاة، شارەزاو پسپۆری نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان و ئایدز، لە یەکێتی جیهانی کۆمەڵەکانی پزیشکی ئیسلامی (FIMA)

١٢- مامۆستا/ دکتۆرە نجوی عبدالمجید، مامۆستای بۆماوەیی مرۆیی لە ناوەندی توێژینەوەی نەتەوەیی.

**تەواو بوو بەیارمەتی خوای تاک و تەنها**

**سلێمانی/ شەممە ٢٠١٨/٢/١٠**




مشروع وقاية الشباب
الأمراض المنقولة جنسياً
بالتعاون مع الاتحاد العالمي
للجمعيات الطبية الإسلامية
في محافظة السليمانية